

پرۆفیسۆر کامەران ساڵحی:

## ڕیفراندۆم گورزێکی کوشندە بوو لە نەیارانی کورد و هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین جێبەجێی بکەین

# گوڵان


ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٠)- (٢٩)ی تابی ٢٠٢٢

ئەمساڵ ٥٠٠ مۆڵەت بە بەهای ٥٩٨ ملیۆن دۆلار بە سێکتەری پیشەسازی دراوە

لە پلانماندایە کارگەکانی قەتەوی بگوازینەوە و شوێنەکانیان بکەین بە پارکێکی گەورە

لە ماوەی ١١١ ڕۆژدا تەواوی خزمەتگوزارییەکانی ٨ی حەسارۆك تەواو دەبن

## قۆناغی دووەمی شەقامی ١٥٠ مەتری و شەقامی هەولێر- گۆپاڵە پێش سەری ساڵ تەواو دەبن






# ئەنفالی هەشتی بادینان

## ٣١

٢٥ی ئابی ١٩٨٨ تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ ئەم شاڵاو و قۆناغەی ئەنفال لە بادینان، ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێ کرد و تا کۆتایی مانگی ئەیلوول بەردەوام بوو. قۆناغی هەشتەمی ئەنفال لە هەر حەوت قۆناغەکەی تر جیاواز بوو، چونکە لە حەوت قۆناغی ئەنفالدا ڕژێم سەرقاڵی شەڕ لەگەڵ ئێران بوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، هەموو توانا و هێزەکانی تەرخان کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم قۆناغەی ئەنفال و دەرفەتێکی زیاتری لەبەردەم ڕژێم کردەوە لەپێناو جێبەجێکردنی پیلانەکانیدا.

لەم قۆناغەدا لە چەندین شوێن چەکی کیمیایی بەکار هاتووە، وەک گوندەکانی دۆڵی نەهلەی سەر بە ناحیەی دێرەلووک و لە ٢٣ی ئابی ١٩٨٨ لە گوندەکانی شێرانە و یەکماڵە و سارکێ و بیبێ و کۆمەڵگای (کانی)ی کە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمیشدا بوو، ٥٤ کەس بەرکەوتن. لە ٢٤ی ئابی ١٩٨٨دایشدا فڕۆکەکانی ڕژێم لە زۆربەی ناوچەکانی بادینان چەکی کیمیاییان بەکار هێنا، وەک ئامادەکاری بۆ هێرشی زەمینی کە لەبەرەبەیانی ٢٥ی ئابی ١٩٨٨دا دەستی پێ کرد.

هێزەکانی ڕژێم بە چاودێریی ئیستخباراتی عەسکەری لە ناوچەکە مانەوە و بۆ ئەوەی هەموو ئەو گوندانە کە ژمارەیان ٦٣٣ بوون، بە تەواوی تەخت بکرێن، هەروەها لەناوبردنی هەر جۆرە خۆراکێک و هەموو سەرچاوەکانی ژیان و چاندنی مین بۆ ئەوەی هیچ کەس نەتوانێ بچێتەوە ناوچەکە.

# چاپکراوی نوێ




(پرسی زمانی کوردی لە عێراقدا) ناونیشانی کتێبێکی نووسەر، مامۆستا (خەلیل عەبدوڵڵا)یە کە بەم دواییە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەرانەوە.

نوێترین لێکۆڵینەوەی نووسەرە لەسەر پرسی زمانی کوردی لە عیراقدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو توێی کتێبێکی ٧٦ لاپەڕەییدایە، تێیدا لاپەڕە دەستووری و یاساییەکانی نزیکەی یەک سەدەی دەوڵەتی عیراقی هەڵداوەتەوە، چی لە بارەی زمانی کوردییەوە نووسراوە خستوویەتییەڕوو، لەبەر ڕۆشنایی هەموو دەستوور و یاساکانی سەردەمی پاشایەتی و کۆماری و عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان و بەڵگەنامە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان، سەنگ و پێگەی زمانی کوردیی بەیان کردووە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە زمانی کوردی ناسنامە و شکۆی نەتەوەییمانە، پێویستی بە هەوڵ و هیمەتی دڵسۆزانەی هەمووانە بۆ پاراستن و بەرز ڕاگرتنی، نووسەر بەم شێوەیە ئاماژەی بە زمانی کوردی لە لاپەڕە دەستووری و یاساییەکانی عێراق کردووە:

یەکەم: یاسای بنەڕەتیی دەستووری ساڵی ١٩٢٥،، دووەم: یاسای زمانە ناوخۆییەکانی ساڵی ١٩٣١، سێیەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨، چوارەم: پرۆژەی لامەرکەزیی ساڵی ١٩٦٣، پێنجەم: دەستوورەکانی٢٢ و ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤، شەشەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٦٨، حەوتەم: دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٧٠، هەشتەم: پرۆژە دەستووری کۆماری عێراقی ساڵی ١٩٩١، نۆیەم: یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤، دەیەم: دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥، یازدەیەم: یاسای زمانە فەرمییەکان لە عێراق (ساڵی ٢٠١٤)، دوازدەیەم: یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، سێزدەیەم: پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – ٢٠٠٩.

لە کۆتاییشدا نووسەر ئاماژەی بە سەرچاوە پاشکۆکان داوە دەقی ئەو مرۆژە دەستوورانەشی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، ئەرکی دیزاینی ناوەوەی کتێبەکە لەلایەن هاوکارمان شاخەوان جەعفەرو بەرگەکەی لەلایەن ئامانج ئەمین ئەنجام دراوە، بە ناوی گۆڤاری (گوڵان)ەوە دەستخۆشی لە مامۆستای نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

د.پشتیوان حەمە سەعید:



**بە تەواوبوونی ناوچە و شارە پیشەسازییەکان وەرچەرخان لە بووژانەوەی پیشەسازیدا دروست دەبێت**

جەیمس سپێرلێنگ:



**رووسیا لە مەودای درێژخایەندا بازاری ئەوروپای بۆ نەوت و غازە سرووشتییەکەی لەدەست داوە**

ئیدریس ڕەمەزان:




**گۆڕانکاری و بووژانەوەی ئابووری لە گرنگترین دەستکەوتەکانی حکومەتن**

ئەبوباکار باە:



**پێویستە چارەسەری مەحەلی و مرۆیی بۆ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگیرێتەبەر**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالّح عومەر**
**شەمالّ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالّح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان رەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

دلێر عەبدوڵڵا حەسەن:



## لە سیستمی پەروەردەدا دەست بە گۆڕانکاری و چاکسازی بەرچاو کراوە

## خانمان لە پێشوازیی بەستنی کۆنگرەی ١٤ی پارتیدا خوازیاری پێگەی باشترن



## جیاوازیی نێوان سەرئێشە و شەقەسەر





## پاوەربانکی جانتای پیاوی ئاسنی



## یادی هونەرمەندان و سەرنجێک

فەرهەنگ غەفور



ئاسیا عەزیز:

## یاریزانەکانی کوردستان هەمیشە پێشەنگن و ئەنجامی باشیان بەدەستە



# ڕیفراندۆم گورزێکی کوشندە بوو لە نەیارانی کورد درا

## هەر کاتێک بمانەوێت دەتوانین جێبەجێی بکەین



ڕیفراندۆم مافێکی سرووشتی و یاسایی هەموو میللەتانی جیهانە. ئەو میللەتانەی ژێردەستەن و لەلایەن میللەتێکی دیکەوە دەچەوسێندرێنەوە و وەکو هاوولاتیی پلەیەك و هاوبەش لە حوکمڕانیدا مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت، دەتوانن لە ڕێگەی پرۆسەیەکی مەدەنییەوە پیادەی ئەو مافە سرووشتییەی خۆیان بکەن و، بە ڕیفراندۆمێکی میللی لە حوکمە چەوسێنەر و بیانییەکان دەربازیان بێت.

**ڕیفراندۆمەکەی میللەتی کورد و کوردستانییەکان کە لە ٢٠١٧ ئەنجامیان دا، دەرئەنجامی زوڵمێکی مێژوویی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بوو، دەرئەنجامەکەشی بەڵگەنامەیەکی مێژووییە و هەر دەمێنێت**

ڕیفراندۆمەکەی میللەتی کورد و کوردستانییەکان کە لە ٢٠١٧ ئەنجامیان دا، دەرئەنجامی زوڵمێکی مێژوویی زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بوو، دەرئەنجامەکەشی بەڵگەنامەیەکی مێژووییە و هەر دەمێنێت، خۆ ئەگەر دەرفەتێکی دیکەی باش هەڵبکەوێت، دەتوانرێت دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بە «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی» بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بەکار بهێنرێت، یان هەر هیچ نەبێت، لەم قۆناغەدا ڕیفراندۆمەکە بۆ گەیشتن بە کۆنفیدراڵییەت بەکاری بهێنین.

**کورد بە ڕابەرایەتیی بارزانی لە ڕیفراندۆمدا ئەو شەرمەی شکاند کە پێشتر بە ترس و دڵەڕاوکێ و شەرمەوە داوای مافی سەربەخۆییمان دەکرد**

کورد بە ڕابەرایەتیی بارزانی لە ڕیفراندۆمدا ئەو شەرمەی شکاند کە پێشتر بە ترس و دڵەڕاوکێ و شەرمەوە داوای مافی سەربەخۆییمان دەکرد، لە ئێستادا دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە و بەدەستهێنانی زۆرینەی هەرە زۆری دەنگی «بەڵێ بۆ سەربەخۆیی»، هیچ کەس و لایەن و حکومەتێکیش ناتوانێت دەنگی میللەت و ئیرادەی گەل لە ڕیفراندۆمدا پشتگوێ بخات و بڵێت کاتی بەسەرچووە، تەنانەت ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵیی عێراقیش کە دژی ڕیفراندۆمەکە دەرچوو، بڕیارێکی نایاسایی بوو. ڕیفراندۆم دەنگی زوڵاڵی نەتەوەی کوردە و هەڵناوەشێتەوە و ناتوانرێت بگۆڕدرێت، مەگەر بە ڕیفراندۆمێکی دیکە نەبێت، ئەمەش مەحاڵە هیچ کورد و کوردستانییەك نایەوێت لە ڕیفراندۆمێکی دیکەدا بەڵێ بۆ سەربەخۆیی ڕەت بکاتەوە، بگرە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی دیکەش مەحاڵە لە کاتێکدا هەر خۆی لە خۆیدا ڕیفراندۆمەکە بۆ «سەربەخۆیی» جێبەجێ نەکراوە.

**ئەگەر گرووپێکی خیانەتکار لە پشتەوە چەقۆی ژەهراوییان لە پێشمەرگە و گەلی کورد نەدایە، هەرگیز کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانمان لەدەست نەدەدا**

سەرۆك بارزانی وەکو مەرجەعی کورد لە



**پ.د.کامەران ساڵحی**
پرۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی سۆران
بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕیفراندۆمدا ئەو هەقیقەتەی باش دەزانی کە کاتی ڕیفراندۆمەکە زۆر گونجاو بوو لە ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی هەبوو، کوردستانییەکانیش بە جیاوازیی بۆچوونی حزبی و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و ئایینزاکانەوە پاڵپشتی بوون. واتە سەربەخۆیی ویستی زۆرینەی هەرە زۆری گەلی کورد و کوردستانییەکان بوو بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە، دەرفەتێکی مێژوویی و زێڕین بوو بە پێچەوانەی حەز و مەرامی نەیاران و خیانەتکارانەوە، دەنگی «بەڵێ»ی هاووڵاتیانی کورد لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەلمێنەری کوردستانییەتی ئەو ناوچانەیە.

بە هەموو پێوەر و یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان ڕیفراندۆم کارێکی باش بوو هەرچەندە لە دوای ڕیفراندۆمەکە جیهانی بەناو ئازاد نەك هەر بە دەنگ داواکاریی خەڵکی کوردستان و حەز و ویستیانەوە نەهاتن، بگرە هاوپەیمانەکانیش پشتیان تێکردین، بەڵام هەموو کوردێك لە شارەکانی کوردستان ئامادەیی خۆبەختکردن و پشتگیریکردنی ڕیفراندۆمی تێدا بوو لەبەردەم هێرش و پەلاماردانەکانی میلیشیاتە چەکدارە بیانی و ناوخۆییەکان کە هۆکاری سەرەکیی نەبوونی پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی بوو. ئەگەر گرووپێکی خیانەتکار لە پشتەوە چەقۆی ژەهراوییان لە پێشمەرگە و گەلی کورد نەدایە، هەرگیز کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانمان لەدەست نەدەدا، بەتایبەتی ئەو کاتیش هەندێك لە هاوپەیمانەکان بە شەرمەوە دەیانگوت ڕیفراندۆم کاتی نەهاتووە، بڕوای تەواویان بەوە هەبوو کورد میللەتێکی جیاوازە لە عێراق و ئارەزووی هەیە بە سەربەخۆیی و ئازادی بە جیاواز لە عێراق بژی، لەگەڵ ئەمەشدا بە هەموو پێوەرەکان ڕیفراندۆم ١٠٠٪ سەرکەوتوو بوو، گورزێکی کوشندە بوو لە نەیارانی گەلی کورد درا و بووە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی هەر کاتێك بمانەوێت دەتوانین جێبەجێی بکەین. ڕاستە دەرئەنجامی ڕیفراندۆمەکە بە هۆی پاڵپشتی نەکردنی هاوپەیمانەکان و پیلان و مەرامی حکومەتەکانی ناوچەکەوە جێبەجێ نەکرا، بەڵام

بۆ یەکەمینجار گەلی کورد تامی خۆشیی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکە و نزیکبوونەوەی لەسەربەخۆیی چێژت، لە گەیاندنی پەیامەکە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتانی ناوچەکە سەرکەوتوو بووین، بەوەی چیتر کورد خوازیار نییە لە چوارچێوەی عێراقێکی تائیفی و مەزهەبی و داردەستی دەرەکی بمێنێتەوە و، هەر جارەو بە بیانوو و پاساوێك کۆمەڵکوژ بکرێت. ژیان لە چوارچێوەی عێراقدا زۆر قورسە، «نە ئێمە ئەوانمان دەوێت و نە ئەوان ئێمەیان دەوێت»، خۆهەڵخەڵەتاندنە بە ناوی فیدراڵیەتێکەوە کە کەس بڕوای پێی نەماوە، لەم زیندانەدا بمێنینەوە، سیستەمی فیدراڵییەت شکستیان پێ هێنا و دەرکەوتیش بۆ ئێمە لەبار نییە، ئەوەتا دوای دادگای فیدراڵی و هێرشەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بۆ سەر کەرتی بژێوی و دابینکەری مووچەی هاوڵاتیان دێت، کە نەوت و گازەکەی کوردستانە، داواکارییەکانی هەموارکردنەوەی دەستووریش بۆ گەڕانەوەی مەرکەزییەت و حوکمی هاوشێوەی بەعسە لەدژی کورد. بارزانی ڕاستی گوتووە «عەقڵییەتی حوکمڕانانی عێراق مەرکەزییە و پاشاکشەیە لە فیدڕاڵییەت.» ئەوان بڕوایان بە حوکمی سەنترالیزم هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی هەموو عێراق و کوردستان و داهاتەکەی، هەر وەکو جاران کورد بە هاووڵاتیی دەرەجە دوو دەزانن، ئەوەتا ئەم هەموو کێشە و ململانێ ناوخۆییەیان هەیە، کەچی لە دژایەتیکردنی کورد و ڕەتکردنەوەی مافەکانی کۆڵ نادەن و هاوکۆکن و سەرچاوەی کێشەکانیشیان دەخەنەوە سەر ملی کورد، لە کاتێکدا حوکمڕانیی عێراق بە سوننە و شیعەوە فاشیل بوون و کوردیان قەتڵوعام کردووە و لە ئەزموونی حوکمڕانییاندا سەرکەوتوو نەبوون و، تا دێت بەرەو کارتۆناتی مەزهەبی و مافیایی و میلیشیات دەچن، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە بارزانی دیپلۆماسیەت و پەیوەندییەکانی خۆی بە ئاراستەی ئەو هەقیقەتە ببات، کە چیتر گەلی کورد و کوردستانییەکان ناتوانن لەناو ئەو دەوڵەتەدا بژین کە عەقڵی لۆژیك و مەنتیقی تێدا نەماوە و ئەڵقەلەگوێی دوژمنانی کوردن، دەبێت بەرەو کۆنفیدڕاڵی یان سەربەخۆیی

**بۆ یەکەمینجار گەلی کورد تامی خۆشیی سەرکەوتنی ڕیفراندۆمەکە و نزیکبوونەوەی لەسەربەخۆیی چێژت، لە گەیاندنی پەیامەکە بۆ حکومەتی عێراق و حکومەتانی ناوچەکە سەرکەوتوو بووین، بەوەی چیتر کورد خوازیار نییە لە چوارچێوەی عێراقێکی تائیفی و مەزهەبی و داردەستی دەرەکی بمێنێتەوە**

**داواکارییەکانی هەموارکردنەوەی دەستووریش بۆ گەڕانەوەی مەرکەزییەت و حوکمی هاوشێوەی بەعسە لەدژی کورد**

**ئێمەیان وا زەلیل کردووە، ئەوەیە کە لە ناوخۆماندا یەکگرتوو نین و زۆر لە لایەنە سیاسییەکان کە بەرژەوەندیی ئەم و ئەویان هەیە، دژ بە هێزی گەلی کوردستان ڕادەوەستنەوە**

هەنگاو بنێین و پشتگیریمان بکەن. بۆ شەرم بکەین لە داوکارییەکانی خۆمان و هەر لەناو چوارچێوەی دەوڵەتێکی فاشیلدا بمێنینەوە و سەرقاڵی شەڕی داردەستەکانیان بین؟ ڕۆژێك بە ناوی دادگای فیدراڵی و ڕۆژێك بە ناوی وەزارەتی نەوت و وەزارەتی دارایی و ڕۆژێك بە ناوی بودجە و پەرلەمان و ڕۆژێك بە ناوی میلیشیاتی چەکدار و ڕۆژێك بە هێرشی مووشەکی بالیستی و ڕۆکێت و درۆن و ڕۆژێك بە بڕینی بودجەی قووتی خەڵکی.. ئەوەی ئێمەیان وا زەلیل کردووە، ئەوەیە کە لە ناوخۆماندا یەکگرتوو نین و زۆر لە لایەنە سیاسییەکان کە بەرژەوەندیی ئەم و ئەویان هەیە، دژ بە هێزی گەلی کوردستان ڕادەوەستنەوە، لە کاتێکدا بێ مەرجەع هەرگیز ئەو هێزە دروست نابێت، هەموو میللەتێك پێویستی بە مەرجەعییەت هەیە، ئێمەی کوردیش مەرجەعییەتەکەمان هەیە، بەڵام هەندێك دوای قسەی کەسانێکی بەرژەوەندیخوازی بەکرێگیراو کەوتوون.

سەرۆك بارزانی وەکو کەسایەتییەکی کاریزما و بەتوانا و خاوەن ئەزموون و خاوەن مێژوویەکی پاك و باوەڕپێکراو لەلایەن هاوپەیمانەکانمانەوە بمانەوێت و نەمانەوێت مەرجەعی گەلی کورد و کوردستانییەکانە، ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی عێراق و ناوچەکەو جیهاندا کورد و بارزانی دوو هاوکێشەی تەواوکەریی جیانەکراوەن، کات یاوەرمان نییە و زۆرمان لەبەردەستدا نییە، بارزانی-یە کە دەتوانێت ئەم میللەتە مەزڵوومە بگەیەنێتە کەناری ئارامی، باشە ئەوانەی دەیانگوت ڕیفراندۆم هەڵە بوو ئەی بەدیلی ڕیفراندۆم چییە؟ ئەمە حاڵی ئێمەیە چەقۆیەکیان خستووەتە سەر ملمان و بێشەرمانە هەر ڕۆژەی بە فیت و مەرامی کەسانی قین لەدڵ، فیتنە و ئاشووبمان بۆ دەنێنەوە و ڕۆژێك بودجەمان دەبڕن و ڕۆژێك نەوت و ڕۆژێك لەت لەتمان دەکەن بۆ ئەوەی پێمان بوێرن و دوو ئیدارەیی دروست دەکەن.

مەسعود بارزانی وەکو مەرجەعی کورد و پارتی وەکو حزبی یەکەمی کوردستانی کە سەرقافڵەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و نەتەوەییە، دەبێت لەو قاڵبی شەرمە دەربچن و لە مەسەلەی نەتەوەیی و نیشتمانی سازش بۆ هیچ حزبێك نەکەن. لە مێژوودا هەروا بووە و مەرجەع و سەرکردەکان لەناو خەڵکەوە دەرکەوتوون و خەڵکی گوێڕایەڵیان بووە، بەڵام دەبێت هەرچی هێز و بیر وئایدیۆلۆژیەتی نامۆ هەیە لەم قۆناغەدا کە زیان بە هزری نەتەوەیی و چارەنووسی ئەم گەلە دەگەیەنێت، لەناو ببرێت، هەروەکو چۆن دەبێت گەندەڵکارانیش بە زەبری یاسا و هێز سزا بدرێن.

ئەزموون و وانەکانی ڕیفراندۆم پێمان دەڵێن گەورەترین شکست بە سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانی بۆ نەبوونی هێزێکی تۆکمە و یەکگرتووی پێشمەرگە و سەنتەرێکی بەهێزی ئابووری و سیاسی دەگەڕێتەوە، دەبێت ئەمڕۆ هەولێر ئەو ناوەندە بێت کە هەمووان شانازی پێوە دەکەین و تا دێت لە ڕووی ئاسایشی خۆراکی و ئاسایشی ئاو و هێزی نەرم و هێزی ڕەقەوە ئەوەندە تۆکمە و بەهێز بین، دوژمنە گەورەکانی ناوچەکە حیسابی وردمان بۆ بکەن.

ئێستا هەلێکی لەبارە بۆ بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی ئابووریی سەربەخۆ و بەکارهێنانی نەوت و گاز بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوخۆ و لە دەرەوەش نابێت چیتر ئەو پەرش و بڵاوییەی دیپلۆماسییەتی کورد لە هەر دوو کیشوەری ئەورووپا و ئەمریکا بەردەوام بێت. دەبێت قسە و دروشمەکانمان بکەینە کردار و لە بەرامبەر کەسانی خۆفرۆش و گەندەڵکار و خیانەتکار توند بین. جێی سەرسوڕمانە هەیە لە حکومەت بەشدارە، کەچی لەسەر سۆشیال میدیا ڕەخنە لە حکومەت دەگرێت! لە دونیا کوا شتی وا هەیە؟ ئەگەر حکومەتەکە گەندەڵە، دەبێت لە حکومەت بکشێتەوە، حزب حکومەت دادەمەزرێنێت و دەبێت پاڵپشتیی حکومەت بکات، نەك لە حزب دژایەتیی حکومەت و لە حکومەتیش بەشداریی لە پۆست و کار و داهاتدا بکات. کورد باشترین دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووە و ئەگەر ئەم دۆخەی عێراق هەروا بەرەو خراپی بڕوات، دەبێت هەلەکە بقۆزینەوە و خۆمان لەم عێراقە بێسەروبەرە و پڕ پشێوییە دەرباز بکەین.

**هەموو میللەتێک پێویستی بە مەرجەعییەت هەیە، ئێمەی کوردیش مەرجەعییەتەکەمان هەیە، بەڵام هەندێک دوای قسەی کەسانێکی بەرژەوەندیخوازی بەکرێگیراو کەوتوون**

**ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی عێراق و ناوچەکەو جیهاندا کورد و بارزانی دوو هاوکێشەی تەواوکەریی جیانەکراوەن**

**دەبێت هەرچی هێز و بیر وئایدیۆلۆژیەتی نامۆ هەیە لەم قۆناغەدا کە زیان بە هزری نەتەوەیی و چارەنووسی ئەم گەلە دەگەیەنێت، لەناو ببرێت، هەروەکو چۆن دەبێت گەندەڵکارانیش بە زەبری یاسا و هێز سزا بد**


مەسعود بارزانی
بارزانی
و
بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازی کورد
بەرگی پێنجەم
ڕاپەڕین،
دەرفەت و ئاستەنگەکان
١٩٩١ - ٢٠٠٢
چاپی یەکەم
حوزەیرانی ٢٠٢٢

# ڕاپەڕین
# دەرفەت و ئاستەنگەکان

## لە هاتنی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق بۆ کوردستان هەتا گێڕانەوەی شەرعییەت و دەست بەکاربوونەوەی پەرلەمان

## ١٩٩٢- ١٩٩٦

بەشی دووەم



**ئەو پێشوازییەی فەرەنسا لە شاندی بەرەی کوردستانی هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پیشاندانی بایەخی بەرەی کوردستانی لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ عێراق چاوەڕێی دەکران**

**بەرەی کوردستانی چ لە ڕاپەرین و چ لە دوای ڕاپەرین و دامەزراندنی نەوای ئارام، ئەوەی سەلماند کە توانای ئەوەی هەیە، ببێتە جێگرەوەی دامەزراوەکانی ڕژێمی عێراق و ئیدارەیان بکات، لەمەش زیاتر تێکڕای گەلی کوردستان پشتگیری دەکرد**

لەدوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە لە ٢ی ئابی١٩٩٠، هەموو جیهان لەسەر ئاستی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دژی داگیرکاریی عێراق بۆ کوێت ڕاوەستانەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ «سەرکۆنەکردن، سەپاندنی سزای زۆر قورس، داواکردن بۆ کشانەوەی دەستبەجێ و بێ مەرج، دانانی دوایین وادە بۆ کشانەوە» دژی ڕژێمی سەدام حسێن دەرکران، لەمەش زیاتر بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و بەندی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا بۆ دەرکردنی سوپای عێراق بە زەبری هێز لە کوێت پێکهات.

ئەم بارودۆخە تازەیە کۆمەڵێك ئەگەری بە کراوەیی هێشتەوە و دەوڵەتانی هەرێمییش «سووریا، ئێران، مسیر و سعودیە» بیریان لەوە دەکردەوە چۆن دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە عێراقدا بپارێزن، بۆ ئەمەش سەرەتا «سووریا و ئێران» دەستیان بە جووڵە کرد و بیریان لە دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کردەوە و سعودیە و کوێتیش بەشدار بوون لە دامەزراندنی بیرۆکەی ئەم بەرە فراوانەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش بایەخ بە بەرەی کوردستانی دەدرا و بۆ یەکەمین جار بوو لە دوای ئەم ڕووداوانە فەرەنسا بە فەرمی بانگهێشتی بەرەی کوردستانی بکات.

سەرۆك بارزانی لە بەرگی پێنجەمی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نووسیویەتی: «هەر لە چوارچێوەی هەوڵەکاندا حکومەتی فەرەنسا بانگهێشتی بەرەی کوردستانی کرد بۆ ئەو وڵاتە، ڕۆژی ١٩ی ئەیلوولی ١٩٩٠ شاندی بەرەی کوردستانی سەردانی فەرەنسای کرد، شاندەکە پێکهاتبوو لە: مام جەلال، موحسین دزەیی، سامی عەبدولڕەحمان، دکتۆر مەحموود عوسمان. ئەوە یەکەم جار بوو کە فەرەنسا پێشوازی لە شاندی بەرەی کوردستانی بکات.

ئەو پێشوازییەی فەرەنسا لە شاندی بەرەی کوردستانی هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ پیشاندانی بایەخی بەرەی کوردستانی لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ عێراق چاوەڕێی دەکران، بۆیە لێرەوە لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتییش، بەرەی کوردستانی وەك لایەنێکی سەرەکی لەناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی حیسابی بۆ دەکرا. لەمبارەیەوە سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی:
«لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ مام جەلال لە سووریاوە نامەیەکی بۆ ناردم کە ناوەڕۆکەکەی ئەمە بوو:

١. کێشەی سەرەکی لە قۆناخی جێگرەوەیە بۆ ڕژێم.

٢. ئەمریکا لەسەر دوو پێشنیار و ئەگەر کار دەکات:

ا- کودەتای سەربازی کە پلانی میسر و سعودیەیە.

ب- ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کە بەرنامە و پلانی ئێران و سووریایە و سعودیەش لاری نییە لەسەری».

هەر لەناو ئەم نامەیەدا لەلایەن مام جەلال و مامۆستا عەزیز محەمەدەوە داوایان لە سەرۆك بارزانی کردبوو، کە ئەویش سەردانی دەرەوەی وڵات بکات، بۆ ئەوەی پێکەوە سەردانی وڵاتان بکەن، بەڵام سەرۆك بارزانی وەڵامی دابوونەوە کە لەم کاتەدا ناکرێت کوردستان بە جێبهێڵێت و سەرقاڵی ڕاپەراندنی کاروبارە ناوخۆییەکان و خۆئامادەکردن بوو بۆ ڕاپەرین.

لەگەڵ ئەوەی هەتا ڕۆژی ٣ ی ئاداری ١٩٩١ کە شاندی سەربازیی عێراق لەژێر چادرەکەی سەفوان ئاگربەستی لەگەڵ شاندی سەربازیی هاوپەیمانان ئیمزا کرد و پابەندبوونی خۆی بە هەموو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ڕاگەیاند، هیچ کام لە هەوڵە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان نەیانتوانی «لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراق» لە کۆبوونەوەیەکدا پێکەوە کۆبکەنە و لەسەر جێگرەوەی ڕژێمی سەدام ڕێك بکەون، بەڵام بەرەی کوردستانی چ لە ڕاپەرین و چ لە دوای ڕاپەرین و دامەزراندنی نەوای ئارام، ئەوەی سەلماند کە توانای ئەوەی هەیە، ببێتە

جێگرەوەی دامەزراوەکانی ڕژێمی عێراق و ئیدارەیان بکات، لەمەش زیاتر تێکرای گەلی کوردستان پشتگیری دەکرد، بەتایبەتی کە دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق لە مانگەکانی کۆتایی ساڵی ١٩٩١ دامەزراوەکانی لە کوردستان کشاندەوە و بەرەی کوردستانییش نەك هەر توانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، بەڵکو توانی هەڵبژاردن لە کوردستان ئەنجام بدات و بە شێوەیەکی یاسایی و دیموکراتییانە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت، ئەم هەنگاوە سەرکەوتووانە وای کرد، نەك لایەنی کوردستانی ببێتە بەشێك لە پرۆسەی دامەزراندنی بەرەیەکی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بەڵکو بووە ئەو ئومێدەی کە پێویستە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کوردستانەوە دەست بکات بە خۆڕێکخستنەوە و دۆزینەوەی سیستمێکی تازە بۆ جێگرتنەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراقدا.

### ● کۆنگرەی ڤییەنا وەك سەرەتایەك بۆ کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق «INC»

یەکێك لەو هۆکارانەی کە بوونە هۆکاری ئەوەی جورج بوشی باوك پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق نەکات و چاوپۆشییش لە ڕژێمی عێراق بکات بۆ سەرکوتکردنی دڕندانەی ئەو خۆپیشاندانانە، نەبوونی سیستمێك بوو بۆ جێگرەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش بە «ئیسلامی سوننە و شیعە و لایەنە قەومی و عەلمانییەکان»، بەرنامەیەکیان نەبوو بەوەی دەبێت سیستمی سیاسیی عێراق دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن چی بێت.

لە بەرامبەردا دوای ئەوەی لە سەرەتای نیسانی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر پێشنیاری سەرۆك فرانسۆ میتران و حکومەتی فەرەنسا بڕیاری ٦٨٨ی نێودەوڵەتی دەرکرد و پاشانیش لەسەر داوای جۆن مێجەر نەوای ئارام لە کوردستان دامەزرا و، لەمەش زیاتر بەرەی کوردستانییش سەلماندی بەوەی دەتوانێت جێگرەوەیەکی دیموکراتی و پەرلەمانی بێت لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا هەوڵەکانی بەریتانیا و ئەمریکاش بۆ کۆکردنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەستی پێکرد و لە ڕۆژانی ١٦ تا ١٩ی حوزەیرانی ١٩٩٢ لە ڤییەنای پایتەختی وڵاتی نەمسا کۆنگرەیەك بەڕێوە چوو و لەم کۆنگرەیە سەبارەت بە مافی گەلی کوردستان بڕیار درا کە «دان بە مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا دەنێن، بە مەرجێك لە عێراق جیا نەبنەوە». پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا سەرۆك مسعود بارزانی بەم ڕستە «لاستیکییەی» ئۆپۆزسیۆنی عێراق ڕازی دەبێت کە زۆر تەفسیری جیاواز هەڵدەگرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەو گوتارانەی سەرۆك بارزانی دەدۆزینەوە کە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ بە گەلی کوردستانی دەدا و بریتی بوون لە:

١. دەستکاریی لە دروشمی «ئۆتۆنومی بۆ کوردستان و دیموکراتی بۆ عێراق» ناکرێت، هەتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گڵۆپی سەوز بۆ سیستمێکی تازە لە عێراقدا هەڵنەکات.

٢. بەشداری هیچ پرۆژەیەك بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام نابین، هەتا نەزانین سیستمی جێگرەوەی ئەو ڕژێمە چییە و چۆن مامەڵە لەگەڵ مافەکانی گەلی کوردستان دەکات.

بێگومان لە کاتی هەڵمەتەکان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ بە هەزاران چاودێری بیانی لە کوردستان بوون و چاودێریی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانیان کردووە، هەر تیمێکی چاودێریش ڕاپۆرتی تایبەتیی خۆی نووسیوە و، بینوویانە وێڕای ئەوەی هەموو پارتە بەشداربووەکانی ئەو هەڵبژاردنە دروشمی زۆر قەبەتریان لە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرز کردبووەوە و، لەمەش زیاتر وێڕای ئەنجامدانی ئەو ساختەکارییە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکەدا، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردن بەوجۆرە بوو کە زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەنگیان بە «سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان» داوە، ئەمەش وای کرد کە جیهان بەگشتی و ئەمریکا و بەریتانیا بەتایبەتی هیچ گۆڕانکارییەك لە عێراقدا بەبێ بوونی «مسعود بارزانی» ناکرێت و سەرکەوتوو نابێت. هەر مانگێك دوای کۆنگرەی ڤییەنا و لە ڕۆژی ٢٤ی تەمموزی ١٩٩٢ ئەمریکا لە ڕێگەی کۆنیل ویلسۆن بەرپرسی «MCC»ئەم پەیامەی کۆشکی سپی بۆ سەرۆك بارزانی ناردووە و پێی ڕاگەیاندووە: «ئەمریکا

**یەکێك لەو هۆکارانەی کە جورج بوشی باوك پشتگیریی خۆپیشاندانەکانی باشووری عێراق نەکرد و چاوپۆشییش لە ڕژێمی عێراق کرد بۆ سەرکوتکردنی دڕندانەی ئەو خۆپیشاندانانە، نەبوونی سیستمێك بوو بۆ جێگرەوەی ڕژێمی سەدام حوسێن**

**ئەگەر سەرنج لە دووربینی و بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بدەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ماوەی ٢٤ تەمموز ١٩٩٢ هەتا ١ی ئەیلوولی ١٩٩٢ چ وەرچەرخانێکی گەورەی لە دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و عێراق و ناوچەکە دروست کردووە**



ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بانگهێشت کردووه بۆ واشینگتۆن، سەرکردایەتیی ئەمریکا داوا دەکات کە مسعود بارزانییش لەگەڵ شاندەکە بێت، ئەمریکا زۆر لای گرینگە «مسعود بارزانی» ئامادە بێت، چونکە دەزانین چ کاریگەرییەکی لە کوردستان هەیە».

بە ناردنی ئەم پەیامە لە کۆشکی سپییەوە، سەرۆك بارزانی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمریکا جددییە لەوەی کە کورد بەشێکی سەرەکی بێت لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە عێراقدا، بۆیە زۆر بە دڵخۆشی پەیامەکەی ئەمریکای قبووڵ کرد و سەردانی واشنتۆنی کرد و لە یەکەم کۆبوونەوەشی لەگەڵ جیمز بیکەری وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی ئەمریکا، وەرچەرخانێکی گەورەی لە بڕگەکانی کۆنگرەی ڤییەنا دروست کرد و پێشنیاری «سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق»ی پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد و، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بەیانی فەرمی ڕایگەیاند «ئێمە دژی هیچ سیستمێك نابین کە عێراقییەکان خۆیان هەڵیبژێرن».

ئەگەر سەرنج لە دووربینی و بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بدەین، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوێت کە لە ماوەی ٢٤ی تەمموز ١٩٩٢ هەتا ١ی ئەیلوولی ١٩٩٢ چ وەرچەرخانێکی گەورەی لە دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و عێراق و ناوچەکە دروست کردووە، کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ بکەین:

١. توانی بە پێشنیاری «سیستمێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی بۆ عێراقی دوای سەدام»، پشتیوانیی گەورەترین دەوڵەتی جیهان بۆ بەرەوپێشەوەبردنی دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە دەست بهێنێت.

٢. هەر لەو ماوەیەدا و بە شاهیدی بەرپرسانی ئیدارەی جۆرج بوشی باوك و سەنات و کۆنگرێس، لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە سیستمی فیدراڵی و تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان لە عێراقدا قەناعەت پێ بکات.

٣. هەر لەم ماوەیەدا زەمینەسازی کرد

بۆ ئەوەی یەکەمین کۆنگرەی «کۆنگرەی نیشتمانیی عێراقی» لە ڕۆژانی ٢٧-٣٠ی ئەیلوولی ١٩٩٢ لە هاوینە هەواری پیرمام (سەلاحەددین) بە سەرکەوتوویی گرێ بدات و لە ڕۆژی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٩٢ کۆنگرە سیستمی فیدراڵی وەك جێگرەوە بۆ دوای ڕژێمی سەدام حوسێن پەسەند کرد.

٤. سەرۆك بارزانی دوای گەڕانەوەی لەم سەردانە سەرکەوتووەی لە ئەیلوولی ١٩٩٢ لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی کرد و ڕایسپاردبوون کە بڕیاری فیدراڵی کاری لەسەر بکەن، هەر بۆیە دوای ئەوەی کۆنگرەی نیشتمانیی عێراق لە ٣٠ی ئەیلوول «سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق» پەسەند کرد، پەرلەمانی کوردستانیش لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ بڕیاری فیدراڵیزمی وەك یەکێك لە بڕیارە مێژووییەکانی بۆ چارەنووسی گەلی کوردستان پەسەند کرد.

ئەم سەرکەوتنە گەورانە کە هەمووی بەو نەخشە ڕێگەیە هاتنەدی کە سەرۆك بارزانی لە ٢٣ی ئاداری ١٩٩١ لە کۆیە ڕایگەیاند، دەبێت شەرعییەتی شۆڕشگێڕی کۆتایی بێت و ئیرادەی گەلی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بێ وێنە بوون، بەڵام زۆر بەداخەوە پەکەکە چاوی بەم سەرکەوتنانە هەڵنەهات و، هەوڵیان دا پەرلەرمانێکی کارتۆنی لە هەندەران بە ناوی «KNK» دابمەزرێنن و لەمەش خراپتر وەك داردەستی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان هەر لە سەرەتاوە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و چەندین شەڕی نەخوازراویان بەسەر ئەم ئەزموونەدا سەپاند، کە ئەویش هەر بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ئەو شەڕ و مەترسییانە دوور خرانەوە.

### • خۆڕاگری و پشتیوانیی گەلی کوردستان هۆکاری سەرکەوتنی ئەزموونی دیموکراتییەکەمان بوو

هەموو ئەو سەرکەوتنە گەورانەی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ی بەرهەم هێنا و پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هێنایە دەنگ و، لەوەش گەورەتر دوای ئەوەی حکومەتی عێراق دامودەزگانی کشاندەوە و بەرەی کوردستان سەرکەوت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر هەموویان بەرهەمی خۆڕاگری و پشتیوانیی ئیرادەی گەلی کوردستانن و ئەگەر ئەو ئیرادە و پشتیوانییە نەبوایە بەرەی کوردستانی ئەو سەرکەوتنانەی بەدەست نەدەهێنا. لەسەر ئەم پرسە سەرۆك بارزانی زۆر بە ویژدانەوە باسی ئەوە دەکات و ڕاشکاوانە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە لەو سەردەمەدا هەموو سامانی بەرەی کوردستانی تەنیا «یەك ملیۆن و دووسەد هەزار دۆلار» بووە و، کوردستان لەژێر دوو ئابلۆقەی «عێراق و نێودەوڵەتی»دا بووە و، ئەو ئیمکانیەتەی لەبەر دەستی بەرەی کوردستانی بووە، نەك هەر ئەو ئیمکانیەتە نەبووە کە بتوانێت دامەزراوەکانی کوردستانی پێ هەڵبسوورێنێت، بەڵکو ئەوەندەش نەبووە کە کاروبارەکانی بەرەی کوردستانییشی بە باشی پێ هەڵبسووڕێت، لەناو ئەم بارودۆخەدا سەرۆك بارزانی بارودۆخی زانکۆی سەلاحەددینمان بۆ باس دەکات کە ئەوکات تەنیا زانکۆ بووە لە کوردستاندا و ئاماژەی بەوە کردووە کە مامۆستایانی کوردستان هەر لە مامۆستایانی پەروەردەوە تا خوێندنی باڵا وەك پێشمەرگە ڕووبەڕووی بارودۆخەکە بوونەوە و نەیانهێشت پرۆسەی خوێندن لە کوردستان بوەستێت. باس لەوەش دەکات کە لەو سەردەمە سەختەدا ڕۆژێك دکتۆر خەسرەو شاڵی و ژمارەیەك مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین سەردانی سەرۆك بارزانی دەکەن و پێی دەڵێن: «بارودۆخەکەمان ئەوەندە سەختە، ئەگەر هیممەتێك نەکەیت، پرۆسەی خوێندن لە زانکۆی سەلاحەددین ڕادەوەستێت»، لەوەڵامیشدا سەرۆك بارزانی دەڵێت: «دەتوانم چیتان بۆ بکەم؟» مامۆستاکانیش داوا دەکەن «تەنیا پێداویستییە تەکنیکییەکان کە پێویستی بە بڕی ١٠٠ هەزار دیناری عێراقی هەیە، ئەگەر ئەوەمان بۆ پەیدا بکەیت، خوێندن بەردەوام دەبێت»

ئەگەر سەرنج لەسەر ئەم داوا سادەیەی زانکۆ تاقانەکەی کوردستان بدەین کە داوای تەنیا ١٠٠ هەزار دیناری سویسریان کردووە کە بۆ ئەو کاتە شتێك کەمتر یا زیاتر لە «٢٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی» نەبووە.

**سەرۆک بارزانی لە ٢٣ی ئاداری ١٩٩١ لە کۆیە ڕایگەیاند، دەبێت شەرعییەتی شۆڕشگێڕی کۆتایی بێت و ئیرادەی گەلی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات**

**پەکەکە چاوی بەم سەرکەوتنانە هەڵنەهات و هەوڵیان دا پەرلەرمانێکی کارتۆنی لە هەندەران بە ناوی «KNK» دابمەزرێنن و لەمەش خراپتر وەک داردەستی وڵاتانی داگیرکاری کوردستان هەر لە سەرەتاوە کەوتنە دژایەتیکردنی ئەزموونی دیموکراتی هەرێمی کوردستان و چەندین شەڕی نەخوازراویان بەسەر ئەم ئەزموونەدا سەپاند**

ئەو كات دەزانین سەرۆك و مامۆستایانی زانكۆیەكی وەك زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر، ئەو ئیرادەیەیان هەبووە كە تەنیا بە «٢٠٠٠ دۆلار» زانكۆیەك بەڕێوە بەرن، بەوەش بۆمان دەردەكەوێت چ ئیرادەیەكی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە لە دەوری بەرەی كوردستانی هەبووە، هەر بۆیە دوای خستنە ڕووی ئەم داوا سادەیە، دیارە لە ناخەوە ئازاری ویژدانی سەرۆك بارزانی داوە، بۆیە لە بەرپرسی دارایی بەرەی كوردستانی دەپرسێت: «هەموو پارەی بەرەی كوردستانی چەندمان هەیە؟» لە وەڵامدا پێی دەڵێت: «تەنیا یەك ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار»، دوای ئەوە سەرۆك بارزانی داوا دەكات نیوەی ئەو پارەیەی بۆ بهێنن و دەیداتە زانكۆی سەلاحەددین بۆ ئەوەی ئەو تاقە زانكۆیەی هەمانە، ڕانەوەستێ.

لەمەش زیاتر ئەگەر لەسەر هەمان ئیمكانیەتی بەرەی كوردستانی، سەرنجێك لە ئیمكانیەت و بودجەی یەكەمین پەرلەمان و حكومەتی كوردستان بدەین، دەبێت ئەوان چەندیان لەبەر دەست بووبێت، بێگومان با گریمانەی ئەوە بكەین، ئیمكانیەتی بەرەی كوردستانی لە كاتی دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كورستان ١٠ هێندەی ئەو كاتە بووبێت كە سەرۆك بارزانی ئاماژەی پێ كردووە و كە هەمووی دەكاتە « ٢ ملیۆن دۆلار»، پرسیار ئەوەیە: قەوارەیەكی دەوڵەتی وەك «هەرێمی كوردستان» كە ئەو كاتیش ژمارەی دانیشتووانی لە ٣ ملیۆن كەس زیاتر بووە، ئەگەر ئیرادەی خەڵكی كوردستان نەبێت، ئایا قەوارەیەكی دەوڵەتی بە تەنیا ١٢ ملیۆن دینار دادەمەزرێت و بەڕێوەدەچێت؟ لەمەش زیاتر وەك سەرۆك بارزانی لە كتێبەكەیدا باسی دەكات، زانكۆیەكی دیكە لە پارێزگای دهۆك بە ناوی «زانكۆی دهۆك» بیر لە دامەزراندنەوەی دەكرێت، لەسەر ئەم پرسە سەرۆك بارزانی نووسیویەتی: «لە هاوینی ١٩٩٢ دكتۆر عیسمەت محەمەد خالید و ژمارەیەك مامۆستا پرۆژەیەكیان خستە ڕوو بۆ دامەزراندنی زانكۆی دهۆك، هەر چەندە دامەزراندنی زانكۆیەك لە دهۆك خەونێكی گەورە بوو، بەڵام دڵنیا نەبووم توانای مرۆیی و زانستی پێویست هەبێت. بەڵام دوای گفتوگۆیەكی ورد و بابەتییانە قەناعەتیان پێ هێنام كە ئەو توانایە هەیە و دەكرێت. لە دایشتنەكەدا هەستم كرد مامۆستایان متمانە و بڕوابەخۆبوونێكی بەهێزیان هەیە. بەبێ دوودڵی داواكەیانم پەسەند كرد، دواتر ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕانەوە: «كابرایەك چووبووە سەر گۆماوێك و سەتڵی ماستی لەگەڵ خۆی بردبوو، ناو بەناو قاپێ ماست و قاپێك ئاوی تێكەڵ دەكرد و دەیڕژاندە ناو گۆمەكە، كابرایەكیش لێی پرسی: ئەوە سەرقاڵی چیت؟ كابراش وەڵامی دایەوە: بەنیازم ئەم گۆمە بكەم بە ماستاو، كەسەكە پێی گوت: كاكی خۆم نابێت، كابراش وەڵامی دایەوە: دەزانم نابێت، بەڵام ئەگەر بوو دەزانی چی ڕوودەدات!».

ئەم بەسەرهاتەی كە سەرۆك مسعود بارزانی بۆ مامۆستایانی دهۆكی گێڕایەوە كە پرۆژەی زانكۆی دهۆكیان بۆ هێنابوو، ئەوەمان پێ دەڵێت كە ئیرادەی گەل مەحاڵ دەكاتە مومكین و ئەو موعجیزەیە دەخوڵقێنێت كە هیچ كەسێك توانای نیە بیری لێ بكاتەوە، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی وەك پێدانی وانەیەك بە هەموومان، لەو كتێبەدا ئەوەمان پێ دەڵێت: «ئەگەر ئیرادەی میللەتت لەگەڵ بوو، هیچ دوژمنێك ناتوانێت بمانشكێنێت».

### ● گۆڕینی كابینەی حكومەت گۆڕانكارییەكانی ساڵی ١٩٩٣

لە ٤ی تەممووزی ١٩٩٢ پەرلەمانی كوردستان متمانەی بە یەكەم كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا كە تیایدا دكتۆر فوئاد مەعسووم سەرۆك وەزیران و د. ڕۆژ نووری شاوەیس جێگری سەرۆك وەزیران بوون، لە ماوەی تەممووزی ١٩٩٢ تا ئاداری ١٩٩٣، پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان ببوونە جێگەی ئومێد و خۆزگەی گەلی كوردستان و، وێڕای بێئیمكانیەتی، بەڵام كاروبارەكانی حكومەت زۆر بە باشی بەڕێوە دەچوون و پەرلەمانی كوردستانیش بە دەیان یاسا و بڕیاری گرنگی پەسەند كردبوو، كە لە سەرووی هەموویانەوە بڕیاری «فیدراڵی» بوو، قۆناخێكی باشی تەباییش هاتبووە ئاراوە و بیر لەوە دەكرایەوە

**ئەو ئیمكانیەتەی لەبەر دەستی بەرەی كوردستانی بووە، نەك هەر ئەو ئیمكانیەتە نەبووە كە بتوانێت دامەزراوەكانی كوردستانی پێ هەڵبسوورێنێت، بەڵكو ئەوەندەش نەبووە كە كاروبارەكانی بەرەی كوردستانییشی بە باشی پێ هەڵبسووڕێت**

**سەرۆك و مامۆستایانی زانكۆیەكی وەك زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر، ئەو ئیرادەیەیان هەبووە كە تەنیا بە «٢٠٠٠ دۆلار» زانكۆیەك بەڕێوە بەرن، بەوەش بۆمان دەردەكەوێت چ ئیرادەیەكی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕانە لە دەوری بەرەی كوردستانی هەبووە**

کە هەنگاوی گەورەتر هەڵبگیردرێت، بەڵام وەك سەرۆك بارزانی لە بەرگی پێنجەمی کتێبەکەی ئاماژەی پێ کردووە «لە ئاداری ١٩٩٣ مام جەلال بە سەرۆك بارزانی گوتووە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە گوشارێکی زۆری لەسەرە بەوەی د.فوئاد مەعسووم سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگۆڕێت بە کۆسرەت ڕەسووڵ، سەرۆك بارزانی ئاماژە بەوە دەکات «ئەم داوایەی جیگەی سەرسوڕمانی من بوو، دوای دوو ڕۆژ کۆسرەت هاتە لام و دوای کرد پشتگیری بکەم، لەوەڵامدا پێم ڕاگەیاند ئەوەی لە توانامدا بێت، دریغی ناکەم، هەروەها پێمگوت ئێمە لەگەڵ گۆڕینی وەزارەت نین، بەڵام با تەعدیلی وەزاری بکرێت».

ئەگەر بندێڕی ئەم قسانە بخوێنینەوە، دەبینین سەرۆك بارزانی داواکەی مام جەلالی بۆ گۆڕینی د.فوئاد مەعسوم بە کۆسرەت ڕەسوولی زۆر لاسەیر بووە، ئەمەش بەو مانایەی کاتێك سەرۆك وەزیران دەگۆڕێت، یان تەعدیلی وەزاری دەکرێت کە کێشە و ئاستەنگێك هەبێت، بەڵام لەو کاتەدا کە مەکتەبی سیاسیی یەکێتی ئەم داوایەی کردووە، دیارە لەژێرەوە بەرنامەیەکیان هەبووە بۆ ئەوەی ڕەوشی کوردستان ئاڵۆز بکەن، بەتایبەتی کە هەستیان بەوە کردبوو، پارتی یەکگرتن «پاسۆك، حسك، پارتی گەل» بەرنامەیان ئەوەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان یەك بگرن و خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکەن، پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی خۆی ببەستێت، لەمەش زیاتر هەستیان بەوە کردبوو کە خەڵکی کوردستان زیاتر لە پارتی دەچنە پێشەوە تا یەکێتی و زیاتر پشتگیری لە هەڵوێستەکانی پارتی دەکەن، بەتایبەتی کە بینییان سەرۆك بارزانی بە دروشمی «ئۆتۆنومی» بەشداریی هەڵبژاردنی کوردستانی کرد و هەر لەسەر ڕاسپاردەی خۆیشی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری «فیدراڵی» پەسەند کرد. ئەم هەڵوێستە نیشتمانی و نەتەوەییانەی ببووە جێگەی سەرسامیی تەواوی خەڵکی کوردستان بە هەڵوێستەکانی سەرۆك بارزانی.

**● کۆنگرەی ٩٠ساڵەی بارزانی و کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێنانەوەی تەرمی نەمران**

لە دوای ڕاگەیاندنی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرقاڵبوونی یەکێتی بە کابینەی نوێوە و بەرنامەی و پلانی تازەیان بۆ میلیتاریزەکردنی حکومەت، لەبەرامبەردا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقاڵی ئەم کارانە بوو:

١. پارتی لە کۆبوونەوە و وتووێژێکی گەرم بوو لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی یەکگرتن و هەروەها چەندین کەسایەتیی سیاسی دیکە وەك عەلی سنجاری لە «پارتی یەکێتی دیموکراتی» هەروەها جەلیل فەیلی لە «حرکە المسلمين الفيليين» کە ئەوانیش لە کۆنگرەی ١١ی هاتنە ناو ڕیزەکانی پارتی.

٢. لەسەر ئاستی ناوخۆی پارتی، پارتی لە خۆئامادەکردندا بوو بۆ ئەوەی ئامادەسازی بۆ کۆنگرەیەکی گەورە بکات.

٣. پارتی لە خۆئامادە کردندا بوو بۆ هێنانەوەی تەرمی نەمران «مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی» کە لە ئێرانەوە بۆ کوردستان بگەڕێندرێنەوە.

٤. کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و سیاسەتمەداری گەلەکەمان، پڕۆژەیەکیان ئامادەکردبوو بۆ گرێدانی کۆنگرەی ٩٠ ساڵەی لەدایکبوونی مستەفا بارزانی.

٥. لە دوای ئەنجامدانی ئەم پڕۆژانە هەمووی بە سەرکەوتوویی، لە مانگی تشرینی دووەمەوە سەرۆك بارزانی سەردانی تەواوی دەڤەرەکانی کوردستانی کرد، بۆ سوپاسکردنیان لەسەر ئەو پێشوازییە بێ وێنەی لە ڕوفاتی تەرمی نەمران لە تشرینی یەکەم کردبوویان.

ئەم پێنج ڕووداوە گرنگەی سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا بە تێر و تەسلی ئاماژەی پێ کردوون، ئەوەمان پیشان دەدەن کە سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان لە مانگی ئاداری ١٩٩٣ کە کابینەی حکومەت گۆڕا، هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ تەنیا سەرقاڵی پڕۆژەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون و لەمەش زیاتر شەخسی سەرۆك بارزانی بەرنامەی بەو جۆرە بووە کە هاوپەیمانییەکی

**سەرۆک بارزانی لە بەرپرسی دارایی بەرەی کوردستانی دەپرسێت: «هەموو پارەی بەرەی کوردستانی چەندمان هەیە؟» لە وەڵامدا پێی دەڵێت: «تەنیا یەک ملیۆن و ٢٠٠ هەزار دۆلار»، دوای ئەوە سەرۆک بارزانی داوا دەکات نیوەی ئەو پارەیەی بۆ بهێنن و دەیداتە زانکۆی سەلاحەددین بۆ ئەوەی ئەو تاقە زانکۆیەی هەمانە، ڕانەوەستێ**

**بارزانی بەرنامەی بەو جۆرە بووە کە هاوپەیمانییەکی ستراتیژی و پتەو لەگەڵ مام جەلال گرێ بدات و پێکەوە ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنن، بەڵام وەک کۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٣ دەری دەخەن و تۆمار کراون، یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرقاڵی ئەوە بووە کە حکومەت کۆنترۆڵ بکات و وەزارەتی پێشمەرگە بکات بە «یەکە»یەکی سەربازی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**



ستراتیژی و پتەو لەگەڵ مام جەلال گرێ بدات و پێکەوە ئەو قۆناخە سەختە تێپەڕێنن، بەڵام وەك كۆی ڕووداوەكانی ساڵی ١٩٩٣ دەری دەخەن و تۆمار كراون، یەكێتی نیشتمانی كوردستان سەرقاڵی ئەوە بووە كە حكومەت كۆنترۆڵ بكات و وەزارەتی پێشمەرگە بكاتە بە»یەكە»یەكی سەربازی یەكێتی نیشتمانی كوردستان.

### • شەڕی یەكێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئیسلامی ٢٢ تا ٢٥ ی كانوونی یەكەمی ١٩٩٣

لە دوای كۆنگرەی ١١ی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەككگرتنی «پارتی و یەككگرتن» و هاتنی چەندین تێكۆشەر و كەسایەتیی سیاسی بۆ ناو پارتی، ئیدی ڕوون بووەوە كە هاوسەنگیی هێز لەنێوان پارتی و یەكێتی نەماوە، ئەگەر كەشەكە ئارام و سەقامگیر بێت، ئەوا دەبێت یەكێتی لە گۆڕەپانەكە شاهیدی لەسەر شكستی خۆی بدات، بۆیە بڕیاریان دابوو كە بە زەبری هێز و كودەتای سەربازی پرسەكە یەكلایی بكەنەوە و شەڕی بزووتنەوەش سەرەتای دەستپێكردنی ئەو پلانە بوو كە بۆ ئەو مەبەستە دایانڕشتبوو. لەسەر ئەم پرسە سەرۆك بارزانی لە كتێبەكەیدا بەمجۆرە ئاماژەی پێ كردووە: «لە ٢٠ی كانوونی یەكەمی ١٩٩٣ بۆ كۆبوونەوەیەكی گرنگ لە ماڵی مام جەلال میوان بووین. لەكاتی نانخواردن بروسكەیەك بۆ مام جەلال هات، شڵەژا، كە بروسكەكەی پیشاندام نووسرابوو «ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە ڕانیە هێرشیان كردووەتە سەر بارەگاكانی یەكێتی و محەمەد سوڵتان ئەندامی «مەڵبەندی شەش» و چەند ئەندامێكی دیكەی یەكێتی كوژراون و، ژمارەیەك لە ئەندامانی پارتییش لەگەڵ بزووتنەوە بەشدار بوون».

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم بروسكەیە بكەین كە سەرۆك بارزانی لە كتێبەكەیدا ئاماژەی پێ كردووە، بێگومان نەیانزانیوە ئەو بروسكەیە كاتێك دەگاتە دەستی مام جەلال كە سەرۆك بارزانی و مەكتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ مام جەلال و مەكتەبی سیاسیی یەكێتی لە ماڵی مام جەلال لە كۆبوونەوەیەكی گرنگدان، هەروەها نەشیانزانیوە كە مام جەلال

بروسکەکە دەداتە دەستی سەرۆك بارزانی. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بروسکەکە ڕاشکاوانە هەڕەشەیە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان و تۆمەتبارکردنیەتی بە شتێك کە لە بنەڕەتدا بوونی نییە و ئاماژەیە بۆ نییەت خراپیی یەکێتی بەرامبەر پارتی و هەروەها ئاماژەیە بۆ نییەت خراپی بۆ تێکدانی بارودۆخی سەقامگیری و حوکمڕانی لە کوردستاندا، لێرەوە بزانین بڕیار بوو چۆن ئەم پرسە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و پاشان مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کرد، بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێ دەکەین:

● هەتا سەرۆك بارزانی و مەکتەبی سیاسیی پارتی لە ماڵی مام جەلال بوون، بڕیار بووە هەوڵ بدرێت ئەم کێشەیە ئاڵۆزتر نەکرێت و بە ئاشتییانە چارەسەر بکرێت، دوای ڕۆیشتنی ئەوان مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆبوونەوەیەکی دیکەیان ئەنجام داوە و بڕیاریان داوە شەڕ لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی بکەن.

● ئەو بەرنامەیە هەبووە کە مام جەلال ڕۆژی ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ سەردانی سووریا بکات، سەرۆك بارزانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو لەو قەناعەتە بووە کە دوای ئەم ڕووداوە سەفەرەکەی دوا دەخات، بەڵام دوای نانخواردنی نیوەڕۆ بە هەمموو لایەکی ڕاگەیاندووە «خواحافیز»، یانی سەفەر دەکەم. ئەمەش مانای ئەوەیە پێداگریی مام جەلال لەسەر سەفەرەکەی و گوێنەدانی بەو ڕووداوە ترسناکە، ئاماژەیەکە دەبێت هەڵوەستەی زۆر لەسەر بکرێت.

● سەرۆك بارزانی ئاماژەی بەوە کردووە، جەبار فەرمان کە ئەو کات وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ڕاستەوخۆ بێ پرسکردن هێزێکی لەگەڵ خۆی بردووە لەگەڵ ئەو چەك و تەقەمەنییەی لە وەزارەت هەبوون، کە ئەوە موڵکی حکومەت بووە و حکومەتەکەش حکومەتی هاوبەشی پارتی یەکێتی بووە، ڕۆژی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ شەڕەکە دەستی پێکرد و زۆر بە خراپی لە بزووتنەوەیان دا و ئەوانەشی خۆیان تەسلیم کرد گوللەبارانیان کردن.

● یەکێتی بەم شەڕە زۆر لە خۆبایی ببوو و تەنانەت لە ڕادیۆکەیانەوە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، «ئەوەشی چەکدارانی بزووتنەوەی ئیسلامی پەنا بدات، وەك بزووتنەوەی ئیسلامی مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.» ئەمەش هەڕەشەیەکی دیکە بوو بۆ پارتی، بێ ئەوەی ناوی بهێنرێت.

● لەسەر داوا و پێداگریی سەرۆك بارزانی، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی مامۆستا مەلا عوسمان ڕابەری بزووتنەوەی ئیسلامی و خێزانەکەیان گواسترانەوە بۆ هاوینە هەواری پیرمام، سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژە بەوە دەکات لەبەر ئەوەی لەلایەن جەبار فەرمانەوە ئەوەندە سووکایەتی پێ کرابوو، تا سێ ڕۆژ شەرمم لە ریشە سپییەکەی دەکرد، سەردانی بکەم.

● لەسەر ئەو سەرپێچییەی جەبار فەرمان وەك وەزیری پێشمەرگە کە ئەو شەڕەی بەو سەختی و دڕندەییە ئەنجامدابوو، سەرۆك بارزانی داوای کردووە کە بگۆڕێت، بەڵام مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خەڵاتیان کرد و بۆ چەند مانگێك ناردیان بۆ هەندەران .

دوای ئەوەی ئەم هەموو ڕووداوە ناخۆشانە ڕوویان دا و ئەو قوربانییە لەو شەڕە خۆکوژییەدا کەوتەوە، لەمانگی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ مام جەلال گەڕایەوە بۆ کوردستان، کە ئەو هاتەوە شەڕەکە ڕووی داوە و ئەوەی یەکێتی ویستوویەتی کردوویەتی، بەڵام لەژێر گوشار و داواکاریی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سەرۆك بارزانی ڕازی دەبێت لە ١٦ی شوباتی ١٩٩٤ بە ئامادەبوونی ئەحمەد چەلەبی ڕێککەوتنی ئاشتی لە نێوان یەکێتی و بزووتنەوە ئەنجام بدرێت و لەلایەن بزووتنەوە مامۆستا مەلا عوسمان و لەلایەن یەکێتی مام جەلال ئیمزای دەکەن و سەرۆك بارزانی و ئەحمەد چەلەبییش وەك شاهید ئیمزای لەسەر دەکەن.

یەکێتی بەو سەرکەوتنەی بە چەك و تەقەمەنیی وەزارەتی پێشمەرگە بەسەر بزووتنەوەی ئیسلامیدا تۆماری کرد، بە شێوەیەك لەخۆبایی کردبوون کە پێیان وابوو، دەتوانن بە هێز و کودەتای سەربازی دەست بەسەر هەمموو کوردستاندا بگرن و پارتییش لەناو بەرن.

**جەبار فەرمان کە ئەو کات وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، ڕاستەوخۆ بێ پرسکردن هێزێکی لەگەڵ خۆی بردووە لەگەڵ ئەو چەك و تەقەمەنییەی لە وەزارەت هەبوون، کە ئەوە موڵکی حکومەت بووە و حکومەتەکەش حکومەتی هاوبەشی پارتی یەکێتی بووە، ڕۆژی ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣ شەڕەکە دەستی پێکرد و زۆر بە خراپی لە بزووتنەوەیان دا و ئەوانەشی خۆیان تەسلیم کرد گوللەبارانیان کردن**

**لەسەر ئەو سەرپێچییەی جەبار فەرمان وەك وەزیری پێشمەرگە کە ئەو شەڕەی بەو سەختی و دڕندەییە ئەنجامدابوو، سەرۆك بارزانی داوای کردووە کە بگۆڕێت، بەڵام مەکتەبی سیاسیی یەکێتی خەڵاتیان کرد و بۆ چەند مانگێك ناردیان بۆ هەندەران**

## ● هەڵگیرسانی شەڕی خۆکوژی جەولەی یەکەمی شەڕەکە

لە مانگی نیسانی ١٩٩٤ هیچ گرژی و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی و لەناو حکومەتیشدا بەو شێوەیە بوونی نەبوو کە بۆنی ئەوەی لێ بێت، شەڕێکی خوێناوی و خۆکوژی لە نێوان پارتی و یەکێتی دروست ببێت. نووسەری ئەم دێڕانە ئەو کات لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان کاری دەکرد، لە ناوەڕاستی مانگی نیسانی ١٩٩٤ سەرقاڵی ئەوە بووین کە وەك سەندیکاکانی بەرەی کوردستانی یادێکی گەورەی جەژنی کرێکارانی جیهان لە یەکی ئایاردا لە یاریگای خۆجێی سلێمانی بکەینەوە و، تەنانەت لەو ڕۆژەدا ئاگاداری ئەوەش نەبووین کە کێشیەك، یان شەڕێك لە قەڵادزێ ڕووی دابێت، بۆیە پێشتر ئێمە بانگهێشتی تەواوی بەرپرسانی پارتی لە سنوورەکەمان کردبوو و پێشتر چووبووینە یاریگای خۆجێی سلێمانی بۆ ئەوەی پێشوازی لە میوانەکانی جەژنی کرێکارانی کوردستان بکەین، کاتێك بینیمان لیوایەکی تایبەتی یەکێتی هاتە ناو یاریگاکە و دەستیان کرد بە لێدانی ئەو خەڵکانەی کە ئاڵای پارتییان بە دەستەوە بوو، ئاڵاکانی پارتییشیان دڕاند و خستیانە ژێر پێیانەوە، کە ئەم ڕووداوەمان بینی، لە یاریگا هاتینە دەرەوە بۆ ئەوەی لقی چوار ئاگادار بکەینەوە، بینیمان بەرپرسەکانی پارتییش زۆر ئاسایی خەریکە دێنە ژوورەوە بۆ ناو یاریگاکە و پێدەچوو ئەوانیش ئاگایان لە هیچ نەبووبێت. ئەم گێڕانەوەیە لە پێناوی ئەوە بوو پیشانی بدەین کە وەك هەڵوێستی فەرمی هیچ کێشەیەکی گەورەی ئەوتۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی نەبوو، بەڵام یەکێتی بە دوای بیانوویەکدا دەگەڕا کە شەڕێکی سەرتاسەری لەگەڵ پارتی دروست بکات.

سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە عەلی حەسۆ میرخان لەگەڵ نزیکەی ٢٥ پێشمەرگە بەبێ ئاگاداری ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و چەند دووکانێك سەردانی قەڵادزێ دەکات و دەیەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵام دیارە لەوێ بە لووتبەرزی مامەڵەیان کردووە و سووکایەتییان پێ کردووە و ڕێگەیان پێ گیراوە و دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی لەوە ئاگادار دەکرێتەوە، بروسکەیەکی زۆر توند بۆ عەلی حەسۆ میرخان دەکات و داوای لێ دەکات دەست بەجێ بگەڕێتەوە، بەڵام دیار بوو کە ڕێگەیان لێ گرتووە و لەو سەروبەندەدا تەقە دەست پێدەکات و چەند گەنجێك لە شەڕەکە تێوەگلێنران و ژمارەیەکیان شەهید بوون، بۆیە بروسکە بۆ ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لقی ڕانیە و مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی ڕانیە دەکات و هەروەها بروسکەش بۆ مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەکات، بۆ ئەوەی بارودۆخەکە کۆنتڕۆڵ بکرێت و شەڕی گەورە ڕوونەدات، بەڵام دیارە یەکێتی ئەو بەرنامەیەی هەبووە، کەچی بە سەر بزووتنەوەی ئیسلامی هێنا، هەمان شت بەرامبەر بە پارتی دووبارە بکاتەوە، هەر بۆیە ڕۆژی ٢ی ئایاری ١٩٩٤ هەرچی هێزیان لەو ناوچەیە هەبوو، کۆیان کردەوە و بەرەو قەڵادزێ جووڵەیان پێ کرا. عەلی حەسۆ میرخان و ئەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵی بوون، هەموویان دەچنە بارەگای ناوچەی قەڵادزێ و بە پێشمەرگەکانی عەلی حەسۆ میرخانیشەوە ژمارەیان هەر ٥٠ پێشمەرگە دەبوون و دوای ئەوەی هێرش دەکەنە سەریان، هەتا نیوەڕۆ بەرگری دەکەن و، لەوەدوا تەقەمەنییان پێ نامێنێت و ناچار دەبن خۆبەدەستەوە بدەن. عەلی حەسۆ میرخان یەکێك دەبێت لە دیلەکان و زۆر دڕندانە شەهید دەکرێت و دوای ئەویش ٢٣ پێشمەرگەکەی دیکەش گوللەباران دەکەن، کە زۆربەیان خزم و کەسوکاری عەلی حەسۆ میرخان بوون.

ئەم شەڕەی لە ٢ی ئاداری ١٩٩٤ لە قەڵادزێ و ڕانیە ڕووی دا و سەرەنجام لقی ١١ی پارتی دیموکراتی کوردستانیش داگیرکرا و سووتێنرا. سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە «لەسەر داوای مەکتەبی سیاسی ڕۆژی ٣ ئایاری ١٩٩٤ کۆبوونەوەیەك لە مەسیف سەڵاحەددین کرا.» ئەم کۆبوونەوەیە وەك سەرۆك ئاماژەی پێ کردووە بۆ ئەوە بووە کە ڕێگە لە شەڕی دیکە بگیرێت، بەڵام هێشتا کۆبوونەوەکە تەواو نەبووە، کە بە بروسکە سەرۆك بارزانی ئاگادار دەکرێت، هێزەکانی یەکێتی دەوری هەموو بارەگاکانی پارتییان لە سنووری سلێمانی و گەرمیان گرتووە. دواى

**سەرۆک بارزانی لە دوای کۆتاییهاتنی جەولەی یەکەمی شەڕی خۆکوژی، جارێکی دیکە بڕیار و بەرنامەی بەو جۆرە بوو کە ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا بکرێت و لە بری ئەوەی هێزەکانی پارتی و یەکێتی تەقە لە یەکتری بکەن، پێکەوە لە یەک سەنگەردا کوردستان بپارێزین**

**مام جەلال زۆر بە گەرمی پێشوازی لە پێشنیارەکەی پارتی دەکرد، بەڵام هاوکات لە لایەکی دیکەوە هێزی دەهێنایە ناو هەولێر بۆ ئەوەی ئەمجارەیان هەولێر داگیر بکات**

کۆبوونەکە سەرۆك بارزانی هەوڵێکی زۆر دەدات بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ملازم عومەر بکات، بەڵام دیار بوو خۆی لە وەڵامدانەوەی سەرۆك بارزانی دەدزییەوە و دەیانگوت لێرە نییە، بەڵام وەك لە کتێبەکەی وەك دیکۆمێنتێك ئاماژەی پێ کردووە و نووسیویەتی «دواتر هەر ملازم عومەر خۆی گوتبووی: پێم شەرم بوو قسەی لەگەڵ بکەم، چونکە بڕیار درابوو بارەگای لقی چوار بگیرێت و بسووتێنرێت، من هیچم پێ نەدەکرا، بۆیە خۆم دزییەوە و قسەنەکردن ئاسانتر بوو.»

دوای ئەوەی لە دەڤەرەکانی «ڕاپەرین، سلێمانی، گەرمیان» کە بێجگە لە بارەگای سێ لق و دەیان ناوچە و سەدان ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان داگیرکران و سووتێنران و تاڵان کران و بە سەدان کادر و پێشمەرگەی پارتی شەهید کران و بە هەزارانیش سووکایەتییان پێ کرا، ئێوارەی ٣ی ئایاری ١٩٩٤ سەرۆك بارزانی ئەم پەیامە ئاراستەی گەلی کوردستان دەکات کە لە بەشێکیدا هاتووە: «هەرچەندە زوڵمێکی زۆر لە پارتی کراوە، لەم ڕووداوانەی دوو سێ ڕۆژی ڕابردوو لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە و سلێمانی و لەبەر ئەوەی چارەنووسی گەلی کورد لە مەترسییەکی یەکجار گەورەدایە و بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی دڵتەزێن ڕوونەدات، داوا دەکەم هێمنی بپارێزن و شەڕ بوەستێنن، دەستبەجێ داواکارم سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆببنەوە بۆ دیراسەی ئەم وەزعە و چارەسەرکردنی».

هەتا ئێرە سەرۆك بارزانی دەیەوێت ئەو شەڕە خۆکوژییە ڕوونەدات و هەوڵ بدرێت کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام دیارە پلانی یەکێتی بۆ لەناوبردنی پارتی و بنەماڵەی بارزانی لەوە ترسناکترە کە سەرۆك پێشبینی کردووە، بۆیە کۆسرەت ڕەسوڵ هێزێکی گەورە دەبات بۆ مەسیف و بەشێکی لە کۆمیتەی یەکێتی لە مەسیف سەلاحەددین دادەنێت و بەشێکی لەگەڵ خۆی دەبات بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و دوو سەرکردەی دیکەی یەکێتیش بە ناوەکانی «مام ڕۆستەم و شەوکەتی حاجی» بە ژمارەیەك چەکدارەوە خۆیان دەکەن بە مەکتەبی سیاسیی پارتیدا، بۆیە ئیدی مەبەستەکە بە تەواوی ئاشکرا دەبێت و پارتی ناچار دەبێت، ڕیوشوێنی پێویست وەربگرێت بۆ ئەوەی کار لە کار نەترازێت و دوای ئەوەش ئیدی کۆمیتەی مەسیف دەگیرێت و بەرپرسەکەی بە ناوی حاجی مەسیفی بە دیل دەگیرێت و پاشان ئازاد دەکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵ دەدەن چیای سەفین و دەربەندی کۆڕێ بگرن بۆ ئەوەی مەسیف سەڵاحەددین گەمارۆ بدەن.

ڕووداوەکانی شەڕی خۆکوژی لەگەڵ ئەوەی زۆر ناخۆشن، بەڵام وەك سەرۆك بارزانی بۆمانی دەگێڕێتەوە، مەکتەبی سیاسیی یەکێتی زۆر بە باشی دیراسەتی نییەتپاکیی سەرۆك بارزانییان کردووە و زانیویانە کە هێزی پێویستیش بۆ پاراستنی مەکتەبی سیاسی پارتی لە مەسیف سەڵاحەددین بوونی نییە، هەر بۆیە دوای ئەوەی بە تەواوەتی نییەتی یەکێتی بۆ پارتی ئاشکرا دەبێت، سەرۆك بارزانی فەرمان دەکات دوو هەزار پێشمەرگەی سوپای یەك بێن بۆ ناوچەکە و هەزاریان بۆ ناو مەسیف و هەزارەکەی دیکەشیان بۆ بەرزاییەکانی میراوەی پشتی شەقڵاوە بۆ ئەوەی پیلانەکەی یەکێتی سەرکەوتوو نەبێت.

ئەم هەموو شەڕ و کاولکارییە لە کوردستان ڕوویان داوە، مام جەلال هەر لە دەرەوەی وڵاتە و بە گرنگی نازانێت بگەڕێتەوە و هەتا ڕۆژی دووی حوزەیرانی ١٩٩٤ گەڕایەوە هەولێر و ڕۆژی ٥ی حوزەیران سەرۆك بارزانی ئامادە دەبێت لەگەڵ مام جەلال لە هۆتێلی شیرین پالاس لە هەولێر بە ئامادەبوونی کۆنگرەی نیشتمانی کۆببێتەوە و سنوورێك بۆ ئەم شەڕە خۆکوژییە دابنرێت و لەگەڵ ئەوەی لەناو کۆبوونەوەکە هەموویان پێشوازی لە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی دەکەن، بەڵام هەفتەیەك لە دوای ئەم هەوڵە کارەساتی ١٣ی حوزەیرانی خوێناوی لە سلێمانی ڕوودەدات و هێزەکانی یەکێتی دەستڕێژی گوللە لەو جەماوەرە دەکەن، کە لەگەڵ تەرمی شەهید عوسمانی قادر منەوەر دەبن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی لە گۆڕستان، لەم کارە دڕندانەیەش ٢٢ هاووڵاتی شەهید بوون و ٥٠ هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون.

لە ماوەی جەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆ هێزەکانی سنووری سلێمانیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵەبجە خۆیان ڕێکخستەوە و لەگەڵ ئەوەی کۆبوونەکانی نێوان پارتی و

**پارتی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی و کارەساتی یەکێتی ناچار بوو دووبارە دەست بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بکات و بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی لەشکری کوردستان «ف. ل .ک» دامەزرا و بەمەش توانرا سنوور بۆ پێشڕەوییەکانی یەکێتی دابنرێ**

**لە دوای داگیرکردنی شاری هەولێر، سەرۆک بارزانی مەرجی «چۆڵکردنی هەولێر لە چەکدار، یان هێزیکی کەمی هەردوولا لەناو هەولێر» کردە پێش مەرج بۆ کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ یەکێتی و هەروەها کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ مام جەلال**

**شاندی یەکێتی لە دانوستاندنەکاندا و لە بەردەم ناوبژیوانە بیانییەکاندا مانۆڕیان دەکرد و لە دانیشتنی یەکەم بە مەرجەکان «چۆڵکردنی هەولێر لە چەکدار» ڕازی دەبوون و لە دانیشتنی دووەم پێشنیارێکی دیکەیان دەهێنا کە لای سەرۆک بارزانی پەسەند نەبوو، بەڵام پابەندی ئاگربەستەکانیش دەبوو بۆ ئەوەی ڕۆڵەی خەڵک زیاتر نەکوژرێت و کوردستانیش زیاتر کاول نەبێت**

یەکێتی، هەروەها کۆبوونەکانی پەرلەمان بۆ هەمان مەبەست بۆ ئاشتی درێژەیان هەبوو، بەڵام هێرشی چەکدارانی یەکێتی بۆ سەر هەڵەبجە درێژەی هەبوو و لەو کاتانەی کە هێزەکانی یەکێتی لە پێشڕەوی بوون، مەرجەکانیان بۆ ئاشتی قورستر کردووە، بەڵام سەرکەوتن و بەرەوپێشەوەچوونی هێزەکانی پارتی وای کرد کە یەکێتی ناچار بێت لە دوای مانگی ئابی ١٩٩٤ کۆتایی بە جەولەی یەکەمی شەڕی خۆکوژی بهێنێت.

## ● جەولەی دووەمی شەڕی خۆکوژی داگیرکردنی هەولێر و شەڕی سەرتاسەری

سەرۆك بارزانی لە دوای کۆتاییهاتنی جەولەی یەکەمی شەڕی خۆکوژی، جارێکی دیکە بڕیار و بەرنامەی بەو جۆرە بوو کە ڕێککەوتنێکی سیاسی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا بکرێت و لە بری ئەوەی هێزەکانی پارتی و یەکێتی تەقە لە یەکتری بکەن، پێکەوە لە یەك سەنگەردا کوردستان بپارێزین، بەڵام بەداخەوە بیرکردنەوەی ئەوان زۆر مەترسیدار بوو، سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: «لە ١٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان کۆبوونەوەیان کردبوو و لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیاریان دابوو شەڕی سەرتاسەری لەگەڵ پارتی دەست پێبکەن، بۆ ڕێگرتن لەو شەڕە، لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٩٩٤ هەڤاڵان جەوهەر نامیق سالم و فازیل میرانی وەك نوێنەری پارتی سەردانی مام جەلالیان کرد و پێشنیاری پارتییان خستەڕوو، کە بە جددی و بە هەموو تواناوە هەوڵ بدرێت ڕێ لە شەڕ بگرین و، لێژنەیەکی خاوەن دەسەڵات لە هەر دوولا پێك بهێنرێت، هەتا بارودۆخەکە کۆنتڕۆڵ بکەن و دەسەڵاتی ئیجرائاتیان هەبێت بەرانبەر هەر سەرپێچییەك»

مام جەلال زۆر بە گەرمی پێشوازی لە پێشنیارەکەی پارتی دەکرد، بەڵام هاوکات لە لایەکی دیکەوە هێزی دەهێنایە ناو هەولێر بۆ ئەوەی ئەمجارەیان هەولێر داگیر بکات.

لە ١ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥ هێزەکانی یەکێتی هەڵیانکوتایە سەر بارەگای لقی دووی پارتی کە لە جێگەی «ڕایان مۆڵ»ی ئێستا بوو، هەروەها هەڵیانکوتایە سەر دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان کە لە ناو هۆتێل «شیراتۆن»ی ئێستا بوون، لەو دوو بارەگایە لەگەڵ ئەوەی یەکێتی هەموو جۆرە چەکێکی بەکار هێنا و لەناو هەر دوو بارەگەکەش ژمارەیەك پێشمەرگەی کەمی لێ بوو، بەڵام قارەمانانە بەرگرییان کرد و نەیانهێشت هەر دوو بارەگەکە بگیرێت، هەتا لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٥ بڕیار درا هەردوو بارەگەکە چۆڵ بکرێت و ئەو قارەمانانەشی کە زۆر باش بەرگرییان کردبوو، بە ڕێگەی کۆنگرەی نیشمانیی عێراق «INC» لە هەولێر دەرچوون.

یەکێتی وێڕای پەنابردنی بۆ شەڕی خۆکوژی، پەنای بۆ کاری تیرۆریستی و داگیرکردنی پەرلەمان برد، لە ٢٧ ی شوباتی ١٩٩٥ ئۆتۆمبێلێکی بە مینچێراوی لە بازاڕی زاخۆ تەقاندەوە کە زیاتر لە ١٠٠ هاووڵاتی شەهید بوون و دوو هێندە زیاتریش بریندار بوون، لە هەولێریش د.محەمەد قادریان تیرۆر کرد و لە نزیك دێی زانکۆ شەهیدیان کرد، لە ناوچەی گرێزەی سەر بە قەزای سەید سادق ئەکەرم حەمە عەلی قائیمقامی هەڵەبجەیان شەهید کرد.

هەر دوابەدوای داگیرکردنی هەولێر، مام جەلال نەفیرعامی ڕاگەیاند و بارەگای خۆی هێنایە شاری کۆیە و لەوێوە سەرپەرشتیی بەرەکانی شەڕی دەکرد و لە بەری سلێمانیشەوە هێزەکانی یەکێتی هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی پارتی لە هەڵەبجە دەستپێکرد، پارتی بۆ دوورخستنەوەی مەترسی و کارەساتی یەکێتی ناچار بوو دووبارە دەست بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بکات و بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی لەشکری کوردستان «ف. ل .ك» دامەزرا و بەمەش توانرا سنوور بۆ پێشڕەوییەکانی یەکێتی دابنرێت.

**لە ساڵی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر پابەند بوو بە ئاگربەستەوە و تەنیا خەمی ئەوە بوو وادەی پەرلەمان بەسەر نەچێت و وێڕای هەموو ناکۆکییەکان پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی بکات و ماوەی خۆی درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی شەرعیەتی دامودەزگاکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بمێنێت و ئەزموونە دیموکراتیەکە لەبار نەچێت**

لە دوای داگیرکردنی شاری هەولێر، سەرۆك بارزانی مەرجی «چۆڵکردنی هەولێر لە چەکدار، یان هێزیکی کەمی هەردوولا لەناو هەولێر» کردە پێش مەرج بۆ کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی لەگەڵ یەکێتی و هەروەها کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ مام جەلال.

لە دوای دەسپێکردنی جەولەی دووەمی شەڕی خۆکوژی هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ

ناوبژیوانی و کۆتاییهێنان بۆ شەڕی خۆکوژی دەستی پێ کرد. سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەموو کات پێشوازییان لەو هەوڵانە دەکرد و لەمەش زیاتر هەموو هەوڵە نێودەوڵەتییەکان پشتگیرییان لەو مەرجەی سەرۆك بارزانی دەکرد کە پێش هەموو شتێك دەبێت هەولێر لە چەکدار چۆڵ بکرێت.

لەسەر ئەم پرسە شاندی یەکێتی لە دانوستاندنەکاندا و لە بەردەم ناوبژیوانە بیانییەکاندا مانۆڕیان دەکرد و لە دانیشتنی یەکەم بە مەرجەکان «چۆلکردنی هەولێر لە چەکدار» ڕازی دەبوون و لە دانیشتنی دووەم پێشنیارێکی دیکەیان دەهێنا کە لای سەرۆك بارزانی پەسەند نەبوو، بەڵام پابەندی ئاگربەستەکانیش دەبوو بۆ ئەوەی ڕۆڵەی خەڵك زیاتر نەکوژرێت و کوردستانیش زیاتر کاول نەبێت.

لە ساڵی ١٩٩٦ پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر پابەند بوو بە ئاگربەستەوە و تەنیا خەمی ئەوە بوو وادەی پەرلەمان بەسەر نەچێت و وێڕای هەموو ناکۆکییەکان پەرلەمان کۆبوونەوەی خۆی بکات و ماوەی خۆی درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی شەرعیەتی دامودەزگاکان حکومەتی هەرێمی کوردستان بمێنێت و ئەزموونە دیموکراتیەکە لەبار نەچێت، بۆ ئەم مەبەستە دووجار پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی لە دەرەوەی پەرلەمان ئەنجام دا، لە بەرامبەردا یەکێتی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال خەریکی دانانی پلانێك بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی کۆتایی بە پارتی بهێنن، بۆ ئەمەش یەکێتی ئامادەیی پیشان دابوو کە دەستی سوپای ئێران بگرێت و لە کۆیە بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران بۆمباران بکات، لەبەرامبەردا ئێرانیش هەموو توانای سەربازی خۆی بەتایبەتی «تۆپخانە» بخاتە خزمەتی یەکێتی بۆ ئەوەی پارتی لەناو بەرێت و، چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی پارتی ئاهەنگی یۆبیلی زێڕینی خۆی لە ١٦ی ئابی ١٩٩٦ لە مەسیف سەلاحەددین بگرێت، مام جەلال لە پەیامێکدا ڕایگەیاند بوو «دەبێت فاتیحە لەسەر پارتیبخوێنرێت»، بۆ ئەمەش لە دوای بەرەبەیانی ١٧ی ئابی ١٩٩٦ هێرشە هاوبەشەکانی یەکێتی بە پاڵپشتیی پاسدار و تۆپخانەی ئێران بۆ سەر پارتی دەستی پێ کرد و کار گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٩٦ تۆپخانەی ئێران تۆپبارانی بەرەی قەسرێ و مامە ڕووتەی کرد کە هێزێکی پتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگەی لێ بوو، کە ١٤٠ پێشمەرگە شەهید بوون و ٤٠٠ پێشمەرگە بریندار بوون، ئیدی بەڕاستی شەرەکە لە شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی دەرچوو و بووە شەڕی نێوان پارتی و دەوڵەتێکی بەهێزی وەك ئێران، ئەمەش هیچ گومانی تێدا نەما، بۆیە سەدام حوسێنیش «مانع عەبدولڕەشیدی سەرۆکی موخابەراتی عێراق» دەنێرێتە لای پارتی لە دژی دەستتێوەردانەکانی ئێران، سەرۆك بارزانی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «ئێمە ئەم داواکارییەمان ڕەت نەکردەوە و داوای کەتیبەیەك تۆپی ١٣٠ ملم و کاتیۆشای ١٠٧ و تۆپی ١٢٢ میلمان کرد، بەوانەشی کە دەتوانن بیتەقێنن لەبەر ئەوەی کات نەبووە، خولی سەربازی بکرێتەوە و پێشمەرگەی لەسەر ڕابهێنرێت، دوای ئەم داوایە کە سەدام حوسێن ئامادەباشی پیشان داوە بۆ ڕزگارکردنی هەولێر یارمەتیمان بدات، ئێمەش بە مەرج پێشوازیمان لێکردن کە هەرکاتێك داوامان لێکردن دەبێت هێزەکانیان لە هەولێر بکشێننەوە، ئەوان بەڵێنی ئەوەیان دا بە مەرجی پارتییش دوای ڕزگارکردنەوەی هەولێر نەچێت بۆ سلێمانی، بۆ ئەمەش بەرەبەیانی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هێزێکی عێراقی لە ڕێگەی پردێ و خەباتەوە بەرەو دەروازەکانی هەولێر هاتن و بە تۆپخانەش پاڵپشتی هێزەکانی پێشمەرگەیان لە بەرەی دیگەڵە کرد، بەمجۆرە بۆ نیوەڕۆی ٣١ی ئابی ١٩٩٦ هێزەکانی یەکێتی ڕووخان و بەرگەیان نەگرت و هەولێر ئازاد کرا و دوای سێ ڕۆژیش داوامان لە عێراق کرد پاشەکشە بە هێزەکانی بکات، ئەوانیش بەڵێنەکەی خۆیان جێبەجێ کرد و بەمجۆرە هەولێر ئازاد کرا و سوپای عێراقیش کشایەوە و یەکێتیش بە جۆرێك لە بەریەك هەڵوەشا و هەتا سنوورەکانی ئێران خۆیان نەگرتەوە، دوای ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش پەرلەمانی کوردستان توانی کۆبوونەوەی خۆی بە ئامادەبوونی نەژاد ئەحمەد جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ژمارەیەك پەرلەمانتارانی لیستی سەوز و لیستی زەرد و پێکهاتەکان ئەنجام بدات و ماوەی خۆی درێژ بکاتەوە و شەرعییەت بگێڕێتەوە و بیپارێزت.

**یەکێتی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال خەریکی دانانی پلانێك بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی کۆتایی بە پارتی بهێنن، بۆ ئەمەش یەکێتی ئامادەیی پیشان دابوو کە دەستی سوپای ئێران بگرێت و لە کۆیە بارەگاکانی حزبی دیموکراتی ئێران بۆمباران بکات، لەبەرامبەردا ئێرانیش هەموو توانای سەربازی خۆی بەتایبەتی «تۆپخانە» بخاتە خزمەتی یەکێتی بۆ ئەوەی پارتی لەناو بەرێت**

**بەرەبەیانی ١٧ی ئابی ١٩٩٦ هێرشە هاوبەشەکانی یەکێتی بە پاڵپشتیی پاسدار و تۆپخانەی ئێران بۆ سەر پارتی دەستی پێ کرد و کار گەیشتە ئەوەی لە ڕۆژی ٢٠ی ئابی ١٩٩٦ تۆپخانەی ئێران تۆپبارانی بەرەی قەسرێ و مامە ڕووتەی کرد کە هێزێکی پتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگەی لێ بوو، کە ١٤٠ پێشمەرگە شەهید بوون و ٤٠٠ پێشمەرگە بریندار بوون**




**ئەبوباکار باه**

**پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور بۆ گوڵان:**

# پێویستە چارەسەری مەحەلی و مرۆیی بۆ کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگیرێتەبەر

**ئەبووت بەکر باە پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك دیموکراسی، بنیاتنانی نەتەوە، بنیاتنان و دروستکردنی ئاشتی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە کاروبارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەك پرسی دیموکراسی و هۆکارەکانی کێشە و تەنگژە و ئاڵۆزییەکانی ئەم ناوچەیە و، پرسی بوونی گرووپە توندڕەوەکان.**

*** وەك کەسێکی تایبەتمەند و شارەزای کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن لە بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەڕوانن و شرۆڤەکاریی بۆ دەکەن، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترین ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین و، پێویستی بە ئاوڕدانەوەی بەپەلە و جددی هەیە؟**

- بە تێڕوانین و بۆچوونی من، لە ڕوانگەی ئەمنییەوە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست کێشە و تەنگژەوە دەناڵێنێت، بە هەمان شێوەی کە بەشەکانی دیکەی جیهان گرفتارن بە دەست کێشە و قەیرانی ئەمنییەوە، هەرچۆنێك بێت، من ئاماژە بە سێ کێشەی دیاریکراوی پڕ لە تەنگژە دەکەم، بە دیاریکراوی کێشەی فەلەستین، کێشەی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و، پرسی تایبەت بە حوکمڕانی هەم لە ڕوانگەی کەمینەوە و هەم لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە، ئەوەی پەیوەندیی هەبێت بە دۆخ، یان پرسی فەلەستینەوە، ئەوا ئەم کێشەیە بووەتە درێژخایەنترین نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و کێشەی مرۆیی لە جیهاندا، بە چەشنێك کە سەرکوتکاریی فەلەستینییەکان -بە چاوپۆشین لە ڕەگ و ڕیشەی ناکۆکی و کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل- تەنیا بووەتە سەرچاوەی هاتنەئارای توندوتیژیی زیاتر، هەم بۆ فەلەستین و هەم بۆ ئیسرائیل. پرسی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بووەتە تەحەددییەکی گەورە لەبەر ئەوەی تێکهەڵکێش و پێکەوە گرێدراوی سیاسەتی هێزە جیهانییەکان و، بە دیاریکراوییش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ڕووسیایە، ئەمەش دەبێتە هۆی درووستبوونی دۆخێك کە دژواری دروست

**پرسی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بووەتە تەحەددییەکی گەورە لەبەر ئەوەی تێکهەڵکێش و پێکەوە گرێدراوی سیاسەتی هێزە جیهانییەکان و، بە دیاریکراوییش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتی ڕووسیایە**

دەکات بۆ هێنانەئارای چارەسەرێکی سەرکەوتوو بۆ ئێران، تاوەکو بتوانێت مومارەسەی مافەکانی بکات لە چوارچێوەی نۆرمە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی دیموکراسییەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی وەك عێراق و سووریا و یەمەندا، ئەوا ئەم پرسە بە هۆی تەشەنەکردنی گەندەڵی و سەرکوتکاریی کەمینەکانەوە دوچاری ئاڵۆزیی زیاتر بووەتەوە، کە ئەمەش زەمینەی زیاتر درووست دەکات بۆ دیکتاتۆرییەتی زیاتر و توندوتیژی لە فۆرمی شەڕی تیرۆردا.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی دیموکراسی کرد لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، بە شێوەیەکی گشتی چۆن لەم پرسە دەڕوانن، بەتایبەتی دوای ئەوەی بینیمان کە تەنانەت شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبییش نەیانتوانی لەم ڕووەوە ئامانج و ئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە، ئایا پێت وایە لە ئێستاشدا ئەگەری بەرەوپێشبردنی پرسی دیموکراسی ئەگەرێکی لاوازە لەم ناوچەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا من دەتوانم لەم ڕووەوە بڵێم کە ئەگەری هاتنەئارا و گەشەکردنی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا ئەگەرێکی بەرچاو نییە، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یەکەمیان پەیوەستە بە هەڵکشانی هەڕەشە دواکەوتنخوازییەکانی سەرچاوەگرتوو لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستییەکانەوە لە ڕۆژئاوادا، کە کەش و دۆخێکی جیهانیی ئەوتۆیان خوڵقاندووە، کە کەمتر لەبار بێت بۆ پەرەپێدان و برەودان بە دیموکراسی. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە لە دیموکراسی بڕوانین کە قەتیس نابێت، تەنیا لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی فرەحزبیدا، بەڵکو بریتییە لە سیستمێك کە تێیدا حوکمڕانییەکی نوێنەرایەتی و بەرپرسیارانە پیادە دەکرێت لە سەر بنەمای سەروەریی یاسا و ڕێزگرتن لە مافەکانی کەمینەکان، ئەوا دەکرێت بڵێین نزیکە لە هەموو شوێنێك دیموکراسی ڕووبەڕووی کێشە و گرفت بووەتەوە، لە نێویاندا لە وڵاتی بنەڕەتیی خۆی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئەمە بەو مانایە نییە کە دەبێت ئێمە پاشەکشە بکەین لە هەوڵەکانی بەدیهێنانی دیموکراسی، یان بەو واتایە نییە کە دیموکراسی دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بەڵکو ئامانجەکە ئەوەیە کە دەبێت ئێمە کار و کۆشش بکەین بۆ ئەوەی دیموکراسییەتی ماناداردتر بەدی بهێنین، دیموکراسییەکی بناغەدارێژراو لەسەر ئایدیاکانی لیبراڵیزم و یەکسانی، نەك ڕەگەزپەرستی و شێوە و چەشنەکانی دیکەی جیاکاری. هۆکاری دووەم ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی کێشەی شەرعییەتی دەوڵەت بوونەتەوە، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەوەی دیموکراسی لە ئارادا بێت، ئەوا پێویستە پێشوەختە دەوڵەتێك هەبێت و خاوەنی شەرعییەت بێت، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەندێ لە گرووپە کەمینەکان، یان ئیسلامییەکان بە توندی بەرهەڵستیی شەرعییەتی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن، هەروەها دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم ڕۆژگاری سەلماندوویەتی کە زەحمەتە بتوانرێت چارەسەری ئەم دوو هۆکارە بکرێت، لەبەر ئەوەی کەمینەکان دەوڵەتی تایبەت بە خۆیان بەدەست ناهێنن، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی سەرکوتکاری دەبنەوە، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان سەرلەبەری سیستمی جیهانییە سەرمایەدارییەکە ڕەت دەکەنەوە، کە ئەو سیستمە پەرە بە دەسەڵاتخوازی و دەوڵەتی دیکتاتۆری دەدات لە ناوچەکەدا، بە دیدی من چارەسەرەکان بەرجەستە نابن لە هەڵگیرساندنی شەڕی زیاتر لە دژی تیرۆر، یان گرتنەبەری ڕێکار و ڕێوشوێنی توند لە دژی کەمینەکان، بەڵکو پێویستە دەرفەت برەخسێنرێت بۆ فرەیی زیاتر و بۆ گرتنەبەری چارەسەری مرۆیی و مەحەلی.

*** ئەگەر سەیری وێنە گەورەکە بکەین، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە کێشە و تەنگژە و تەحەددییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژخایەنن و بە ئاسانی ناچنە ژێر باری چارەسەرەوە، لێرەدا دەمانەوێت بپرسین بۆچی کێشەکانی ئەم ناوچەیە هێندە ئاڵۆزن و ناتوانرێت بە ئاسانی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە؟**

- پێدەچێت ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ڕاست بێت، ئەگەرچی دەبێت ئەوەش بڵێین کە کێشە و ناکۆکیی درێژخایەن لە ناوچەکانی

**ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی دیموکراسییەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی وەک عێراق و سووریا و یەمەندا، ئەوا ئەم پرسە بە هۆی تەشەنەکردنی گەندەڵی و سەرکوتکاریی کەمینەکانەوە دوچاری ئاڵۆزیی زیاتر بووەتەوە**

**بزووتنەوە ناسیۆنالیستی و پۆپۆلیستییەکانەوە لە ڕۆژئاوادا، کە کەش و دۆخێکی جیهانیی ئەوتۆیان خوڵقاندووە، کە کەمتر لەبار بێت بۆ پەرەپێدان و برەودان بە دیموکراسی**

**چارەسەرەکان بەرجەستە نابن لە هەڵگیرساندنی شەڕی زیاتر لە دژی تیرۆر، یان گرتنەبەری ڕێکار و ڕێوشوێنی توند لە دژی کەمینەکان، بەڵکو پێویستە دەرفەت برەخسێنرێت بۆ فرەیی زیاتر و بۆ گرتنەبەری چارەسەری مرۆیی و مەحەلی**

دیکەی جیهانیشدا هەن و بەدی دەکرێن، کەواتە دەڵێم ئەوەتا کێشەی فەلەستین بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژە لە ئارادایە و بەردەوامە، هەروەها ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی وەك لوبنان و عێراق و سووریا و یەمەن و ئێران بوونەتەوە، هەموویان کێشەی گەورە و ئاڵۆزن، ئەگەر بێینە سەر شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە، ئەوا بە تێڕوانینی من یەکێك لە فاکتەرە گرنگ و یەکلاکەرەوەکان بریتییە لە فاکتەری جیۆپۆلەتیك، چونکە دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکەین، کە ناکۆییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرێدراو و پەیوەستن بە جیۆپۆلەتیك و بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاواوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی جڵەوی چارەسەرەکە لە دەستی هێزە مەحەلییەکاندا نەمێنێت و بکەوێتە دەستی سیاسەتی ئەمریکا و سیاسەتی جیهانی، ئەمەش جێی داخە و وەك ئاماژەم پێ کرد دەرئەنجامێکی خراپە، لەبەر ئەوەی تەنیا دەبێتە هۆی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی ئاشتی و دیموکراسی. دواتر دەبێت ئێمە ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (وەك سەرچاوەی سەرەکیی وزە) بووەتە ناوچەیەکی پڕ بایەخ بۆ بەرژەوەندییەکانی هێزە جیهانییەکان، کە ئەمەش تێکهەڵکێشییەك دروست دەکات لە نێوان پرسە ئایدیۆلۆژییەکان و بەرژەوەندییە تایبەتەکاندا، بە شێوەیەکی بەرچاو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. من لەم ڕووەوە پێم وایە پێویستە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئابوورییەکانیان جۆراوجۆر بکەن و کەشێکی داهێنانکاریی ئەوتۆ بخولقێنن، کە دەرئەنجام نەوت گرنگییەکی کەمتری هەبێت بۆ مانەوە و بەردەوامبوونیان، بەو پێیە ئەم ناوچەیە ڕزگار دەکات لە پشتبەستن بە نەوت کە لەسەر ئاستی جیهان لە ئارادایە. واتە بۆ ئەوەی ناوچەکە تا ڕادەیەك ئارامی و ئاشتی بۆ بگەڕێتەوە، ئەوا پێویستە کەمتر پشتبەستوو بێت بە ئابوورییە سەرمایەدارییە جیهانییەکە.

*** هەروەك ئاشکرایە چەندین گرووپی تیرۆریستی و توندڕەو هەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆر و بەربڵاویان لەم ناوچەیەدا خستووەتەوە، بە تێڕوانینی ئێوە هۆکارە بنەڕەتی و بونیادییەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەم گرووپانە چین و، پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان چی بکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەم کە دەبێت تیرۆریزم لە سەرجەم شێوە و فۆرمەکانیدا سەرزەنشت و بەرهەڵستی بکرێت، هەرچۆنێك بێت، ڕێگەچارە ڕاستەقینەکە بەندە بە چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی گلەیی و نارەزاییەتییە ڕەواکانەوە، چونکە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەند کەسانێکی توندڕەو هەن کە بۆی هەیە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا زۆر زەحمەت و دژوار بێت، لەبەر ئەوە دەبێت شەڕیان لەگەڵدا بکرێت و تێك بشکێندرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە ئەو کەسانە بە تیرۆریست ناوزەد بکرێن کە بەرهەڵستیی نادادیی کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە ئەمە نابێتە هۆی هێنانەئارای ئاشتی و ئارامی، هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووبەڕووی تەحەددیی قووڵ بووەتەوە لە پەیوەندی بە پرسی دیموکراسییەوە، بەلای منەوە ڕەگ و ڕیشە، یان هۆکارە ڕیشەییەکانی تیرۆریزم گرێدراون بەو پرسانەی بوونەتە هۆی ئەوەی بەدیهێنانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژوار بێت، دیارترینیان بریتییە لە پەیوەستبوونی پرسی گەندەڵی بە ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی پشتبەستوو بە نەوت، و سەرکوتکردنی کەمینەکان، دەستتێوەردانی چڕی ڕۆژئاوا و تێکهەڵکێشکردنی ئایین لە بەرهەڵستیی سیاسیدا، بە چەشنێك کە ئامانجە ڕاستەقینەکە خزمەتکردن بە ئایین نەبێت، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی سیاسی و دونیایی بێت. پێم وایە چارەسەری درێژخایەن ئەوەیە تەرکیز لەسەر ئەوە بکرێت کە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمتر پشتبەستوو بن بە نەوت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی لاوازییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەم وڵاتانە، ئەگەر کێشەکان کورت بکرێنەوە بۆ کێشەی هەرێمی و مەحەلی، ئەوا ئاسانتر چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە، بەڵام لە ئێستادا دەستتێوەردانە دەرەکییەکان بوونەتە هۆی لاوازکردن و بنکۆڵکردنی چارەسەرە مەحەلییەکان.

**لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەند کەسانێکی توندڕەو هەن کە بۆی هەیە گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا زۆر زەحمەت و دژوار بێت، لەبەر ئەوە دەبێت شەڕیان لەگەڵدا بکرێت و تێک بشکێندرێن**

**هەڵەیە ئەو کەسانە بە تیرۆریست ناوزەد بکرێن کە بەرهەڵستیی نادادیی کۆمەڵایەتی دەکەن، چونکە ئەمە نابێتە هۆی هێنانەئارای ئاشتی و ئارامی**

**ڕەگ و ڕیشە، یان هۆکارە ڕیشەییەکانی تیرۆریزم گرێدراون بەو پرسانەی بوونەتە هۆی ئەوەی بەدیهێنانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دژوار بێت**

دیمانەی تایبەت



**جەیمس سپێرلێنگ**

**پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی ئاکرۆن بۆ گوڵان:**

# ڕووسیا لە مەودای درێژخایەندا بازاڕی ئەورووپای بۆ نەوت و غازە سرووشتییەکەی لەدەست داوە

**جەیمس سپیرلێنگ پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئاکرۆن، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك ئاسایشی ناتۆ، ڕۆڵی ناتۆ، ئاسایشی ئەورووپا و کاروبارە نێودەوڵەتییەکان، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە و تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و لێکەوتەکانی لەسەر حیساباتی ئەمنی و وزەی ئەورووپا و دەرئەنجامەکانی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

*** لە ئێستادا ماوەی شەش مانگ تێدەپەڕێت بەسەر شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیادا، کە ڕووسیا پێی وابوو دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا شەڕەکە یەکلا بکاتەوە و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەڵام ئاشکرایە ئەمە ڕووی نەدا و ئۆکرانیا بەرگرییەکی سەرسەختانەی کرد و ڕۆژئاواش، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکارییەکی زۆری سەربازی و دارایی ئۆکرانیایان کرد، سزاشیان بە سەر ڕووسیادا سەپاند، ئێوە چۆن لە کاریگەریی ئەم سزایانە دەڕوانن و ئایا تا چ ڕاددەیەك حیساباتی شەڕیان گۆڕیوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی لەم ڕووەوە دەکرێت ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە کاریگەریی ئەو سزایانەی لە لایەن ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەر ڕووسیادا سەپێندراون، تەنیا لەوەدا بەرجەستە بوون کە بوونەتە ئاماژەیەك بۆ سزادانی ڕووسیا لەسەر پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و ئەمجارە بە پێچەوانەی حاڵەتی کریمیاوە، داگیرکردنی ئۆکرانیا بێ باج بەسەر ڕووسیادا تێنەپەڕیوە، یان نەبووەتە هۆی دابەشبوونی هاوپەیمانەکان بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە دژی ڕووسیا. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە سزا ئابوورییەکان مەودا دوورن و کاریگەریش بوون، بۆ نموونە، ڕووسیا لە مەودای درێژخایەندا بازاڕی ئەورووپای بۆ نەوت و غازە سرووشتییەکەی لەدەست داوە، یەکێتیی ئەورووپا هەوڵ و کۆششی زۆری خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی بگاتە هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ خۆبەدوورگرتن و خۆدابڕین لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا، هەروەها

**بە پێچەوانەی حاڵەتی کریمیاوە، داگیرکردنی ئۆکرانیا بێ باج بەسەر ڕووسیادا تێنەپەڕیوە، یان نەبووەتە هۆی دابەشبوونی هاوپەیمانەکان بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست لە دژی ڕووسیا**

سزا بە ئامانجگیراوەکان لە دژی ئەو کەسانەی پاڵپشتیی حکومەتەکەی سەرۆک پوتین دەکەن، بوونە هۆی ئەوەی گوشارێکی گەورە دروست بێت لەسەر چەندین لایەنی نێو هاوپەیمانییی حوکمڕانی لە نێو ڕووسیادا، هەروەها بوونەتە هۆی ئەوەی نەتوانن دەستیان بە تەکنەلۆژیای ڕۆژئاوا ڕابگات، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووسیا لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتییەوە باڵادەستی لەدەست بدات، کە تا ئێستا لێی بەهرەمەند بووە لە گۆڕەپانی شەڕدا. هەروەها کاردانەوە و پەرچەکرداری ڕۆژئاوا پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە لادا کە لە نێو ئەم هاوپەیمانێتییەدا ئامانجێکی هاوبەشی پتەو هەیە کە تەمومژییان لەسەر دروست ببوو بە هۆی هەندێ ناکۆکیی ناو بە ناوی پەیوەست بە بەرژەوەندییەکان لە پەیوەندی بەو پرسانەی ڕاستەوخۆ گرێدراو نەبوون بە بەرگریی هاوبەشەوە. هەروەها ئەم شەڕە ئەوەی ئاشکرا کرد کە کۆدەنگیی ناتۆ لەبارەی گرنگیی سیستمی نێودەوڵەتی بنیاتنراو لەسەر بنەمای ڕێساکان تەنیا لە چوارچێوەی گوتار و بەرگرییەکی ڕواڵەتی و ڕووکارانە لە ئاست کاروبار و بارودۆخی ئێستای نێودەوڵەتی قەتیس نەبووە، بەڵکو ئەم کاردانەوەیەی دەوڵەتە ئەندامەکانی ناتۆ بەرجەستەکاری بەرژەوەندییەکی بنەڕەتیی ئەم وڵاتانەیە کە ئامادەن بەرگری لە خۆیان بکەن و لەم ڕووەوە باجی قورسیش بدەن. لە کۆتاییدا دەکرێت ئەوە بڵێین کە هەناردە -هاوکارییە- سەربازی و داراییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتە بتوانێت شەڕ بەرپا بکاتەوە لە دژی ڕووسیا و ڕێگری لە داگیرکردنی وڵاتەکەی بکات. ئەگەرچی ڕەنگە ئەم هاوکارییانە نەبنە هۆی ئەوەی ڕێگری بکەن لەوەی ئۆکرانیا دوچاری شکستێکی گەورە بێت، یان خاکێکی زۆر لەدەست بدات، بەڵام ئەوەی ئەمجارە ڕۆژئاوا ئەنجامی دا، زۆر زیاتر بوو لەوەی چاوەڕوان دەکرا، بە بەراورد بە کاردانەوە و پەرچەکرداری دەستبەسەرداگرتنی کریمیا لەلایەن ڕووسیاوە. کەواتە ئەگەر ئەم کاردانەوەیانە هیچی دیکەمان پێ نەڵێن، ئەوا پێمان دەڵێت کە بوونەتە هۆی یەکخستنی هەوڵ و هەڵوێستەکانی ناتۆ و بووەتە هۆی ئەوەی داگیرکاریی ڕووسیا بۆ ئەو ناوچانەی دانیشتووانەکەی بە ڕووسی قسە دەکەن و کەوتوونەتە وڵاتانی بەڵتیکەوە ئەگەرێکی لاواز بێت.

**یەکێتیی ئەوروپا هەوڵ و کۆششی زۆری خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی بگاتە هەڵوێستێکی هاوبەش بۆ خۆبەدوورگرتن و خۆدابڕین لە پشتبەستن بە نەوت و غازی ڕووسیا**

**هاوکارییە سەربازی و داراییەکانی ڕۆژئاوا بۆ ئۆکرانیا بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم وڵاتە بتوانێت شەڕ بەرپا بکاتەوە لە دژی ڕووسیا و ڕێگری لە داگیرکردنی وڵاتەکەی بکات**

*** ئێوە شرۆڤەکارییەکی تێروتەسەرتان کرد بۆ کاردانەوەی ڕۆژئاوا لە ئاست داگیرکاریی ڕووسیا بە سەپاندنی سزا بە سەر ئەو وڵاتە و بە هاوکاریکردنی ئۆکرانیا، بەڵام ئەگەر بێینە سەر باسی کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم شەڕە لەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا، یان حیساباتی ئەم وڵاتە لە ڕووی پرسەکانی پەیوەست بە بواری ئاسایش و وزەوە و ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئایندەی ئەم کیشوەرە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا داگیرکردنی وڵاتی ئۆکرانیا چەند دەرئەنجام و لێکەوتەیەکی نەخوازراو و ناهەموار و نالەباری لێکەوتووەتەوە بۆ خودی وڵاتی ڕووسیا. چونکە ئێمە ئەگەر لەم ڕووەوە لە نیاز و خواستی وڵاتانی ئەوروپا بڕوانین بۆ ئەوەی لە ڕووی وزەوە سەربەخۆییەکی تەواو بەدەست بهێنن لە ڕووسیای فیدراڵی، سوود و ئەنجامێکی باشی دوولایەنەی هەبووە و هەیە. زۆرێک لە ئامانج و سیاسەتەکانی یەکێتیی ئەوروپا نەک هەر تەنیا سەردەکێشن بۆ ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا و ئەوروپییەکان خۆیان ڕزگار بکەن لە هەڕەشەی ڕووسیا بۆ پچڕاندن، یان ڕاگرتنی هەناردەی وزە، بەڵکو لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێتیی ئەوروپا بەشدارییەکی زیاتر بکات لە کەمکردنەوەی کاریگەری و لێکەوتەکانی قەیران و تەنگژەی ژینگە. کەواتە سوودی بەدەستهێنانی سەربەخۆبوونی ڕۆژئاوا لە ڕووی وزەوە دەبێتە هۆی ئەوەی وزەی نوێبووەوە جێی سەرچاوە تەقلیدییەکانی وزە بگرێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوروپییەکان چیدیکە ڕووبەڕووی کۆت و بەند نەبنەوە لە گرتنەبەری سیاسەتەکانی لە ئاست وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوت لە کەنداوی فارس و باکووری ئەفریقا. هەروەها ڕادە و ئەندازەیەکی زیاتری ئازادی بۆ ئەوروپا دەستەبەر

دەکات، لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە بارەی پرسەکانی پەیوەست بە وزە و گۆڕانی کەش و هەوا بە شێوەیەکی گشتی. دواتر دەبێت ئەوە بڵێین کە پچڕاندنی پەیوەندییەکانی وزە لەگەڵ ڕووسیا کاریگەری و دەرهاویشتەی نەرێنی لێدەکەوێتەوە، ئەگەر لە کۆتاییدا ئەورووپا سەرکەوتوو بێت لەوەی چیتر ناچار نەبێت غاز و دواتر نەوتی ڕووسیا هاوردە بکات، ئەوا ڕووسیای دوای ڤلادمیر پوتین چۆن دەتوانێت ڕزگاری بێت لە هەوڵ و مەیلی دەسەڵاتخوازی؟ هیچ یەکێکیش لەم دوو دەرئەنجامە مایەی هەڕەشە و مەترسییەکی کەمتر نییە لەو هەڕەشەی کە ڕووسیای ئێستا بە سەرکردایەتیی پوتین دروستی دەکات بۆ ئەورووپا. دواتر دەبێت ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین کە سەربەخۆبوونی ئەورووپا لە نەوت و غازی ڕووسیا دەبێتە هۆی ئەوەی لە بەرامبەردا و بە بەردەوامی پشت بە ئەمریکا ببەستێت. بەم دواییە لە لوتکەی مەدرید و لە چوارچێوەی چەمکێکی ستراتیژیی نوێدا ڕاگەیەندرا کە ڕووسیا ڕکابەری سەرەکی و بنەڕەتیی وڵاتانی ئەندامی ناتۆیە.

ئەم ئاڵوگۆڕە لە تێڕوانین و دیدی ڕووسیادا لەوەی ببێتە هاوبەشی ئەورووپا بۆ ئەوەی ببێتە ڕکابەرێکی تەواوی ئەورووپا، ئاماژە بەو ڕاستییەی کە هاوسەنگی و پارسەنگی سەربازی وەك حاڵەت و هەلومەرجێکی گرنگ دەمێنێتەوە لە ئێستادا و هەم لە داهاتووشدا بە چەشنی ئەوەی لە سەروەخت و ڕۆژگاری شەڕی سارددا لە ئارادا بوو.

*** هەروەك دەزانن کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشەی و پشێوی و تەنگژەیە، هەروەك چۆن پێشهات و پەرەسەندن و ڕووداوەکانی ئەم ناوچەیە کاریگەری و لێکەوتەیان دەبێت لەسەر بەشەکانی دیکەی جیهان، ئەوا لە هەمان کاتدا ئاڵوگۆڕەکانی جیهانیش کاریگەرییان لەسەر ئەم ناوچەیە هەیە و دەبێت، لەم ڕووەوە چۆن لە کاریگەرییەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن لەسەر ئەم ناوچەیە، یان پێتان وایە ئەم ناوچەیە بە دوورە لەو کاریگەرییە؟**

- بە تێڕوانینی من دەرئەنجام و دەرهاویشتەی شەڕ، یان داگیرکاری ڕووسیا بۆ وڵاتی ئۆکرانیا و کاردانەوە و پەرچەکرداری وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاست ئەم شەڕەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەك ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نموونە: هەروەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، هەوڵ و کۆششەکان بۆ خۆدابڕین و دوورکەوتنەوەی وڵاتانی ئەورووپا لە پشتبەستن بە نەوت و غازی سرووشتیی ڕووسیا دەبێتە هۆی زیادبوون و هەڵکشانی خواست و داواکاری بۆ نەوتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە (وڵاتە بەرهەمهێنەرەکانی نەوتی لەم ناوچەیەدا)، دەسترۆیشتووییەکی زیاتر و کاریگەرییەکی زیاتریان هەبێت بەسەر وڵاتانی ئەورووپاوە، هەم لە مەودای کورتدا و هەم لە مەودای درێژخایەندا. بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە مەودای درێژخایەنەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە ئامانجی ئاشکرا و ڕاگەیەندراوی وڵاتانی ئەورووپا بریتییە لەوەی سەرچاوەی وزەی نوێبووەوە بەکار بهێنن لە بری سەرچاوە تەقلیدییەکانی وزە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆتاییدا داواکارییەکی کەمتر هەبێت لەسەر ئەم سەرچاوە تەقلیدییانەی وزە، هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی ئەم دەوڵەتە بەرهەمهێنەرانەی نەوت، لەم ڕوانگەیەوە دەسترۆیشتوویی ئەم وڵاتانەش کەم دەبێتەوە لە ئاست وڵاتانی ئەورووپا و لە پەیوەندی بەو پرسانەی گرێدراون بە بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیانەوە. ئەم دەرئەنجامەش خۆی لە خۆیدا ئەگەری ئەوە لە خۆدەگرێت کە ببێتە هۆی ئەوەی ناسەقامگیرکردنی ناوچەی کەنداوی فارس و بە تایبەتی و بە دیاریکراوی ببێتە هۆی گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە بەرژەوەندی ئێران. هەرچۆنێك بێت، زەحمەتە بتوانین وێنای ئەوە بکەین کە چۆن ئەم شەڕە بەرفراوان دەبێت بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە بگرێتەوە، یان چۆن ئەکم شەڕە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا دەکات لەم ناوچەیەدا.

**بەم دواییە لە لوتکەی مەدرید و لە چوارچێوەی چەمکێکی ستراتیژیی نوێدا ڕاگەیەندرا کە ڕووسیا ڕکابەری سەرەکی و بنەڕەتیی وڵاتانی ئەندامی ناتۆیە**

**دەرهاویشتەی شەڕ، یان داگیرکاری ڕووسیا بۆ وڵاتی ئۆکرانیا و کاردانەوە و پەرچەکرداری وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ئاست ئەم شەڕەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نەك ناڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**



**د.پشتیوان حەمە سەعید**

**بەڕێوەبەری گشتیی شار و ناوچە پیشەسازییەکان بۆ گوڵان:**

# بە تەواوبوونی ناوچە و شارە پیشەسازییەکان وەرچەرخان لە بووژانەوەی پیشەسازیدا دروست دەبێت

**کوردستان بە سرووشتی خۆی جگە لە بەروبوومی کشتوکاڵی، چەندین کانزای جۆراوجۆری ژێر زەوی و سەر زەویی تێدایە، کە زۆر گونجاوە بۆ هەموو جۆرەکانی پیشەسازی، ئەمە وێڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە شوێنێکی گونجاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناوچەکانی ساخکردنەوەی کاڵاکانەوە نزیکە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کارنامەی خۆیدا بایەخێکی زۆری بە پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی داوە، بۆ قسەکردن لەسەر هەنگاوەکانی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی لەلایەن وەبەرهێن و کەرتی تایبەتەوە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر پشتیوان حەمە سەعید بەڕێوەبەری گشتیی شار و ناوچە پیشەسازییەکان سازدا .**

*** دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە بووژانەوەی پیشەسازی داوە، بۆ ئەم مەبەستە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی تایبەت کردووە بۆ بەڕێوەبردنی شار و ناوچە پیشەسازییەکان، سەرەتا دەمانەوێت بزانین ئەرکی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و کارەکانی چین؟**

- فەرمانگەی شار و ناوچە پیشەسازییەکان بە یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتییە گرنگەکانی وەبەرهێنان دادەنرێت، پسپۆڕی و ئەرکی ئێمە جیاوازە و تایبەتمەندە بە وەبەرهێنانی پیشەسازی و بووژانەوەی. لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتیشدا، بایەخ و گرنگییەکی زۆری پێ دراوە، لەبەر گرنگیی کەرتەکە بۆ بونیاتنان و بووژانەوەی ئابووریی کورستان و بەهێزبوونی حکومەت و دابینکردنی زۆرترین هەلی بەردەوامی کار بۆ گەنجان، ڕاستە هەرێمی کوردستان لە ڕووی کەرەستەی خاو و دەستی کار و بازاڕ و چەندین خەسڵەت و بنەمای دیکەوە لەبارە بۆ پیشەسازی، بەڵام لێکەوتەکانی بارودۆخی ڕابردوو لە قەیرانی دارایی و شەڕ، هەمووی وای کردبوو کەرتی پیشەسازی بەراورد بە کەرتەکانی دیکەی خانووبەرە و کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشتیاری ڕوو لە پاشەکشە بکات، چەندین کۆمپانیا و کارگەی گەورە دوچاری داخستن و مایەپووچبوون ببوون، لەم ڕوانگەیەوە ئەرکێکی قورسی فەرمانگەکە بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی و ئاراستەکردنی وەبەرهێنانە بەرەو ئەم کەرتە و جۆراوجۆرکردنی پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەشدا هاوکاری و پاڵپشتیی هەموو وەبەرهێنێك دەکەین کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا بکات، ئێمە لەم کابینەیەدا پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانیمان کەم نەکردووە، کە پێداویستی و خواستی زۆری لەسەرە، بەڵام گرنگیمان بە کەرتی پیشەسازی و بووژانەوەی داوە، کە پێشتر بە هۆی ئەو دۆخەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی کاری کارگەکانی ڕاگرتبوو.

خۆشبەختانە لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٩/٧/٢٨ تاوەکو ٢٠٢٢/٨/١٨ — ٦١ پرۆژەی پیشەسازی مۆڵەتی پێ دراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ توانراوە ٦٨ پرۆژەی نوێ لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا مۆڵەتیان پێ بدرێت، لە سەرەتای ئەمساڵیشەوە مۆڵەت بە زیاتر لە ١٧ پرۆژەی دیکەی گەورەی وەبەرهێنان دراوە، تەنیا لە سێکتەری پیشەسازی ١٥ مۆڵەت بە بەهای ٥٩٨ ملیۆن دۆلار دراوە، تەنیا پرۆژەی ڤان ستیل سەرمایەکەی لە ٣٨٠ ملیۆن دۆلار زیاترە.

**هەرێمی کوردستان لە ڕووی کەرەستەی خاو و دەستی کار و بازاڕ و چەندین خەسڵەت و بنەمای دیکەوە لەبارە بۆ پیشەسازی، بەڵام لێکەوتەکانی بارودۆخی ڕابردوو لە قەیرانی دارایی و شەڕ، هەمووی وای کردبوو کەرتی پیشەسازی بەراورد بە کەرتەکانی دیکەی خانووبەرە و کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشتیاری ڕوو لە پاشەکشە بکات**

**هاوکاری و پاڵپشتیی هەموو وەبەرهێنێک دەکەین کە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازیدا بکات**

**لەم کابینەیەدا پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و بازرگانیمان کەم نەکردووە، کە پێداویستی و خواستی زۆری لەسەرە، بەڵام گرنگیمان بە کەرتی پیشەسازی و بووژانەوەی داوە، کە پێشتر بە هۆی ئەو دۆخەی کۆرۆنا و قەیرانی دارایی کاری کارگەکانی ڕاگرتبوو**

**لە ٢٠١٩/٧/٢٨ تاوەکو ٢٠٢٢/٨/١٨ – ٦١ پڕۆژەی پیشەسازی مۆڵەتی پێ دراوە، لە ساڵی ٢٠٢١ توانراوە ٦٨ پڕۆژەی نوێ لە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاریدا مۆڵەتیان پێ بدرێت**

**ئەگەرچی ئابووریی ڕەیعیی نەوتی داهاتێکی باشی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام زامنی بەردەوامبوونی کارێکی قورسە، کەرتی کشتوکاڵیش بە هەمان شێوە، ئەگەر خواست و بازاڕێکی پیشەسازیی نەبێت، لەتوانادا نییە زیادەی کشتوکاڵ بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە**

**ئێستادا گرێبەستی (شاری پیشەسازیی خۆراکیی کانی سپی) لە دهۆک کراوە و لە قۆناغی دەستپێکردنی ڕاکێشان و دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکانین**

*** باسی گرنگیدانت کرد بە پیشەسازی و هەمەجۆرکردنی، ئایا ئەو ئاسانکاری و هاوکارییانە چین کە فەرمانگەکانتان پێشکەشی وەبەرهێنانی دەکات بۆ ئەوەی وەبەرهێن ڕوو لە کەرتی پیشەسازی بکات؟**

- ئەگەرچی ئابووریی ڕەیعیی نەوتی داهاتێکی باشی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام زامنی بەردەوامبوونی کارێکی قورسە، کەرتی کشتوکاڵیش بە هەمان شێوە، ئەگەر خواست و بازاڕێکی پیشەسازیی نەبێت، لەتوانادا نییە زیادەی کشتوکاڵ بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە، لەم نێوەندەدا کەرتی پیشەسازی دێت کە کۆڵەکەی بەهێزبوونی ئابوورییە و کار و داهاتێکی بەردەوام بۆ خێزان و ئابووریی کوردستان زامن دەکات، کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کۆمەڵگەی پیشەسازی و بەرهەمهێنن، حکومەتە بەهێزەکانیش داهات لە کەرتی پیشەسازیدا زیاتر دەکەن و بەردەوامیی پێ دەدەن، بەڵام دەبێت پیشەسازی بە دیدگا و ستراتیژیەتی نوێی هاوچەرخەوە پەرەی پێ بدەین، بۆ ئەوەی لە ئاست کێبڕکێ و خواستی هاووڵاتیاندا بێت، بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێکار و ئاسانکارییەکمان پێشکەشی وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکان کردووە، لەوانە:

١. بانگەشەکردنی ڕاستەوخۆی وەبەرهێنەران بۆ بەشداریکردن لە وەبەرهێنانی پیشەسازی.

٢. ئاسانکاری بۆ پێدانی بەخشینەکان و ڕێگەپێدان بۆ هێنانی کەرەستەی خاو.

٣. هەماهەنگی و کارئاسانی بۆ وەرگرتنی مۆڵەت.

٤. هەڵگرتنی هەموو کۆسپ و گرفتێکی بەردەم وەبەرهێن و پرۆژە پیشەسازییەکان.

٥. دابینکردنی خزمەتگوزاری، هەر لە شەقام و ئاو و کارەبا و پێداویستیی دیکە لە شارە پیشەسازییەکان.

٦. کۆکردنەوە و پێدانی زانیاری و داتاکان.

٧. پاراستنی مافەکانی گەشەپێدەر و وەبەرهێنەرەکان.

*** بۆ کەمکرنەوەی تێچوون و دابینکردنی زۆربەی ئەم کارئاسانییانە حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی دروستکردنی شارە پیشەسازییەکانی دەست پێ کردووە، ئایا دروستکردنی ئەم شارە پیشەسازییانە بە کوێ گەیشتووە؟**

- وا بڕیارە ١٣ شاری پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

پارێزگای هەولێر: دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازیی میدیکاڵ ستی و تیمار.

پارێزگای سلێمانی: ناوچەی پیشەسازیی عەربەت و ڕۆژئاوای سلێمانی.

پارێزگای دهۆك: دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازیی بەردەرەش و بامەڕنی.

پارێزگای هەڵەبجە دامەزراندنی دوو ناوچەی پیشەسازی.

هەروەها لە ئیدارە سەربەخۆکانیش لە گەرمیان لە قەزای کەلار و لە ڕاپەڕین لە قەزای ڕانیە و لە قەزای زاخۆ و لە سۆران.

دروستکردنی ئەم شارە پیشەسازییانەش دەیان سوودی هەیە، کەرتەکە لە پچڕپچڕ و تێکەڵبوونی کارگەکان بە سەنتەری شارەکان و نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست، هەر لە کارەبا و ئاو و ڕێگەوبان و کۆگا و، تەنانەت بنکەی تەندروستی و ژینگەوە بایەخی زۆری پێ دەدرێت، لە ستراتیژیەتی وەبەرهێنانی پیشەسازی بایەخێکی زۆر بەم ناوچە پیشەسازییانە دەدرێت.

لە ئێستادا گرێبەستی (شاری پیشەسازیی خۆراکیی کانی سپی) لە دهۆك کراوە و لە قۆناغی دەستپێکردنی ڕاکێشان و دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکانین، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی گەشەپێدەرەوە ژێرخانی ناوچە و شارە پیشەسازییەکان دروست دەکەین، ئەمەش کارئاسانیی باش بە وەبەرهێن دەدات و، دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییانەش لە ڕێگەی گەشەپێدەرەوە دەبێت، هەم خەرجی لەسەر حکومەت کەم دەکاتەوە، هەم کارئاسانی باش پێشکەش بە وەبەرهێن و کارگەکان دەکات، لە گەرمیانیش ٢٥٠٠ دۆنم تەرخان کراوە و لە سلێمانی لە عەربەت، گشەپێدەر خزمەتگوزارییەکانی دەست پێ کردووە و چەند کارگە دەستیان بە کار کردووە، لە ڕاپەڕین و کۆیە لە قۆناغی دابینکردنی زەوین و لە هەولێر لە ئارارات و تیمار وەکو دوو شاری پیشەسازی و لە قۆناغی گرێبەستدایە لەگەڵ گەشەپێدەر و، بەم شێوەیەش قۆناغی باشی بڕیوە.

*** زۆر باس لە ستراتیژیەتی وەبەرهێنانی پیشەسازی دەکرێت، ئایا مەبەست لەم ستراتیژیەتە چییە، بەتایبەتی بۆ دامەزراندن و پەرەپێدانی شارە پیشەسازییەکان؟**

- ستراتیژیەتی وەبەرهێنانی پیشەسازی بۆ بووژانەوە و دروستکردنی شارە پیشەسازییەکانە، لە ئێستادا دەرفەتێکی باش بۆ وەبەرهێنان لە بوارەکانی: پیشەسازیی پترۆکیمیاویات، پیشەسازیی پزیشکی و دەرمان، پیشەسازیی خۆراك و خواردنەوەکان، بیناسازی و کانزاسازی، ڕستن و چنین و چەرم و، چەندین پیشەسازیی جۆراوجۆری دیکەی وەکو: بەستن و بەرهەمهێنانی پاتری و پێوەری کارەبایی و کەرەستەی کارەبایی و پاککەرەوەکان و تایەی ئۆتۆمبێل و پلاستیکی تەندروست و کەلوپەلی ناوماڵ و کارگەکانی ڕیسایکلین بە هەموو جۆرەکانی پلاستیکی و شووشە و کاغەز و کارتۆن و بەرهەمهێنانی داوی خوری و لێفە و بالیف و پەردەی پلاستیکی، تا پیشەسازییە قورسەکانی چیمەنتۆ و ئاسن و ئەلەمنیۆم و تواندنەوەی سکرابی ئەلەمنیۆم و دووبارە دروستکردنەوەی کەرەستەی خاوەکەی و دەیان بەرهەمی دیکەی پیشەسازیی خۆراکی.

*** باسی پیشەسازیی خۆراکیت کرد، کە بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هەلی کار زۆر گرنگە، دەکرێت لەم ڕووەوە پێمان بڵێیت چی کراوە؟**

- کوردستان ناوچەیەکی زۆر لەبارە بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراکی، زۆر لەو خەسڵەت و بنەمایانەی هەیە کە تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەریشدا نییە، هەر لە کەشوهەوا و خاك و ئاو و کەشی چوار وەرزەوە، تاوەکو نزیکی لە بازاڕ و بوونی سامانێکی باشی کشتوکاڵ و ئاژەڵی و پەلەوەر، کە کەرەستەی خاوە بۆ کەرتی پیشەسازی، بۆ ئەمە مەبەستە لە سەرجەم شارە پیشەسازییەکان بەشێکمان بۆ پیشەسازیی خۆراکی تەرخان کردووە، لە ڕێبەری وەبەرهێنانیشدا کەرتەکانی پیشەسازی جیا کراوەتەوە و بە تێروتەسەل باسی پیشەسازیی خۆراکی و جۆرەکانی کراوە.

*** پیشەسازیی لە ڕێگەی کارگەکانەوە پێش دەکەوێت، کارگەی گەورەو بچووك و مامناوەند ئایا چی جۆرێکی پیشەسازی زۆرە و هەلی وەبەرهێنانی تێدا زیاترە؟**

- لەگەڵ تەواوبوونی ژێرخانی ناوچە پیشەسازییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، وەرچەرخانێك لە کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، بەدەیان گەشەپێدەر و وەبەرهێن داوای دروستکردنی کارگە و کارخانە و بەشداریکردنن لەگەشەپێدانی ژێرخانی ناوچە پیشەسازییەکان، ئێستا ئێمە سەرقاڵی داڕشتنەوەی پلانێکین بۆ شارە پیشەسازییەکان، بۆ پاڵپشتیکردنی سیاسەت و ستراتیژیەتی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی، یەکێك لەو خاڵانەی لە پلانەکەدایە، بەپێی توێژینەوەی کەڵکی ئابووری، کار بۆ دەستنیشانکردن و ئاراستەکردنی جۆری کارگەکان دەکەین، بەپێی ئەو توێژینەوەیە بۆ ئەو شارە پیشەسازییەی مەبەستمانە، بەمەش هەرێمی کوردستان لە بەردەم وەرچەرخان و کرانەوەیەکی گەورەی پیشەسازییدایە کە بۆ دابینکردنی هەلی کاری بەردەوام زۆر پێویستە، چونکە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لەچەند ساڵێکدا تەواو دەبێت و هەلی کاری تێدا نامێنێت، بەڵام هەرچی کارگە و کەرتی پیشەسازییە بەردەوامیی هەیە و، ژمارەیەکی زۆری دەستی کار بەکار دەهێنێت، لە یاسای ژمارە چواری ساڵی ٢٠٠٦ ئاماژەی پێ دراوە کە ٧٥٪ی پڕۆژەکان دەبێت دەستی کاری ناوخۆ بێت، لە هەموارکردنەوەی یاساکەشدا گرنگیی زیاتر بە دەستی کاری ناوخۆ دراوە و، وردە وردە ئەو ڕێژەیە ڕوو لە زیادبوون دەکەین. خاڵێکی دیکەی گرنگ پەیوەندیی نێوان دەستەی وەبەرهێنان و هاوکاری لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکانە، کە زۆر ڕووی لە باشی کردووە و، هەماهەنگی و هاوکارییەکی باشمان لەگەڵ هەمووان هەیە، بەتایبەتی وەزارەتەکانی شارەوانی و کشتوکاڵ و بازرگانی کارەبا و، هەروەها لەگەڵ ژوورەکانی بازرگانی و هەمە ڕەنگ و فرەچەشنکردنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە سیاسەت و ستراتیژیەتی وەبەرهێنان، لەم پێناوەشدا پلان و بەرنامەکانمان دادەڕێژین، ئەمەش هەمووی لە بەرژەوەندیی گەشەپێدەر و وەبەرهێنەر و بووژانەوەی ئابووریی کوردستاندایە.

**کوردستان ناوچەیەکی زۆر لەبارە بۆ بووژانەوەی پیشەسازیی خۆراکی، زۆر لەو خەسڵەت و بنەمایانەی هەیە کە تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەریشدا نییە**

**بەدەیان گەشەپێدەر و وەبەرهێن داوای دروستکردنی کارگە و کارخانە و بەشداریکردنن لەگەشەپێدانی ژێرخانی ناوچە پیشەسازییەکان**

**هەرێمی کوردستان لە بەردەم وەرچەرخان و کرانەوەیەکی گەورەی پیشەسازییدایە کە بۆ دابینکردنی هەلی کاری بەردەوام زۆر پێویستە**

**پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەچەند ساڵێکدا تەواو دەبێت و هەلی کاری تێدا نامێنێت، بەڵام هەرچی کارگە و کەرتی پیشەسازییە بەردەوامیی هەیە و، ژمارەیەکی زۆری دەستی کار بەکار دەهێنێت**

## ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد
سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بۆ گوڵان:

# پەیامی سەرۆکی حکومەت ئەوەیە لە هاوکێشەی کارکردندا خاڵی سەرەکی خزمەتکردنی هاووڵاتییە

**کێشەی وشکەساڵی و گرفتی کەمئاوی لە شاری هەولێردا کێشەیەکی بەرچاو بووە، بەڵام توانراوە بە چەشنێك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کە بە ڕاددەیەکی باش چارەسەر بکرێت، ئەم پرسە و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە کەرتی هەشتی حەسارۆك و تەواوکردنی ڕێگە ستراتیژییەکانی وەك شەقامی ١٥٠ مەتری، بوونە تەوەری دیداری گوڵان لەگەڵ ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد سەرۆکی شارەوانی هەولێر.**

*** سەرەڕای وشکەساڵی و کەمبوونەوەی ئاوی ژێر زەوی، وشکبوونی چەندین بیر لە ناو شاری هەولێر و چەندین جار شکانی بۆڕیی سەرەکیی پرۆژەی ئیفراز سێ، ئایا چۆن توانیتان گرفتی کەمئاویی گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر چارەسەر بکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە لەم بارەیەوە و لە پارێزگای هەولێر و بە ئامادەبوونی پارێزگار، چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام دا لە پەیوەندی بە سەرپەرشتیکردنی دابەشکردنی ئاو، لە ڕێگای ئەو تانکەرانەی کە خێرخوازان دابینیان کردبوو، لەگەڵ ئەو تانکەرانەی فەرمانگەکانی خۆمان دەستەبەریان کردبوون، ئەم کارەشمان وەك ئەرکێکی سەرشانی خۆمان لە ئەستۆ گرت، بۆ هاوکاریکردنی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر، چونکە دەمانزانی بە هۆی وشکەساڵییەوە چەندین گرفت ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بووەتەوە، لەو کارەدا بۆ بەهاناهاتنی ئەو هاووڵاتییانەی کە ڕووبەڕووی بێئاوی دەبوونەوە، ڕۆژانە سەدان تانکەری ئاوی خواردنەوەمان بەسەر گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێردا دابەش کردووە، بۆ کارئاسانیی هاووڵاتیانیش ژمارەی تەلەفۆنی هەموو بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکانمان بەپێی زۆنەکانیان ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان زەحمەت نەبینن و، لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە ژمارە تەلەفۆنەکانەوە ئاومان دەگەیاندە ئەو گەڕەك و کۆڵان و ماڵانە کە تووشی بێئاوی دەبوون، بەم ڕێکار و تانکەرانە توانیمان ئەم هاوینە هاوکارییەکی زۆر باشی بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر بکەین، چونکە بەردەوام لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ڕۆژانە هەر هاووڵاتی و گەڕەکێك تەلەفۆنیان کردبێت، ئەوە فریایان کەوتووین و ئاومان بەسەریاندا دابەش کردووە و نەمانهێشتووە هاووڵاتیانی خۆشەویستی شارەکەمان بێئاو بن، ئەوەی پەیوەست بێت بە

**ئەوەی پەیوەست بێت بە چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشە و گرفتی شکانی بۆڕیی پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێ، ئەوا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت، پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر لەسەر هێڵن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات چارەسەری ئەو گرفتە بکەن**


چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشە و گرفتی شکانی بۆڕیی پرۆژەی ئاوی ئیفراز سێ، ئەوا لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی حکومەت، پارێزگاری هەولێر و بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێر لەسەر هێڵن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات چارەسەری ئەو گرفتە بکەن.

*** چەندین ساڵە کەرتی هەشتی حەسارۆك بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش کراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ئاوەدان نەکراوەتەوە، دیتمان لە ماوەی ڕابردوو مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی ئەو شوێنەی کرد، هەر لەوێ ڕایگەیاند کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ جێبەجێ بکرێت، ئایا ئەمە بە کوێ گەیشتووە؟**

- کەرتی ٨ی حەسارۆك کێشەیەکی چەندین ساڵەیە و بە بێ چارەسەر مابووەوە، بەڵام لە دوای سەردانەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی ئاگاداری تەواوی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کرایەوە کە دەبێت تەواوی ڕێکارەکان بگرنەبەر بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنە، ئەوە بوو هەر لە دوای سەردانەکەی بەڕێزیانەوە بۆ ئەو شوێنە، سەرۆکایەتیی شارەوانی فەرمانگەیەکی سەربەخۆی لە ناو جەرگەی کەرتی هەشتی حەسارۆك دانا و توانیمان لەسەر ١٥٪ی داهاتی خۆمان کار بکەین، بۆ دانان و ئامادەکردنی پرۆفایلی ئەو گەڕەکە، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوو توانرا لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێرەوە گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیای گەلیاوە واژوو بکەن، بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە کەرتی هەشتی حەسارۆك وەك دروستکردنی شەقامێکی سەرەکیی دووسایدی ٦٠مەتری کە درێژییەکەی نزیکەی سێ کیلۆمەترە بە هەموو بڕگەکانی خزمەتگوزارییەوە، بەتایبەت ئاوەڕۆ بە قەبارەی و شێوەی جیاجیای لوولەیی و سندوقیی لەگەڵ لێدانی چوار بیری ئاوی خواردنەوە، وەك هەنگاوی یەکەم، دواتر چواربیری دیکەش بۆ گەڕەکەکە لێ دەدرێت، هەروەها دروستکردنی کۆڵانەکان بە ڕێککردن و تێکەڵەڕێژکردن و قیرتاوکردنیان، کە گوژمەی ئەو گرێبەستە بەگشتی حەوت ملیار و ٥٠٠ملیۆن دیناری عێراقییە، کە ئەو بودجەیە لە ڕێگای فرۆشتنی زەوییە نایابەکان و ڕوکنەکانەوە دابین کراوە و، پارەکەش لە هەژمارێکی تایبەتدا دانراوە. لە ڕاستیدا گرفتی کەرتی هەشتی حەسارۆك زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام بە هیممەت و بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەو گرفتە ئاڵۆزە چارەسەر کرا و لە ئێستادا سەرجەم ئامێر و پێداویستییەکان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان لەو شوێنەدا لە کارکردندان و، ماوەی ١١٠ ڕۆژ بۆ تەواوکردنی خزمەتگوزارییەکان کەرتی هەشتی حەسارۆك دانراوە، بەڵام کۆمپانیای گەلیاوە کە خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی زۆرە، بەڵێنی داوە بە کەمتر لەو ماوەیەش کارەکانی تەواو بکات.

*** لەسەر داهاتی شارەوانی چەندین پرۆژە لە ناو شاری هەولێر و گەڕەکەکان ئەنجام دراوە و، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا گوێبیست بووین کە گەڕەکی سیمی خاتووناوەش بە تەواوی قیرتاو دەکرێت، ئایا ئەم کار و پرۆژەیە لەئارادایە؟**

- جگە لەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بۆ هەشتی حەسارۆك ئەنجام دەدرێت، هاوکات چەندین پرۆژەی دیکەش بۆ ناو شاری هەولێر لە پلان و بەرنامەماندایە، لەوانە دەستکردن و قیرتاوکردنی ٢٢ کۆڵان لە گەڕەکی هەولێری نوێ و بە گوژمەی نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دینار، هاوکات لە هەولێری نوێدا چەند کۆڵانێك دەمێنێت قیرتاو بکرێت، کە ئەویش بڕیاری لەسەر دراوە و لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگا جێبەجێ دەکرێت، هەروەها قۆناغی یەکەم و دووەم و سێیەمی قیرتاوکردنی



گەڕەکی ڕۆشنبیری کە بڕی تێچووەکەی ٨٠٠ملیۆن دینارە، چووەتە بواری جێبەجێکردن، قیرتاوکردنی هەموو کۆڵانەکانی گەڕەکی سیمی خاتووناوە لە بەرنامەدایە، پارێزگای هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر جێبەجێی دەکات.

*** بۆچی چوارڕێیانی سەرشەقامی ٦٠ مەتری کە بۆ گەڕەکی نەورۆز دەچێت، گیراوە، ئەو پڕۆژەیە چییە؟**

- ئەمە پڕۆژەیەکی ئاوەڕۆی ئاوی بارانە، کە لەلایان بەڕێوەبەرایەتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەولێرەوە بە سەرپەرشتیی ئەنجومەنی وەزیران جێبەجێ دەکرێت، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو چاوپێکەوتنەکاندا دووپاتی خاڵێکی زۆر گرنگ دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە لە هاوکێشەی کارکردندا خاڵی سەرەکی خزمەتکردنی هاووڵاتییە و، دەبێت هاووڵاتیان ڕێزیان لێ بگیرێت، دەبێت فەرمانگەکانی حکومەت لە خزمەتیاندا بن، بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، هەر بۆیە ئەو هاوکێشەیە بۆ ئێمەش زۆر گرنگە، کە جەنابی سەرۆکی حکومەت لە هەموو بۆنە و مەراسیم و چاوپێکەوتنێکدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئێمەش پابەندی ئەو پەیام و بڕیارەی جەنابی سەرۆکی حکومەتین و لە ڕاپەڕاندنی مامەڵەی هاووڵاتیاندا درێغی ناکەین.

*** سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گلەیی لە کەمیی پانتایی سەوز هەبوو، کە دەبینین چەندین ساڵە نەتوانراوە ڕووبەری سەوزایی لە ستانداردی جیهانی نزیک بێتەوە، ئایا پلان و بەرنامەتان بۆ زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی بۆ شاری هەولێر چۆنە؟**

- تا ئێستا ڕێژەی سەوزایی لە ناو شاری هەولێر -کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەندازەی پارك و باخچەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر ئەنجام دەدرێت- (١٩,٥٪)ـە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی کەمە بۆ شاری هەولێر، چونکە هەولێر زۆر بەرفراوان بووە و، پێویستە ڕێژەی سەوزایی هەولێر بەپێی نەخشەی بنەڕەتیی ئاوەدانیی شارەکە لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، چەندە ڕێژەی سەوزایی زیاتر بکەین، ئەوەندە زیاتر کەشوهەوایەکی باشتر بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەبێت، هەر بۆیە پلانی سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر ئەوەیە کە ئەو ڕێژەی سەوزاییەی لە هەولێر هەیە زیاتر بکەین، ئەمەش بەوە دەکرێت کە ئەو شوێنانەی لە ناو شار و گەڕەکەکانی هەولێر بۆ باخچەو پارك و سەوزایی تەرخان کراون، بودجەیان بۆ دابین بکرێت، تاوەکو بچنە بواری جێبەجێکردنەوە. هەروەها لە پلانماندایە ئەو کارگانەی لە قەتەوی هەیە، لە ئایندەدا بیانگوازینەوە بۆ شوێنێکی شیاو و دوور لە شار، شوێنەکەش بە سوودوەرگرتنی ئاوی کەندەکە، کە سەدان دۆنم زەوی دەبێت، بیکەین بە سەوزایی وەك پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان، کە ئەمەش دەبێتە شوێنێکی باش و گونجاو بۆ گەڕەکە هەژارنشینەکانی ئەو سنوورە و چەندین گەڕەکی دیکەی ئەو سنوورە، لەلایەکی دیکە ئەو کارو پڕۆژەیە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تەپوتۆز و لەباربوونی کەشوهەوایەکی پاك و باش بۆ هاووڵاتیانی ئەو گەڕەکانەی نزیکن لەو شوێنە.

*** لە دوای تەواوبوونی پڕۆژەی شەقامی بازنەیی ١٢٠ مەتری، کە یەکێك لە پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە کە ئاسانکارییەکی زۆری بۆ هاتوچۆی ناو شاری هەولێر دەستەبەر کردووە و، پاشان پڕۆژەیەکی زۆر گەورە و ستراتیژیی دیکە کە شەقامی ١٥٠ مەترییە ئەنجام دەدرێت، ئایا گرنگیی ئەو پڕۆژەیە بۆ هاتوچۆی هەولێر و گەیاندن بە شارێگەکانی دەرەوەی هەولێر چەندە؟**

- هەولێر گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونێکی زۆری بەخۆوە بینیوە، وەك دەزانین سیمای شارستانیی هەر شارێك ئاوەدانییە، سەرەڕای ئەوەی ئەو شەقامانەی وەك ١٢٠ و ١٥٠ مەتری زۆر گرنگن بۆ گەیاندنی خاڵەکانی ناو شارەکە، هاوکات بۆ بووژانەوەی باری ئابووریی شاریش گرنگیی زۆر و تایبەتیی خۆیان هەیە، ئەو شەقامە ستراتیژییانە هۆکارێکی زۆر کاریگەرن بۆ کەمبوونەوەی جەنجاڵیی هاتوچۆی ناو شار، وەك دروستکردنی شەقامی ١٢٠ مەتری کە ماوەیەکە لە خزمەتکردنی خەڵکدایە،

**کەرتی ٨ی حەساڕۆک کێشەیەکی چەندین ساڵەیە و بە بێ چارەسەر مابووەوە، بەڵام لە دوای سەردانەکەی ڕێزدار مسرور بارزانی ئاگاداری تەواوی فەرمانگە پەیوەندیدارەکان کرایەوە کە دەبێت تەواوی ڕێکارەکان بگرنەبەر بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنە**

**لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوو توانرا لەلایەن وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار و پارێزگاری هەولێرەوە گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیای گەلیاوە واژوو بکەن، بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بە کەرتی هەشتی حەساڕۆک**

**گرفتی کەرتی هەشتی حەساڕۆک زۆر ئاڵۆز بوو، بەڵام بە هیممەت و بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەو گرفتە ئاڵۆزە چارەسەر کرا و لە ئێستادا سەرجەم ئامێر و پێداویستییەکان بۆ جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکان لەو شوێنەدا لە کارکردندان**



و دروستکردنی شەقامی ١٥٠ مەتری -کە قۆناغێکی لە ١٠٠٪ تەواو بووە و قۆناغی دووەمیشی ٨٠٪ی تەواو کراوە و، واچاوەڕوان دەکرێت پێش سەری ساڵ ئەو بەشەش تەواو ببێت، شەقامێکی دیکەش کە زۆر گرنگ و پێویستە کە شەقامی هەولێر- گۆپاڵە کە ئەو ڕێگایەش پێش سەری ساڵ تەواو دەبێت، تەواوبوونی ئەو دوو پڕۆژەیەش دەستکەوتێکی زۆر گرنگە بۆ شاری هەولێر، بەو کار و پڕۆژە و ئاوەدانکردنەوانەی حکومەتی هەرێم، لە ئێستادا هەولێر بووەتە یەکێك لە شارە هەرە گرنگەکانی عێراق و دەتوانم بڵێم شاری هەولێر پێشکەوتووترین و ئاوەدانترین شاری عێراقە.

*** وەك دەزانین ١٥٪ی داهاتی خۆتان بۆ پڕۆژەکان بەکار دەهێنن، ئایا وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار تا چەند دەست واڵای کردوون، بۆ بەکارهێنانی ئەو ڕێژەی داهاتە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکان؟ ئایا سەرۆکی حکومەت لەوبارەوە تا چەند پشتیوانتانە؟**

- لێرەدا داواکارییەکەمان لە بەڕێز وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕێژەی داهاتە کە ١٥٪ـە بۆ شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ڕێژەیەکی کەمە و، پێشتریش ئەو ڕێژەیە ٢٠٪ بوو، ئەگەر وەك پێشووشی لێ ناکرێتەوە، ئەوا بۆمان بکەنە ١٨٪، چونکە بە زیادکردنی ئەو ڕێژەیە، ئەوا خزمەتگوزارییە مامناوەند و بچووکەکان و قیرتاوکردنی شەقامەکان و بەهاناهاتنی هاووڵاتیان زیاتر دەبێت، هەر بۆیە خوازیاری ئەوەین وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار موداخەلەیەك لەلایەن وەزیری دارایی بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو داهاتەی ئێمە ڕێژەکەی زیاد بکات، چونکە بە زیادبوونی ئەو داهاتە، ئەوا سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر دەتوانێت خزمەتی زیاتر و باشتر پێشکەش بە شاری هەولێر بکات، لەلایەکی دیکەوە ئێستا نۆ بەڕێوەبەرایەتیی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانین و بە گەورەبوون و بەرفرەوانبوونی شارەکە، لە پلاندایە چەندین شارەوانیی دیکە وەك بنەسڵاوە و دارەتوو و بەحرکە و...هتد، بخرێنە سەر سەرۆکایەتیی شارەوانی هەولێر و، ئێستا شەش بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانیمان هەیە و مەزندە دەکەم ببێتە نۆ بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیی سەر بە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر.

**لە پلانماندایە ئەو کارگانەی لە قەتەوی هەیە، لە ئایندەدا بیانگوازینەوە بۆ شوێنێکی شیاو و دوور لە شار، شوێنەکەش بە سوودوەرگرتنی ئاوی کەندەکە، کە سەدان دۆنم زەوی دەبێت، بیکەین بە سەوزایی وەک پارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان**



ئیدریس ڕەمەزان
مامۆستای کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# گۆڕانکاری و بووژانەوەی ئابووری لە گرنگترین دەستکەوتەکانی حکومەتن

**حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەڕای تەحەددییەکان لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی کۆمەڵێك چاکسازی و گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابووری بکات، کە گرنگترینیان ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بوو بەرەو کەرتەکانی پیشەسازی، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات، بۆ قسەکردن لەسەر گرنگیی ئەم گۆڕانکارییانە بۆ سەر هەردوو بواری دارایی و ئابووری، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئیدریس ڕەمەزان پسپۆر و شارەزا لە بواری دارایی و مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین سازدا.**

*** وەکو کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری دارایی، ئایا هەڵسەنگاندنتان بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهات و ئەدای ئابووریی بە گشتی لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە چییە؟**

- شەڕی داعش و کۆرۆنا و قەیرانی دارایی و گەمارۆ و دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە؛ کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر دۆخی ئابووری بە گشتی کرد، ئەوە بوو لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا زۆربەی ئەم هۆکارانە تەحەددیياتی گەورەی بەردەم کابینەکە بوون. بوونی عەقڵییەتی شۆڤێنی و مەرامی جۆراوجۆر لە دەرەوەی سنوورەکان بەردەوام لە دژی ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییە ڕاوەستاوەتەوە کە کوردستانی جیاواز کردووە لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق. لەگەڵ ئەمەشدا دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر دەستپێکی کارەکانی کابینەکەدا بە هەموو پێوەرە دارایی و ئابوورییەکان دەتوانین بڵێین حکومەت سەرکەوتوو بووە لە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆر لە کۆسپ و ئاستەنگەکاندا، لە سەرەتای کابینەکەدا سەرۆکی حکومەت وتی: «دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانمانە»، هەرواش دەرچوو، خۆی لەخۆیدا پێدانی مووچەکان لە کاتی خۆیدا و کەمکردنەوەی خەرجیی ناپێویست و زیادکردنی داهات و دانەوەی زیاتر لە یەك ملیار دۆلار قەرز، دەستکەوتێکی گرنگن، ئەوەتا هاتنی بە لێشاوی ئاوارە و پەناهەندە کە بۆ دوو مەبەستی سەرەکیی سەقامگیری و دۆزینەوەی هەلی کار ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، خۆی لەخۆیدا سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە بارودۆخی ئەمنی و سەقامگیری و ئابووری زۆر باشترە لە ناوچەکانی دیکەی عێراق و دەوروبەرمان، لەمەشدا بەخت یاوەرمان بوو، بەوەی نرخی بەرمیلێك نەوت کە لە دەستپێکی کابینەکەدا و لە زەمەنی کۆرۆنادا بۆ ئاستێکی زۆر مەترسیدار دابەزی و لە ئێستادا زۆر زیادی کردووە.

*** بڕیارەکەی دادگای بەناو فیدراڵیی عێراق دژی یاسای نەوت و گازی هەرێم و ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم و تەنانەت لێدوان و هەڵسوکەوتەکانی خودی وەزیری نەوتی عێراق تا چەند کارێکی نادەستووری و نایاسایی بووە؟ ئایا ئەم هەڵوێستە دوژمنکارییانە تاچەند کاریگەریی لەسەر ئابووریی هەرێم دەبێت؟**

- هەست و حەزی دوژمنکارانەی عەقڵیەتی شۆڤێنی بەرامبەر کورد لە بەغدا درێژەی هەیە، وێرانکردنی گوند و ئەنفالکردنی مرۆڤی کورد و سڕینەوەی ناسنامە، ئەمڕۆ بە شێوەی بڕینی بودجە و تەرحیل و تەعریب و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و بڕیاری دادگا و فەرمانەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بەردەوامیی هەیە، ئەوان بڕوایان بە فیدراڵییەت نییە و دەیانەوێت هەرێم وەکو پارێزگایەکی عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکەن، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی حەکیمانە مامەڵەیەکی ڕاست و دروست و دیپلۆماسییانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات و خۆی لە هەموو گرژی و ئاڵۆزییەك بە دوور کردووە، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو بۆ کپکردنی دەنگی نەیارانی کورد لە بەغدا و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان و لەم ڕووەوش توانرا بەشێك لە

**عەقڵییەتی شۆڤێنی و مەرامی جۆراوجۆر لە دەرەوەی سنوورەکان بەردەوام لە دژی ئەو سەقامگیرییە سیاسی و ئابوورییە ڕاوەستاوەتەوە کە کوردستانی جیاواز کردووە لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق**

**پێدانی مووچەکان لە کاتی خۆیدا و کەمکردنەوەی خەرجیی ناپێویست و زیادکردنی داهات و دانەوەی زیاتر لە یەک ملیار دۆلار قەرز، دەستکەوتێکی گرنگن**

**وێرانکردنی گوند و ئەنفالکردنی مرۆڤی کورد و سڕینەوەی ناسنامە، ئەمڕۆ بە شێوەی بڕینی بودجە و تەرحیل و تەعریب و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و بڕیاری دادگا و فەرمانەکانی وەزارەتی نەوتی عێراق بەردەوامیی هەیە**

بەشە بودجەی هەرێم و شایستە داراییەکانی جووتیاران زامن بکرێت و بازاڕەکانی عێراق واڵا بکرێت لە بەردەم ساخکردنەوەی کاڵای جووتیارانی کورد و پیشەسازیکاراندا. سەبارەت بەوەی تاچەند بڕیاری دادگای فیدراڵی یاسایی و دەستوورییە، وابزانم بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوتووە کە دادگای فیدراڵی لە ژێر فشار و ئەجیندەی دەرەکییە و بڕیارەکانی یاسایی و دەستووری نییە و تەنانەت کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەرمان نابێت.

*** پرۆسەی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی سیاسەتی ئابووری و دانانی سیاسەت و ستراتیژێکی تازە بۆ پشتبەستن بە تواناکانی خۆمان و فرەچەشنکردنی ئابووری کارێکی ئاسان نییە، لەم لایەنەوە لە ڕووی داراییەوە بیروبۆچوونت سەبارەت بەم چاکسازی و گۆڕانکارییە چییە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی سەرکەوتنی کابینەکە لە چارەسەرکردنی کەموکورتییەکان بەرزە، بۆ هەموو کێشەیەك سەرۆکی حکومەت ڕاستەوخۆ کۆبوونەوە دەکات و بڕیار دەردەکات، بۆ نموونە هەموومان لە زستاندا لە گەورەیی مەترسییەکانی کەم ئاوی و وشکەساڵی زانیاریمان هەبوو، هەرگیز پێشبینی ئەوە نەدەکرا ساڵێك بەڕێ بکەین بە کەمترین کێشە لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەرهاویشتە و گرفتەکانی وشکەساڵی دەرکەوتووە. خاڵێکی گرنگی پلانەکانی کابینەکە دەستپێکردنەوە و فراوانبوونی کاری وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت بوو، کە وای کردووە سەرجەم سێکتەرەکانی خانووبەرە و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و بازرگانی و پەروەردە و تەندروستی و وزە ڕوو لە گەشەکردن بکات، کە لەگەڵ خۆیدا بە هەزارەها هەلی کار بۆ گەنجەکان دابین بکات، واتە بە کردەیی ڕوومان لە فرەچەشنکردنی ئابووری کردووە.

*** ئاماژەت بە ئاستەنگەکان کرد لە بەردەم چاکسازیدا، ئاشکرایە یەکێك لە ڕێگرییەکانی بەردەم گەشەی ئابووری و دارایی مەسەلەی گەندەڵییە؛ ئایا تاچەند تواناوە گەندەڵی ڕابگیرێت و یاسا سەروەر بێت و چیتر ئەوەندە میللەتەکەمان نەبێتە قوربانیی ئەم دیاردە مەترسیدارە؟**

- زۆرجار گەندەڵی تێکەڵ بە کایەی سیاسی بووە، وەکو ئەوەی لە فەرهودکردنی بانکەکانی سلێمانی و دەستتێوەردانی خاڵە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویان دا، زۆربەی حزبە سیاسییەکان کاتێك سەرۆکی حکومەت دروشمی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی بەرز کردەوە، وایان دەزانی ئەمە دەستکەوتێکە تەنیا بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتە، بۆیە دژایەتییان کرد لە بری ئەوەی خۆیان بکەنە خاوەنی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی، هەروەها نەبوونی هەماهەنگیی لایەنە سیاسییەکان و دەستتێوەردانی حزبی کۆسپ و تەگەرەی لە بەردەم چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی داناوە، لەم کابینەیەدا توانرا بنەماکانی دژە گەندەڵی زیاد بکرێت، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجی زیادە و بەهەدەرنەدانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجی کەمالیات لە بەرامبەردا دەزگاکانی چاودێریی دارایی و دەستەی دەستپاکی و دادگاکان ئازاد کران لە هەڵدانەوەی تەنانەت ئەو دۆسیيانەی گەندەڵی کە لە کابینەکانی دیکەدا هەبووە، بەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی گەندەڵی بەو شێوە فراوان و گەورەیە ڕابگرێت و کاری جددی لەسەر دژە گەندەڵی بکرێت، واتا ئەو هۆکارانەی گەندەڵی تێیدا دەکرێت و بە درز و کەلێنەکانی یاسایی و دارایی دادەنرێت، دایخست، کەمکردنەوەی ئەمجۆرە خەرجییانە هەر تەنیا ڕێگر نەبوون لە بنبڕکردنی گەندەڵی، بەڵکو بووە هۆی زیادبوونی داهاتی هەرێمی کوردستان.

*** چاکسازی لە بواری نەوتدا بە یەکێك لە دەستکەوتەکانی دیکەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، هەوڵەکانی بەرزکردنەوەی داهاتی نەوتی چۆن دەبینیت؟**

- هەر چەندە سێکتەری نەوت و گاز بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، بەڵام پشتبەستنی لە ڕادەبەدەری لایەنی دارایی و ئابووری بەم سێکتەرە کارێکی مەترسیدارە، لە دەستپێکی کارەکانی کابینەکەدا سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆری بە پیادەکردنی سیاسەتی فرەچەشنکردنی

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی حەکیمانە مامەڵەیەکی ڕاست و دروست و دیپلۆماسییانە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکات و خۆی لە هەموو گرژی و ئاڵۆزییەک بە دوور کردووە**

**بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوتووە کە دادگای فیدراڵی لە ژێر فشار و ئەجیندەی دەرەکییە و بڕیارەکانی یاسایی و دەستووری نییە و تەنانەت کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەرمان نابێت**

**لە زستاندا لە گەورەیی مەترسییەکانی کەم ئاوی و وشکەساڵی زانیاریمان هەبوو، هەرگیز پێشبینی ئەوە نەدەکرا ساڵێک بەڕێ بکەین بە کەمترین کێشە لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەرهاویشتە و گرفتەکانی وشکەساڵی دەرکەوتووە**

**زۆرجار گەندەڵی تێکەڵ بە کایەی سیاسی بووە، وەکو ئەوەی لە فەرهودکردنی بانکەکانی سلێمانی و دەستتێوەردانی خاڵە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی ڕوویان دا**

داهات و جۆراوجۆرکردنی ئابووری داوە، وێڕای کۆسپ و ئاستەنگەکانی وشکەساڵی و نەبوونی سیولەی پێویستی دارایی و ڕێگرییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و وێرانبوونی ژێرخانی گوندەکان و ناوچە کشتوکاڵییەکان و نەبوونی حەزی وەبەرهێنەران بۆ چوون بەرەو کەرتی پیشەسازی، بەڵام کابینەکە سەرکەوتوو بوو بەوەی کەرتی کشتوکاڵ لە زۆر بواردا ببووژێنێتەوە و وەبەرهێنانی کەرتی پیشەسازی لە ڕیزبەندی پێشەوەی وەبەرهێنانەکان بکات، ئامار و داتاو زانیارییەکان دەری دەخەن کە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان نەك هەر دەستی پێ کردەوە، بەڵکو قەبارەکەی ڕووی لە زیادبوون کردووە، کەرتی نەوت و گازیش لەناو سێکتەرەکاندا بە هەمان شێوەیە، ڕێژەی داهاتی ڕووی لە زیادبوون کردووە و کاریگەریی باشی لەسەر پێدانی مووچەکان هەبووە، ئێستا حکومەت دەتوانێت هەنگاو بەرەو کەرتی پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و پیشەسازیی نەوتی و بەرهەمهێنانی بەنزین و نەوت و گازوایل بنێت و گاز لەپێناو بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاربهێنێت و بەنزینی کوالێتی باش دابین بکات، تەنانەت بە داهاتی نەوت کەرتەکانی کشتوکاڵ و ڕێگاوبان و بەنداو و کارەبا و ئاو و دروستکردنی شارە پیشەسازییەکان زیاتر ببووژێنێتەوە، کە لە ئێستادا سەرەتاکەی دەرکەوتووە.

*** لە ڕووی زانستی داراییەوە زۆر لەو سێکتەرە خزمەتگوزارییە پێویستییانەی هاووڵاتیان کە بە سێکتەری «حەیاتی» دادەنرێن، وەکو دابینکردنی ئاو و کارەبا و نەوت و بەنزین و خۆراك، یان هەردوو کەرتی پەروەردە و تەندروستی کە حکومەت پاڵپشتییەکی زۆری دەکات تا چەند حکومەت ڕێکی خستووەتەوە؟**

- حکومەتی خەڵك و دابینکردنی مووچە لە ڕیزبەندی کارەکانی کابینەی نۆیەم دادەنرێت و هەنگاوی باش نراوە و ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا زۆر زیاد بووە و پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ لێرە و لەوێ جێبەجێ دەکرێت و بەنزین لەگەڵ ئەوەی نرخەکەی لە ئاستی جیهان بەرز بووەتەوە، بە نرخی پاڵپشتیکراو دابین دەکرێت، بەڵام نرخی پاڵپشتیکراوی کارەبا و ئاو بەو واتایە نایەت تۆ بەهەدەری بدەی و زیاد لە پێداویستیی خۆت بەکاری بهێنیت، کەمکردنەوەی سەرپێچییەکان و چاودێری و بەدواداچوونەکان کارێکی باشە، لەمەش گرنگتر حکومەت نامەرکەزی پیادە کردووە و چەند ئیدارەیەکی سەربەخۆ و دەسەڵاتێکی زۆری بۆ قەزا و قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە و فەرمانگەکانی دابەزاندووە، لە ئێستادا چەند هەوڵێکی باش هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ٧٥ مێگاوات کارەبا بە وزەی خۆر و بەشێکی دیکەش بە وزەی پاك. خۆ ئەگەر ئاستی ئەم پاڵپشتییانە کەم نەکرێتەوە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان و هەڵکشانی خواست و بوونی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەناهەندە و کرێکاری بیانی پاڵەپەستۆکە زۆر زیاتر دەبێت.

سەبارەت بە فرەچەشنکردنی ئابووری زۆر سێکتەر دەکرێتەوە، تەنانەت کەرتی تەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و گەشتیاری بە هەموو جۆرەکانی ئایینی و شوێنەوار و سرووشتی و هاوینە و زستانەش لەخۆ دەگرێت، دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان و شارە پیشەسازییەکان و سێ سایلۆ و کڕینەوەی گەنمی جووتیاران لەمەش گرنگتر هەوڵەکانە بۆ دروستکردنی کارگە گەورەکانی پیشەسازیی خۆراکی کە لە ڕووی ئابووری و کەڵکی ئابوورییەوە زۆر لەبارە و لە هەرێمی کوردستان دامەزرێت و لە ڕووی باج و ڕسومات و دابینکردنی هەلی کار و کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی چوونە دەرەوەی دراوی گرانبەها و تەنانەت ناردنە دەرەوەی بۆ بازاڕەکانی مووسڵ و ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر گرنگن و داهاتی نەوت گرنگە بۆ دابینکردنی سیولە و بونیاتنانی ژێرخانی ئابووری و دابینکردنی مووچەکان و هاندانی بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی، لەم کابینەیەدا چەندین بەرهەمی وەکو چیمەنتۆ و ئاسن و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پەلەوەر و بەردی مەڕمەڕ و چەندین کانزای دیکە دەچێتە بازاڕەکانی خوارووی عێراق کە زۆر گرنگن. بەمشێوەیە چاکسازیی دارایی و گۆڕانکاری لە پەیکەری ئابووری و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بەرەو کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری گرنگترین دەستکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون.

**زۆربەی حزبە سیاسییەکان کاتێک سەرۆکی حکومەت دروشمی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی بەرز کردەوە، وایان دەزانی ئەمە دەستکەوتێکە تەنیا بۆ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتە، بۆیە دژایەتییان کرد لە بری ئەوەی خۆیان بکەنە خاوەنی چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی**


**ئێستا حکومەت دەتوانێت هەنگاو بەرەو کەرتی پیشەسازیی پترۆکیمیاوی و پیشەسازیی نەوتی و بەرهەمهێنانی بەنزین و نەوت و گازوایل بنێت و گاز لەپێناو بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاربهێنێت**

**لە ئێستادا چەند هەوڵێکی باش هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ٧٥ مێگاوات کارەبا بە وزەی خۆر و بەشێکی دیکەش بە وزەی پاک**

**چەندین بەرهەمی وەکو چیمەنتۆ و ئاسن و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و پەلەوەر و بەردی مەڕمەڕ و چەندین کانزای دیکە دەچێتە بازاڕەکانی خوارووی عێراق کە زۆر گرنگن**

**دلێر عەبدوڵڵا حەسەن**
بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر بۆ گوڵان:

# لە سیستمی پەروەردەدا دەست بە گۆڕانکاری و چاکسازیی بەرچاو کراوە



**پرۆسەی پەروەردە گرنگییەکی بنەڕەتی و چارەنووسسازی هەیە لەسەر ڕەوتی کۆمەڵگە و پاشەڕۆژی هەر وڵاتێك، کە پێویستە بەردەوام بایەخی جددی پێ بدرێت و، گۆڕانکاری و چاکسازیی پێویستی تێدا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی ئەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە و ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم پرسانە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دلێر عەبدوڵڵا حەسەن بەڕێوەبەری پەروەردەی ناوەندی هەولێر.**

*** پەتای کۆرۆنا لە ساڵی ڕابردوو کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەبوو، بەڵام ئایا تێکڕای قۆناخەکانی خوێندن بە پۆلی (١٢) شەوە، هەموو پرۆگرامەکانیان تەواو کرد و پرۆسەی خوێندن لە ساڵی ڕابردوو بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات؟**

- پەتای کۆرۆنا لە هەموو وڵاتانی جیهان کاریگەریی لەسەر تەواوی سێکتەرەکانی ژیان هەبووە، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبووە لەو پەتایە، بێگومان تا ڕاددەیەك پرۆسەی خوێندن

زەرەرمەند بوو، بەڵام وەزارەتی پەروەردە هەوڵی دا بە پلانی تایبەت چارەسەر و قەرەبووی ئەو لەدەستچوونی پرۆگرامانە بکات، کە قوتابیان نەیانتوانیبوو لەناو پۆلەکان بیخوێنن، ئەویش بە ئامادەکردنی پلاتفۆرمێکی پەروەردەیی و وێبسایتێك بە ناوی (ئیوانە)، ئەم ئیوانەیە تەواوی وانەکانی قوتابی لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندن بە ڤیدیۆ تێدا تۆمار کرابوو، لەلایان باشترین و ناودارترین مامۆستایانی هەرێمی کوردستانەوە و وانەکان وەك ئەوەی قوتابی لە پۆل دانیشتبێت، دەوترانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی پرۆگرامەکانی خوێندن کۆپی کرابوون بە شێوەی (پی دی ئێڤ)، لە بەردەستی قوتابیاندا بوو، هەوڵ درا لە ڕێگای ئەو وێبساتەوە قوتابیان قەرەبووی وانەکانیان بکەنەوە بە گوێگرتنی وانەکان لەماڵەوە، بەڵام بۆ پۆلی ١٢ هەوڵ درا زۆرترین وانەکانیان لە ناو پۆلدا بخوێندرێت و ئامادە بکرێن بۆ ئەزموونە گشتییەکان، دەرئەنجام لە کۆتاییدا هەست کرا کە هەندێك بابەتی کۆتاکان لە هەندێ وانەی زانستی نەخوێندراون، بۆیە وەزارەتی پەروەردە کەمکردنەوەی لە هەندێ بابەت ئەنجام دا و، دەتوانین بڵێین ساڵی ڕابردوو پەتای کۆرۆنا ڕاستە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەبووە، بەڵام بە هۆی ئەو پلانانەی وەزارەتی پەروەردە دایڕشت، قەرەبووی خوێندنی کردووە.

*** وەك دەزانین کابینەی نۆیەم لە هەموو سێکتەرەکاندا گۆڕانکاریی باش و گرنگی ئەنجام داوە، ئایا لە پرۆسەی پەروەردە و خوێندن بۆ ساڵی ڕابردوو، یان لە تەمەنی ئەو کابینەیەدا هەست بە چ گۆڕانکارییەك دەکەیت؟**

- بێگومان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی پاڵپشتی و هاوکارییەکی تەواوی وەزارەتی پەروەردە کرا، بە دروستکردنی چەندین باڵەخانە، چ لە ڕێگای داهاتی حکومەت، یان لە ڕێگای دامەزراوە مەدەنییەکان و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و کەسانی خاوەن دەرامەتەوە بێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی زۆری قوتابخانەکان لە سەرجەم پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان نۆژەن کراونەتەوە، لە هەمان کاتدا بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ ساڵی ڕابردوو دوو جار هاوکاری بۆ تەواوی ناوەندەکانی خوێندن تەرخان کراوە و هەر جارێك بڕی سێ ملیار دینار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کارگێڕی خەرج کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەزامەندییان داوە بە پێدانی پارەی کرێی فرۆشگاکان بە ناوەندەکانی خوێندن، هەموو ئەو هاوکارییانە بۆ ئەوە بووە کە ناوەندەکانی خوێندن بتوانن پێداویستییەکانیان دابین بکەن، هاوکات چاپکردنی پەڕتووکەکان بە ڕێژەی ١٠٠٪ بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و دابینکردنی نەوتی سپی بۆ تەواوی قوتابخانەکان، بە تایبەت بۆ شوێنە سارد و دوورە دەستەکان و گوندەکانی سەر سنوور. لەلایەکی دیکەوە وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە سیستمی خوێندن گۆڕانکارییەکی بەرچاو بکات و تەواوی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە بە ئەلکترۆنی بکات، لە پرۆسەی ئەزموونە گشتییەکان داهێنان و گۆڕانکاریی گەورە ئەنجام دراوە، لە دانانی شێوازی پرسیار و گرووپ و نووسینی ناو و کۆد و زانیارییەکانی قوتابی لەسەر پرسیار، هەروەها فۆڕمی (سۆما) کە قوتابی لەسەری وەڵام دەداتەوە، تەواوی گۆڕانکاریی تیا کراوە و تەواوی زانیاریی قوتابی لەسەر تۆمار کراوە و، لەسەر هەمان فۆڕمی سۆما وێنەی قوتابی لەسەر کۆپی دەکرێت، لە ئەنجامدا قوتابی فۆڕمی سۆما و پرسیارەکان بە تەواوی زانیاری و وێنەی خۆیەوە وەردەگرێت، کە تایبەتمەندە بەخۆیەوە، هاوکات ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان لە پرۆسەیەکی گەورەی وەزارەتی پەروەردە دەستی پێ کردووە، کە بۆ ئەمساڵی خوێندن جەخت لەوە دەکاتەوە سەرجەم مامۆستایان بەشداریی خولەکان بکەن، تاوەکو هەر مامۆستایەك زانیاریی نوێ لەسەر پرۆگرامەکەی خۆی لە شێوازی وانەوتنەوەدا بەدەست بهێنێت.

*** ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم لە زیادبوونە، بەو پێیەش ژمارەی قوتابیان لە زیادبووندایە، ئایا بینایەی قوتابخانە و ژمارەی مامۆستایان بەپێی پێویستە، یان پێویست بەوە دەکات بۆ دروستکردنی بینایەی زیاتر بەرنامەو پلان هەبێت؟**

**ساڵی ڕابردوو پەتای کۆرۆنا ڕاستە کاریگەریی لەسەر پرۆسەی خوێندن هەبووە، بەڵام بە هۆی ئەو پلانانەی وەزارەتی پەروەردە دایڕشت، قەرەبووی خوێندنی کردووە**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمدا بە سەرۆکایەتیی ڕێزدار مسرور بارزانی پاڵپشتی و هاوکارییەکی تەواوی وەزارەتی پەروەردە کراوە**

**بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت بۆ ساڵی ڕابردوو دوو جار هاوکاری بۆ تەواوی ناوەندەکانی خوێندن تەرخان کراوە و هەر جارێک بڕی سێ ملیار دینار بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی کارگێڕی خەرج کراوە**

**ڕاهێنانی بەردەوامی مامۆستایان لە پرۆسەیەکی گەورەی وەزارەتی پەروەردە دەستی پێ کردووە، کە بۆ ئەمساڵی خوێندن جەخت لەوە دەکاتەوە سەرجەم مامۆستایان بەشداریی خولەکان بکەن، تاوەکو هەر مامۆستایەک زانیاریی نوێ لەسەر پرۆگرامەکەی خۆی لە شێوازی وانەوتنەوەدا بەدەست بهێنێت**

**راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییەکی تەواوی کەرتی پەروەردەی کردووە، بەڵام قەیرانە داراییەکانی ساڵانی ڕابردوو و شەڕی داعش کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە**

**ئێستاش پێویستمان بە دروستکردنی چەندین باڵەخانەی قوتابخانە هەیە، بەتایبەت لەو گەڕەکە تازانەی ناو شاری هەولێر کە ڕۆژانە ژمارەی دانیشتووانیان لە زیادبووندایە**

**بە هۆی قەیرانەکانەوە دامەزراندن نەکراوە لەسەرجەم سێکتەرەکان، وەزارەتی پەروەردەش بەدەر نییە لەم قەیرانانە، هەر بۆیە نەتوانراوە بەپێی پێویست مامۆستا دابمەزرێن**

**لە بری دامەزراندن، بڕیار دراوە بە دانانی مامۆستایانی وانەبێژ، بەتایبەتی دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنیات، کە ئامادەکراون لە ئەرکی مامۆستایەتی و پسپۆڕن لە زانیاری و شێوازی وتنەی وانە بە قوتابیان**

- راستە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکارییەکی تەواوی کەرتی پەروەردەی کردووە، بەڵام قەیرانە داراییەکانی ساڵانی ڕابردوو و شەڕی داعش کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە، ئەگەرچی بەپێی ئەو توانا و ئیمکانیاتەی حکومەت هەیبووە لە دروستکردنی بینایەی قوتابخانەدا، دریغی نەکردووە، هاوکات ڕێکخراوە مەدەنییەکان و خەڵکی خێرخواز لەو بارەوە هاتوونەتە پێش، بۆ هاوکاریکردنی حکومەت بە دروستکردنی بینایە بۆ قوتابخانە، لەگەڵ ئەوەشدا ناڵێین ١٠٠٪ قوتابخانە بە پێی پێویست دروست کراون، بەڵکو ئێستاش پێویستمان بە دروستکردنی چەندین باڵەخانەی قوتابخانە هەیە، بەتایبەت لەو گەڕەکە تازانەی ناو شاری هەولێر کە ڕۆژانە ژمارەی دانیشتووانیان لە زیادبووندایە، هاوکات چەندین قوتابخانە هەیە بینایەکانیان کۆنن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، هەندێ بینایەی قوتابخانەشمان هەیە کە زۆر کۆنن و پۆلیان کەمە و ناتوانرێت سوودیان لێ وەربگیرێت، ئەو بینایانەش پێویست بەوە دەکات سەرلەنوێ بە زیادکردنی پۆلەکانیان نۆژەن بکرێنەوە، هاوکات جەنابی سەرۆکی حکومەت بڕیاری داوە بە تەرخانکردنی سێ ملیار دینار، بۆ زیادکردنی پۆل لە هەر قوتابخانەیەك کە پۆلەکانیان کەم بێت.

*** ئایا قوتابخانەی دوو، سێ دەوامی ماوە، ئەگەر ماوە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

- بەڵێ، قوتابخانەی دوو دەوامی زۆرن لە ناو باڵەخانەکانی خوێندن، هەندێکیان یەك دەوامین، کە ئەوانیش قوتابخانە ئامادەییەکانن، لە ناو شاری هەولێر تەنیا یەك قوتابخانەمان سێ دەوامی بوو، ئەمساڵ توانیمان ئەویش نەهێڵین و چارەسەری بکەین، ساڵانە چەندین مامۆستای بەئەزموون خانەنشین دەبن، ئەگەرچی بە هۆی قەیرانەکانەوە دامەزراندن نەکراوە لەسەرجەم سێکتەرەکان، وەزارەتی پەروەردەش بەدەر نییە لەم قەیرانانە، هەر بۆیە نەتوانراوە بەپێی پێویست مامۆستا دابمەزرێن بۆ ناوەندەکانی خوێندن، بەڵام لە بری دامەزراندن، بڕیار دراوە بە دانانی مامۆستایانی وانەبێژ، بەتایبەتی دەرچووی کۆلێژەکانی پەروەردە و پەروەردەی بنیات، کە ئەمانە ئامادەکراون لە ئەرکی مامۆستایەتی و پسپۆڕن لە زانیاری و شێوازی وتنەی وانە بە قوتابیان، لەلایەکی دیکەوە هەوڵ دراوە شوێنی مامۆستایانی خانەنشین بە ڕێکخستنەوەی میلاك لە ناوەندەکانی خوێندن پڕ بکەینەوە.

*** پلان و بەرنامەی ئەمساڵتان بۆ خوێندن چۆنە و ئایا دەتوانین بڵێین بەپێی ستانداردی جیهانییە؟**

- خوێندن لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی سەردەمییانەیە و، بەپێی ستانداردە جیهانییەکان بەڕێوە دەچێت، هەوڵ دراوە هەموو ئەو بنەمایانەی خوێندنی لەسەر بنیاد بنرێت، ناڵێین کەموکووڕی نییە و ئێمە پێویستمان بە هیچ شتێك نییە، بەڵکو پێویستیمان بەتایبەت بە باڵەخانەی قوتابخانە هەیە و، بۆ چارەسەرکردنی ئەو لایەنەش وەزارەتی پەروەردە بە هاوکاریی حکومەت دەستەوەستان نەوەستاوە، بەڵکو گۆڕانکاریی باشی ئەنجام داوە و توانراوە پرۆسەی خوێندن لە سەرجەم هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و بە ستانداردی جیهانی بەڕێوە بچێت.

*** خوێندنی پیشەیی تاچەند توانیویەتی کادیر و کەسانی پێویست بە بازاڕ دروست بکات؟**

- وەزارەتی پەروەردە بە گرنگییەکی تەواوەوە پلانی تایبەتی هەیە بۆ خوێندنی پیشەیی و لە هەوڵی بەردەوامدایە کە بتوانین کادیر و کەسانی بەئەزموون دروست بکەین و بەپێی پێویستی کۆمەڵگە سوودیان هەبێت، ئەمساڵ هەوڵ دراوە ئەو پێداویستییانەی ئامێر و کەلوپەل کە خوێندنی پیشەیی پێویستیان پێیەتی، بۆیان دابین بکرێت، واتە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی خوێندنی پیشەیی بڕە پارەیەکی باش تەرخان کراوە، سالانەش بەپێی ڕێکخراوە جیهانییەکان کار بۆ ئەوە دەدرێت کە خوێندنی پیشەیی بەرەو پێشەوە بچێت، کار لەسەر ئەوە کراوە کە تەواوی پرۆگرامەکانی پیشەیی سەرلەنوێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بەپێی زانست و ستانداردی نوێی جیهان دابڕێژرێتەوە، چونکە هەندێك لە پرۆگرامە پیشەییەکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بەم سەردەمە کۆن بوون و پێویستیان بە گۆڕانکاری



و نوێکاریی سەردەمییانە هەیە، ئێستا بەشی زانستی کۆمپیوتەر لە بەشی پیشەیی زیاد کراوە، کە ئەمەش هۆکارێکە کە کادیری باش و سەرکەوتوو پێدەگەیەنێت، کە لە سەرجەم کایەکانی ژیاندا پێویستیمان پێیان هەیە، کار بۆ ئەوە دەکرێت چەندین بەشی دیکە کە کە لەگەڵ ئەو سەردەمە دەگونجێت، لە خوێندنی پیشەییدا زیاد بکرێت، وەك بەشی گەشتوگوزار، هەر بۆیە وەزارەتی پەروەردە پلان و بەرنامەیەکی تێروتەسەڵی هەیە بۆ زیادکردن و بەرفرەوانکردنی خوێندنی پیشەیی، بەپێی پێویستی کۆمەڵگە و سەردەمەکە.

*** قوتابخانەی گشتی و ئەهلی جیاوازییان چییە و بۆچی خەڵکانێك لە کەرتی تایبەتدا پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن؟**

- وەزارەتی پەروەردە گرنگییەکی تەواو بە قوتابخانەکانی کەرتی گشتی دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا پاڵپشتیی قوتابخانە ناحکوومییەکانیش دەکات، بەردەوام ئێمە هەوڵ دەدەین کوالێتیی خوێندن لە قوتابخانە حکوومییەکان بەرز بکەینەوە، بە ئەندازەیەك کە پێویست نەکات قوتابی هانا بۆ قوتابخانەی ئەهلی ببات، ڕێگریش نین کە قوتابی ڕوو لە قوتابخانەی ئەهلی بکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئاستی خوێندن لە کەرتی حکوومی زۆر باشترە لە ئەهلی، هەر بۆ نموونە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئەو قوتابیانەی پلەی بەرزیان لە پۆلی ١٢ی ئامادەیی هێناوە، زیاتریان لە قوتابخانە حکوومییەکانن، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنیت کە کوالێتیی خوێندنی حکوومی باشە و مامۆستاکانی بەپێی پێویستن و، سەرجەم بنەماکانی خوێندن لە خوێندنی حکوومی هەیە و ساڵانە یەکەمەکانی پۆلی ١٢ لە قوتابخانە حکوومییەکانن. بۆ خوێندنی ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابیانی خوێندنی ئەهلی ڕوویان لە خوێندنی حکوومی کردووەتەوە، چونکە ئەو پرۆگرام و شێواز و سیستەمەی لە خوێندنی حکوومی پیادە دەکرێت، سەرکەوتوو بووە.

**بۆ خوێندنی ئەمساڵ ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابیانی خوێندنی ئەهلی ڕوویان لە خوێندنی حکوومی کردووەتەوە، چونکە ئەو پرۆگرام و شێواز و سیستەمەی لە خوێندنی حکوومی پیادە دەکرێت، سەرکەوتوو بووە**

# خانمان لە پێشوازیی بەستنی کۆنگرەی ١٤ی پارتیدا خوازیاری پێگەی باشترن



پارتی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ئامادەسازی بۆ بەستنی کۆنگرەی ١٤ دەکات، ئاشکرایە لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ لە شاری بەغدا دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیەندرا و تا ئێستا ١٣ کۆنگرەی بەستووە و دوا کۆنگرە واتا کۆنگرەی ١٣ لە ١١ی١٢ی ٢٠١٠ بە بەشداری زیاتر لە ١٥٠٠ ئەندام لە هەولێر بەسترا. بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەبێت چوار ساڵ جارێك کۆنگرە ببەسترێت، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٠وە کۆنگرەی نەبەستووە و هۆکارەکەشی بۆ شەڕی داعش و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە. لە ئێستادا ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی ١٤ ی پارتی دەکرێت و بڕیارە لە مانگی ١١ ی ئەم ساڵ کۆنگرەکە لە شاری دهۆك بەڕێوە بچێت و تێیدا ٨٠٠ ئەندام ئامادە بن. ئافرەتانیش خوازیاری پێگەی باشتر و پشکی زیاترن و لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان-یشدا ئەو پرسە پتر تاوتوێ دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**کۆنگرەی پارتی دوای نزیکەی دوانزە ساڵ بە بەرگ و بۆن و نوێبوونەوەیەکی دیکەوە دەکرێت و بێگومان ڕۆحی تازە و سەرکردەی گەنج تێیدا دێنە پێشەوە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان دوای سێ چارەکە سەدە لە بەردەوامی، هێشتا وەکو پارتێکی یەکەمی ناو گۆڕەپانی سیاسی دەردەکەوێت و مومارەسەی سیاسی خۆی دەکات و کار لەسەر پرسی نەتەوە و دەوڵەتسازی دەکات**

**هەڵبژاردنی کەسی بەتوانا و شیاو باشترین دەرفەتە بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی ئافرەت لە ناو حزب و لە ناو ڕێکخستنەکاندا و لە ناو کۆمەڵگەشدا**

**دەبێت ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە بە مەسئولییەتەوە دەنگ بە کەسانی شایستە و بە توانا بدەن، کە بتوانن خزمەت بە کوردستان و پارتی بکەن**


حەیات مەجید پەرلەمانتار لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «لە ناو هەموو گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆی عێراق و ناوچەکەدا، پارتی بڕیارێکی گرنگی داوە، ئەویش بڕیاری بەڕێوەبردنی کۆنگرەیە و هاوکات دەڵێت: «هەلبەت بەستنی کۆنگرەی پارتی دوای نزیکەی دوانزە ساڵ بە بەرگ و بۆن و نوێبوونەوەیەکی دیکەوە دەکرێت و بێگومان ڕۆحی تازە و سەرکردەی گەنج تێیدا دێنە پێشەوە.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «پارتی دیموکراتی کورستان دوای سێ چارەکە سەدە لە بەردەوامی، هێشتا وەکو پارتێکی یەکەمی ناو گۆڕەپانی سیاسی دەردەکەوێت و مومارەسەی سیاسی خۆی دەکات و کار لەسەر پرسی نەتەوە و دەوڵەتسازی دەکات.» گوتیشی: «هەموومان چاوەڕێی نوێگەری و نوێبوونەوەی زۆرترین لەناو سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی پارتیدا، بە نموونە کۆمەڵێك گەنج و ئافرەتی بەتوانا بێنە ناو کایەکەوە و خزمەتی پرسی ئافرەت بکەن، کە لای من وەك ئافرەتێك چۆنایەتی گرنگترە لە چەندایەتی، بۆیە دەبێت ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە بە مەسئولییەتەوە دەنگ بە کەسانی شایستە و بە توانا بدەن، کە بتوانن خزمەت بە کوردستان و پارتی بکەن، واتە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن، لەو ئاست و چاوەڕوانییە بن، کە کارامەییان هەیە، نەك چانس، هیوادارم خانمان ئافرەتانی دی تووشی نیگەرانی نەکەن بە دەنگدانیان بە کەسی ناشیاو، بەڵکو هەڵبژاردنی کەسی بەتوانا و شیاو باشترین دەرفەتە بۆ بەرەوپێشچوونی پرسی ئافرەت لە ناو حزب و لە ناو ڕێکخستنەکاندا و لە ناو کۆمەڵگەشدا، دەبێت کەسانی خاوەن بڕیار و بەتوانا بکەینە پێشڕەوی حزب، بەتایبەت ئافرەتی کارامە و کارا».

تەرزە حسێن کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانە و ڕای وایە: «بۆ حزبێکی وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە تەمەنی لە سەرووی ٧٦ ساڵە، بەستنی کۆنگرە قۆناغێکی هەرە گرنگ و چارەنووسسازی ناوخۆی حزبە، چونکە پارتی لە لایەك هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و بەرگریکارێکی سەرسەختی ناسنامەی کوردایەتییە، لە لایەکی دیکەشەوە خاوەن پێگەیەکی بەهێز و فراوانی سیاسی و جەماوەرییە، جگە لەو دەستکەوتە گەورانەی کە لەسەر دەستی پارتی بە دەست هاتوون و ئەرکی پاراستنیان کەوتووەتە سەر شانی پارتی و هەروەها لە خەباتی بەردەوام دایە بۆ گەیشتن بە تەواوی ئامانجەکان.» سەبارەت بە بەستنی کۆنگرەش گوتی: «کۆنگرە پێداچوونەوەیە بە قۆناغی نێوان دوو کۆنگرە و دەستنیشانکردنی خاڵە ئەرینی و نەرێنییژەکان و پێداچوونەوەیە بە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب و ئامانجە دوور و نزیکەکان و، دیراسەتکردنی بۆ دۆخی سیاسی و داڕشتنی نەخشە ڕێگا بۆ قۆناغی داهاتوو، لە کۆتاییشدا بابەتی هەڵبژاردن خاڵێکی هەرە گرنگە کە نوێبوونەوە بە حزب دەبەخشێت. لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی چواردەمان، وەك هەمیشە ڕابەر و سەرۆکمان ڕێزدار مسعود بارزانی داکۆکی لەوە دەکات کە دەبێت ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت، ئەمەش یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکانی ئافرەتانمان کە بارزانیی نەمر هەمیشە داکۆکیکاری بوون». گوتیشی: «لێرەدا خوازیارین ئەم کۆنگرەیە ببێتە مایەی بەرەوپێشچوونی زیاتر و هەنگاونان و دیراسەتکردنی داهاتووی گەلی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە ڕوودەدن، گەشبینیشم لەوەی لەم کۆنگرەیە کۆمەڵێك کادیری گەنج و پێگەیشتوو دێننە پێش و گۆڕانکارییەکی زۆر ڕوو دەدەن لە پەیڕەو و پڕۆگرامی حزب و ئەرك و مافی ئەندام و لایەنگرانی پارتەکەمان و، بەرەوپێشچوونێکی گەورە و دەستکەوتێکی زۆر باشی بۆ تەواوی کادیران دەبێت».

شنیا هۆشیار کارگێڕی لقی هەڵەبجەی (ی،ق،ك)، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «پارتی دیموکراتی کوردستان دروشمی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەی بەرز کردووەتەوە، بێگومان ئەمە دروشمێکی سەردەمییانەیە و لە هەمان کاتدا گرنگ و بایەخداریشە، چونکە سەردەمەکە وادەخوازێت، هاوشانی پێشڤەچوونەکان، خۆگونجاندن و خۆڕێکخستنەوە هەبێت، بەڵام لەمانەش گرنگتر ئەوەیە کە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە پێویستە هەمەلایەن و گشتگیر بێت، بەو مانایەی هەنگاوەکانی گۆڕانکاری چۆن پێویستە ورد و حیساب بۆ کراو بن، ئاوەهاش پێویستە لە بچووکترین پێکهاتە و ئۆرگانەوە تیشکی بخرێتە سەر و هەر ناوەند و ئۆرگانێك قورسایی خۆیی پێ بدرێت، لە گشت تویژ و پێکهاتەکانی حزبدا هەم نوێبوونەوە وەدی بهێنرێت، هەمیش گۆڕانگاری پێویست بە ئاراستەی باشتر بکرێت.» گوتیشی: «ئافرەتان وەك توێژێکی هەرە گرنگی کۆمەڵگە پێویستە لە کاروانی نوێبوونەوە و بەرەوپێشبردندا جێ نەمێنن و جێ نەهێڵدرێن و پشتگوێ نەخرێن، ئاخر ئەمان دەبنە بەردی بناغەی زۆر داهێنان و

سەرکەوتنی دی، ئەگەر وەك پێویست ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و لەگەڵ کاروانەکەدا بایەخیان پێ بدرێت، نوێبوونەوە بە نیسبەت ئافرەتانەوە فرە ڕەهەندە و لە هەمان کاتیشدا تایبەتمەندی خۆی هەیە، لایەنی هەرە گرنگ لەم ئاستەدا نوێکردنەوەی توانا و لێهاتووییەکانی ئافرەتانە، ئەویش بەوەی بتوانرێت ئافرەتی خاوەن توانا و لێهاتوویی بایەخ و پێگەی پێویستی پێ بدرێت و لە هەمان کاتدا تواناکانیشی تاقی بکرێتەوە و چاودێری بکرێت و هەڵبسەنگێندرێت بۆ ئەوەی بزانرێت تاچەند توانای داهێنان و وەگەڕخستنی تواناکانی هەیە، لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕێگەی خول و پێدانی زانیاریی نوێ و هاوچەرخەوە پێویستە پەرە بە تواناکانی ئافرەتان بدرێت، بۆ ئەوەی تەیار بن بە چەکی زانست و مەعریفە و مافەکانی خۆیان و ئەرکەکانیشیان بزانن و بتوانن داکۆکیکارێکی ڕاستەقینە و باش بن بۆ مافەکانیان و دڵسۆز بن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان و فاکتەرێکی بەهێزی پێشخستنی کۆمەڵگەش بن. پێویستە ئافرەتان بە شێوەیەك بایەخیان پێ بدرێت، کە هەست بە بوون و تواناکانی خۆیان بکەن و شانازی بە خۆیانەوە بکەن، هەست بەوە بکەن کە توانا و لێهاتووییەکانیان هۆکاری بەرەوپێشچوونیانە و هەتا زیاتر خۆیان پێ بگەیەنن، باشتر دەتوانن پێش بکەون و پێگەی باشتر بەدەست بێنن.


جا ئەگەر ئەوانە کران کە باسمان کرد، ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی نەوعی لە مەیدانی چالاکیی ئافرەتان و هاتنە پێشەوەی کادری نەوعی و خاوەن بەهرە و داهێنای لە گشت ئاستەکاندا، بەوەش واقیعێك دێتە پێشەوە کە ئافرەتان بە شێوەی ڕاستەقینە دەبنە نمایشکاری توانا و لێهاتووییەکانی خۆیان نەك شتی دی، زەمینەیەکیش ساز دەبێت کە ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاری حزبی و حکوومی و ڕێکخراوەکانیشدا تەعبیری ڕاستەقینە لە نوێنەرایەتیی خودی ئافرەتان بکات و خاوەن دەنگ و سەنگی خۆی بێت، نەك سێبەر و پاشکۆی پیاوان بێت، یان لەبەر هۆکاری لابەلا شوێن و کورسی پێ پڕ کرابێتەوە. جا بۆیە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ئەگەر لە گشت کایەکاندا پێویست بێت، ئەوا لە کایەی خەباتی ئافرەتاندا پێویستتر و پڕبایەخترە، نوێبوونەوەی ڕاستەقینەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی جەوهەری بە ئاراستەی ئەکتیڤبوون و بەرهەمداربوون و دواجاریش پێشخستنی پارتی و بەرنامەی پارتی لە هەموو بوارەکانی دیکە بە گشتی و لە بواری ئافرەتاندا بە تایبەتی».



**حەیات مەجید:**

پەرلەمانتار لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان

**هەمووومان چاوەڕێی نوێگەری و نوێبوونەوەی زۆرترین لەناو سەرکردایەتی و ڕێکخستنەکانی پارتیدا، کۆمەڵێک گەنج و ئافرەتی بەتوانا بێنە ناو کایەکەوە و خزمەتی پرسی ئافرەت بکەن**



**تەرزە حسێن:**

کارگێڕی ناوچەی ناوەندە ئەکادیمییەکانی (پ. د. ك)

**لەگەڵ بەستنی کۆنگرە، وەک هەمیشە ڕابەر و سەرۆکمان ڕێزدار مسعود بارزانی داکۆکی لەوە دەکات کە دەبێت ڕێژەی بەشداریی ئافرەتان لە ٢٥٪ کەمتر نەبێت**



**شنیا هۆشیار:**

کارگێڕی لقی هەڵەبجەی (ی،ق،ك)

**گۆڕانکاری و نوێبوونەوە ئەگەر لە گشت کایەکاندا پێویست بێت، ئەوا لە کایەی خەباتی ئافرەتاندا پێویستتر و پڕبایەخترە**



# لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵی پەیڕەوکردنی پاکێجی ئەنتەرنێتی خێزانی دەدرێت

**بە هۆی ئەو شۆڕشە مەزنەی لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕووی داوە، شەپۆلێکی خێرای ئەنتەرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە جیهان بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕەنگی داوەتەوە، بێ ئەوەی ڕێکاری کۆنترۆڵکردنی بۆ دابندرێت. شارەزایان ڕایان وایە کە هێندەی بە کارهێنانی تەکنەلۆژیا لایەنی ئەرێنی هەیە، هێندەش لایەنی نەرێنی هەیە، هاوکات هۆشداری لە قەدەغەکردن و بلۆککردنی هەندێك ماڵپەڕی نەشیاو دەدرێت کە پەخشکراو و بڵاوکراوەکانیان لەگەڵ نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی نەگونجاوە و دەخوازن پاکێجی ئەنتەرنێتی خێزانی پەیڕەو بکرێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ ئەو بابەتە دەکەن.**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان و دانانی سنووریك بۆ ماڵپەڕە خراپ و نەشیاوەکان، ڕۆژی ٢١ی٨ی٢٠٢٢ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەییدا د. عەبدوڵا مەلا وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندن ناوەڕۆکی بڕیاری (پاکێجی ئەنتەرنێتی خێزانی) کە کۆمەڵێك خاڵی گرنگ لە خۆ دەگرێت بۆ ڕای گشتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیان کردەوە.

وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە نووسراوی ژمارە (٢٣٤٢) لە بەرواری ١٧ی٨ی٢٠٢٢ فەرمانێکی تایبەت بە پاکێجی ئەنتەرنێتی خێزانی دەرکرد و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات، لە پێناو بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی داب و نەریت و ئەخلاقی بەرزی کۆمەڵگەی کوردستانی و ژیانی خێزانی و کەمکردنەوەی لایەنە نەرێنییەکانی ئەنتەرنێت و خراپ بەکارهێنان، بڕیارمان دا، سەرجەم کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت و مۆبایل بواری پاکێجی ئەنتەرنێتی خێزانیان هەبێت.

هاوکات پاکێجەکە ڕێگەیان پێ نەدات لە سووکایەتیکردن بە ئایین و پێغەمبەران و کتێبە ئاسمانییەکان و سەرجەم ئایین و ئایینزاکان و، تێکدانی ئاسایشی پێکەوەژیان و بڵاوکردنەوەی ڕق و کینە و توندوتیژی و، لۆککردنی ماڵپەڕە سێکسییەکان و، کرین و فرۆشتنی چەك و قومار بە هەموو جۆرەکانیەوە و، دراوی ئەلیکترۆنی و هاندان بۆ جگەرە و مادده کحوولییەکان و ماددەی هۆشبەر و توندوتیژیی خێزانی و...هتد.

ئاشنا بابان مامۆستای زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «خزمەتکردن و پاراستنی هاونیشتمانیان و دانیشتووانی وڵات ئەرکێکی سەرەکی و بنەڕەتی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانە، دەرچوونی ئەو بڕیارە تازەیەی حکومەت بە مەبەستی قەدەغەکردنی سایتە نەشیاوەکیان بە تایبەت سایتە سێکسییەکان، بڕیارێك بوو دەبوایا زوتر بدرایا و ئیستاش درەنگ نییە کە کۆنترۆڵ بکرێت و سانسۆرێك بو سنورداركردنیان هەبێت». هاوکات دەڵێت: «بە هۆی ئەو شۆڕشەی لە بواری تەکنەلۆژیادا ڕووی دا و جیهانی کرد بە گوندێکی بچووك بە جۆرێك کە کەسەکان لە یەك نزیك بن لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە هۆکارێکی سەرەکیی کرانەوەی دونیا بوو بە ڕووی یەکتردا، گەیشتنی ئەو شەپۆلە بۆ کوردستان زۆر خێرا و چاوەڕوان نەکراو بوو، لە ماوەیەکی کورت و کەم و خێرادا کوردستانی داگیر کرد، کە دەکرێت بڵێین: ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە

**زۆر شتی ڕۆژانەی پێویست بە کەسەکان لە ڕێگەی تەلەفۆن و ئامێری گەیاندنی ئەنتەرنێتەوەیە، بەڵام دەبێت ئەتەکێت و ڕێکاری بەکارهێنانی بزانرێت، نەک بە هەڕەمەکی و پەرشوبڵاوی بەکار بێت، وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ، کە هۆکارێکی سەرەکیی کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆرە لە هەموو ڕووەیەکەوە**

**لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی بەکارهێنانی هەڕەمەکیی ئەنتەرنێت بووەتە هۆکاری کوشتن و ماڵ تێکدان و سەرلێشێوانی تاکی کۆمەڵگە**

**لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە کاتێک هاوسەنگیی خۆی دەپارێزێ و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تیا بەرقەرار دەبێت، کە ئەو بەهایانەی مۆرکی تایبەتمەندی و شوناس و هێزی یەکگرتووی لێکنەترازانی کۆمەڵایەتی پێ دەبەخشن، بیانپارێزێت**

**هەر لێکخشانێکی کەلتووری و هەر بەکاربردنێکی تەرزی ڕەفتاری کە ناتەریب بێت لەگەڵ بەها ڕەسەنەکانی کوردەواری، بێگومان کاریگەریی نەرێنی و لێکدژی دروست دەکات**

**ئەو پرسی قەدەغەکردنی سایت و پەیجانەی کە لەگەڵ ئاکاری تەندروست و بەهای کوردەواریدا نایەنەوە، پێویستییەکی هەنووکەییە و تا زووتر بکرێت، بێگومان بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەژمارە بۆ بڵاونەبوونەوەی کردەی نابەهایی و نائاکاری**

هیچ ڕێکار و ئامادەکارییەك لەو کاتە نەکرابێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پەیج و سایتانە. بەڵام نەك تەنیا منداڵ، بەڵکو خێزانەکان بە گشتی تووشی ئیدمانی ئەنتەرنێت و مۆبایل بوونەوە. ڕاستە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەموو کاروباری ژیانمان لە ڕێگەی مۆبایل مامەڵە دەکریت، لە نموونەی ناردنی ئیمیل و نامە و دۆکۆمێنت و... هتد. زۆر شتی ڕۆژانەی پێویست بە کەسەکان لە ڕێگەی تەلەفۆن و ئامێری گەیاندنی ئەنتەرنێتەوەیە، بەڵام دەبێت ئەتەکێت و ڕێکاری بەکارهێنانی بزانرێت، نەك بە هەڕەمەکی و پەرشوبڵاوی بەکار بێت، وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێ، کە هۆکارێکی سەرەکیی کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆرە لە هەموو ڕوویەکەوە. بەداخەوە لە ئەنجامی کەمتەرخەمیی بەکارهێنانی هەڕەمەکیی ئەنتەرنێت بووەتە هۆکاری کوشتن و ماڵ تێکدان و سەرلێشێوانی تاکی کۆمەڵگە. هەرە بۆیە ئەو بڕیارە گرنگە، بەڵام چۆنیەتی جێبەجێکردنی گرنگترە. ئایا دەکرێت ئەوە تاکە چارەسەر بێت، یان دەبێت لەگەڵ ئەو بڕیارە کۆمەڵێك ڕێنمایی و زانیاریی زانستی لە ڕێگای قوتابخانە سەرەتاییەکان فێری قوتابیان بکرێت، بە شێوازێك کە فێری بەکارهێنان و مامەڵەی ئەنتەرنێت و ئامێری تەلەفۆن بکرێن، ئاشنا بکرێن کە بە سەرپێچیکردنی یاسا ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە، فێر بکرێن کە ئەو خزمەتگوزاریانەی لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تەلەفۆن بەردەستە بۆ خزمەتی مرۆڤایەتییە، نەك بە پێچەوانەی هۆکارێك بێت بۆ تێکدانی کۆمەڵگە، ئەو کاتە بە چەند خاڵ تەواوکەری یەکتر دەبن.

یەکەم: جێبەجێکردنی یاساکە بە پلەی یەکەم بێت.

دووەم: پێدان و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی گشتی و زانستی لەمەڕ بەکارهێنانی ئامێری تەلەفۆن و ئەنتەرنێت لە پەروەردە و خوێندنی سەرەتاییەکانەوە دەست پێ بکات .

سێیەم: سانسۆرێك بۆ بەرنامەی کەناڵە تیڤییەکان دابنرێت و هەندێك بەرنامە و فیلمی بەسوود پەخش بکرێت، نەك ئەوانەی لە هەندێك کەناڵ هەیە و کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی بۆ سەر بینەری کوردستان هەیە».


ئیبراهیم حاجی زەڵمی خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە کۆمەڵناسی و سەبارت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەمیشە پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگە یەکێك بووە لە بەرپرسیارێتییەکانی تاکەکان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان بە تێکرا، چونکە بەهاکان چوارچێوە بۆکێشی ڕەفتار و دیاریکەری جۆری ئاراستەکردنی تاکەکان بوون.بە شێوازێك کە یەکانگیری کۆمەڵایەتی و هاوسەنگی و ئاسایشی کۆمەڵگە دابینکراو بێت. هەر کۆمەڵگەیەك بۆ پاراستنی خۆی کۆمەڵێك بەهای دیاریکراوی بۆ خۆی داناوە، لە ژێر سایەی ئەو بەهایانەدا یەکەم/ قاڵب و ئاکاری کۆمەڵایەتی پێ دروست کردووە و باشە و خراپەی لەسەر بونیاد نراوە، دواتر تاکەکان لەسەری ڕۆیشتوون و زانیویانە و ناسیویانە کامە باشە لای کۆمەڵگەکەیان و کامە خراپە.

دووەم/ پێوەر و نۆرمێك سازاوە کە لەوێوە چەمکەکانی عەیبە و ڕەوای پێ جیا کراوەتەوە و لەوێوە ئەوەی کە کۆمەلگە پێی عەیبە و ناڕەوا بووبێت، یان ئەوەی ڕەوا و ڕێگەپێدراو و ئۆکەی بۆکراو بووبێت. لە ڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە دەرخواردی تاك کراوە و فێر کراوە. سێیەمیش/ هەر لەژێر سایەی ئەو بەهایانە جۆرێك لە یاسا و ڕێڕەوی ڕەفتاری (چ نەنووسراو وەکوو عورف و چ نووسراو وەکوو یاسا ) بەرقەرار بووە. بێگومان ئەوەی نایاساییە تاوان و لادانە و ئەوەی یاساییە و کاری ڕاستە هەر لەو سۆنگەیەوە دیاری کراون.

لێرەوە ئەرکی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان هەر لە خێزانەوە تا دەوڵەت بەرپرسیاربوونە لەوەی کەچۆن بیانپارێزن و نەهێڵین تیا بچن، چونکە بە تیاچوون، یان کورتهێنانیان ئاسایشی کۆمەڵگە تێك دەچێت، یان پیادەیان بکەن و دەزگاکانی پەروەردە و پێگەیاندن و ڕاگەیاندن و ...هتد، ڕاسپێردراو بوون هەمیشە بۆ مانەوەیان و گواستنەوەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی و دەستاودەستپێکردنیان لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دی.

لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە کاتێك هاوسەنگیی خۆی دەپارێزێ و ئاسایشی کۆمەڵایەتی تیا بەرقەرار دەبێت، کە ئەو بەهایانەی مۆرکی تایبەتمەندی و شوناس و هێزی یەکگرتووی لێکنەترازانی کۆمەڵایەتی پێ دەبەخشن، بیانپارێزێت.

لێرەوە و لەم سۆنگەوە کە تەماشەی کوردەواری دەکەین وەك کۆمەڵگەیەکی گۆشکراو بە بەها ئایینی و ئینسانییەکان، ئەو بەهایانەی کە جەخت لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەکەنەوە و لەلایەك تاکەکانی وەك دەسمایە مرۆییەکەی و لە لایەکەی تریش کەلتوور و نەریت و مەراسیم و ڕێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکانی بە هەمان بەها ڕەنگ کراون و، تا ئەمڕۆش فاکتەرێکی تەواو باش بوون بۆ پارێزگاری لە مانەوەی وەك کوردەواری و لە لاکەی دیکەشەوە، سیمابەخش و زیندوو ڕاگری کەلتوورە ڕەسەنەکەی بووە.



بۆیە هەر لێکخشانێکی کەلتووری و هەر بەکاربردنێکی تەرزی ڕەفتاری کە ناتەریب بێت لەگەڵ بەها ڕەسەنەکانی کوردەواری، بێگومان کاریگەریی نەرێنی و لێکدژی دروست دەکات و هۆکارێك دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی تاوان و لادان و ڕەفتاری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردەواری. بۆیە ئەو پرسی قەدەغەکردنی سایت و پەیجانەی کە لەگەڵ ئاکاری تەندروست و بەهای کوردەواریدا نایەنەوە، پێویستییەکی هەنووکەییە و تا زووتر بکرێت، بێگومان بە هەنگاوێکی ئەرێنی هەژمارە بۆ بڵاونەبوونەوەی کردەی نابەهایی و نائاکاری».

بەهرە حاجی ڕەزا مامۆستای زانکۆیە و ئەویش ڕای وایە: «پێویستیی سەپاندنی سیاسەتی بلۆککردنی سایتە پۆرنۆگرافییەکان، وەك ئەوەی لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان و وڵاتانی دراوسێدا هەیە، دەبێت بە بابەتێکی نیشتمانی، ئایینی، پەروەردەیی، دەروونی و ئابووری بە باشترین شێوە بزانرێت.» هەوکات دەڵێت: «زۆرێك لە وڵاتان پۆرنۆگرافی نەك هەر بە شیاوی نازانن، بەڵکو بە نایاسایی دەزانن، بەو پێیەی ڕێکارەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی جیاوازن، بۆ نموونە ئەمریکا و کەنەدا سانسۆرێکی کەمیان هەیە، یان هیچیان نییە بە هۆی ئەو یاسایانەی کە گەرەنتیی ئازادیی ڕادەربڕین دەکەن و ئەو ڕێگایانەی کە دادگاکان لێکدانەوەیان بۆ دەکەن، ئەو یاسایانەیە و وڵاتان هەن توندترن، هەندێکیان تا ئەو شوێنە دەڕۆن کە سانسۆر، یان قەدەغەکردنی پۆرنۆگرافی لە ئەنتەرنێتدا جێبەجێ دەکەن، کۆریای باکوور بەرزترین ئاستی سانسۆری هەیە و هەموو شتێك کە دەجوولێت، لە دەرەوە، یان لە سەرانسەری وڵات، بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێ نادرێت. چین و ئێران سانسۆری توند دەسەپێنن بەسەر سایتەکانی پۆرن، هەروەها وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی وەك قەتەر، تورکمانستان، تورکیا، پاکستان، عومان، ئێریتریا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ پاراستنی بەها ئیسلامییەکان، سانسۆری توندوتۆڵ دەکەن، بەڵام ڤی پی ئێن زۆرجار دەتوانرێت دەستی پێ بگات.

**گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بلۆککردنی ئەو ماڵپەڕە پۆرنۆگرافییانەی کە ناوەڕۆکی قێزەون و ڕق و توندوتیژی بەرەوپێش دەبەن و کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و منداڵان دروست دەکەن، زۆر پێویستە و دەبێت لە ئێستادا بە پێی یاسا سانسۆری لەسەر دانرێت**


بۆیە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بلۆککردنی ئەو ماڵپەڕە پۆرنۆگرافییانەی کە ناوەڕۆکی قێزەون و ڕق و توندوتیژی بەرەوپێش دەبەن و کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و منداڵان دروست دەکەن، زۆر پێویستە و دەبێت لە ئێستادا بە پێی یاسا سانسۆری لەسەر دانرێت .








# یادی هونەرمەندان و سەرنجێک



فەرهەنگ غەفور

بۆ گوڵانی نووسیوە

زۆرجار لە یادی هونەرمەندانی کۆچکردوودا، کە ئێمە نیاز و مەبەستمان ڕێزنان و بەهەندزانینی خزمەت و هونەرەکەیان بووە، بەڵام لەلایەن هەندێ خەڵکەوە دەکەوینە بەر ڕەخنەی ئەوەی کە هەر یادی مردووان دەکەنەوە، یان وەك ئەو پەند و باڵۆرە کوردییانەی کە هەن و دەڵێن زیندووکوژی مردووپەرستن.

بەر لە چەند ڕۆژێك یادی هونەرمەند (سەلام کۆیی)مان کردەوە و دیسان ئەو ڕەخنە و گلەییەمان هاتەسەر، بۆیە بە پێویستی دەزانم سەرنج و ڕوونکردنەوەیەك بنووسم وەك: یادکردنەوەی هونەرمەندان یادکردنەوەیە لە





پەیام و خزمەتەکەیان و ڕێزگرتنە لە تەمەنێك خزمەتی هونەری وك زیاتریش بۆ ئاسوودەیی دڵی خانەوادە و کەسوکار و هاوڕێ و ئازیزانیانە.

- زۆربەی جار ئەو یادکردنەوانە لەسەر داوای کەسوکاریانە و بۆ ئێمە ناخۆشە دڵیان ڕانەگرین و خۆمانی لێ ببوێرین.

- هەموو ئەو خەڵکەی بە مەراسیم و یادکردنەوەکە ماندوو دەبن و ئیشی بۆ دەکەن، کە هەڵبەتە ماوەیەك کار و ئامادەکاری و ماندووبوونیشی دەوێ، هەمووی خۆبەخشانەدەم و هیچ ئیمتیاز و پاڵپشتییەکی لەگەڵ نییە، نەوەك خوانەخواستە کەسێك گومان لەوە بکات، کە ئەمە بۆ پاداشت و دەسکەوتێك بێت، بەڵکوو هەموو ئەوانەی بە ڕێکلام و چاککردنی هۆڵ و ئامادەکردنی بابەت و بڕگەکانی مەراسیم و هاتوچۆ و هەرچی مەسرووفاتەوە هەیە، خۆبەخشانەیە و، تەنیا بەرزڕاگرتنی یادی ئەو هونەرمەندە و ئاسوودەیی دڵی کەسوکار و هاوڕێیانی نەبێت نیازێکی لەپشتەوە نییە.

- نیازمان وایە و پلانمان داناوە، بۆ لەمەودوا ڕۆژێك وەك (ڕۆژی یادی هونەرمەندان) لە ساڵدا دەستنیشان بکەین و، لەو ڕۆژەدا یادی هەموو هونەرمەندان بێ جیاوازی بکەینەوە و ببێت بە نەریتێکی ساڵانە بۆ یادی هونەرمەندانمان و چالاکییەکی بەرفراوانی بۆ بکەین، بەمەش خۆمان لەو هەموو یادانە دوور دەگرین، کە دەیان هونەرمەندی ئازیز کۆچی دواییان کردووە و هەریەکە و بۆنە و ڕۆژێك و مەراسیمێکی دەوێت، بۆیە هیوادارم ئەم پلانەمان سەر بگرێت و ئەم پێشنیارە جێبەجێ بکرێت.

- ئەم سەرنج و تێبینی و بەرچاوڕوونییانەم بۆ هەموو ئەو دۆست و یار و نەیارانە نووسی، کە چ لە پەرۆشییان ڕەخنە دەگرن، چ لە ئەملا و ئەولا بۆڵەبۆڵ دەکەن، چ بۆ کەسوکاری هونەرمەندانیش، کە گلەیی بکەن لەوەی یاد و مەراسیم بۆ هەندێکیان دەکرێت و بۆ هەندێکیان ناگرێت.

خوای گەورە لە ڕۆحی هەموو هونەرمەندانی کۆچکردوو و لە ئێمە و ئێوەش خۆش بێت.





# (١ تا ٧) هونەر

تاریق کارێزی



به گوێرەی شرۆڤەی فەیلەسووفی جوانناسی فەرەنسی (ئێتیان سۆریو/ ١٨٩٢- ١٩٧٩)، هەر کۆمەڵە خەسڵەتێکی پلەبەندی هەست بزوێن، کە دەکرێت هونەرکارانە گەڵاڵە بکرێن، بۆ نموونە (هێڵ، ڕەنگ، پنت، گۆیکە، ڕووناکی، جووڵە، گۆ کردن، ڕیتمی ڕووت)، دوو جۆر هونەریان لێ دەکەوێتەوە:

یەك: هونەری ناوێنە.

دوو: هونەری وێنە.

لە ڕووی کولتووری باوی گشتییەوە، هونەر لەسەر ئاستی کولتووری جیهاندا، بۆ (٧) جۆر پۆلێن کراوە. من پەیوەست بەو پۆلێنە ڕەخنەم هەیە، ڕیشەی ئەم پۆلێنە بۆ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. بۆ ئەوەی وردتر هونەر پۆلێن بکەین، پێویستە ڕشتە و پۆلێنێکی دیکە بخەینە ڕوو.

بەدەر لە ڕەخنەکەی خۆم، قسەی من لێرەدا، دووبارە کردنەوەی پۆلێنە باوەکەیە. هونەر هەیە ئاوێتەیەکە لە چەندین هونەر، گۆرانی دوو هونەرە (شیعر، مووزیك)، شانۆ گورزەیەك هونەر دەگرێتە خۆ (دەق، نواندن، سەما، ڕەنگسازی، پەیکەرسازی، تەلارسازی، مووزیك).

هونەر، کاری بەرز و دانسقە و پڕ لە جوانییە، کارامەیی و داهێنان لە پاڵ خەیاڵ و ئەندێشە بەرجەستە دەکات. هەر هونەرە بە گوێرەی تایبەتمەندییەکەی، مرۆڤ بە هەستی جۆربەجۆر چێژی لێ وەردەگرێت. هەیە بە چاو، هەیە بە دەست لێدان، هەشە بە گوێ، چێژی لێ وەردەگیرێت. بەرزی و شکۆی دەق یان بەرهەمی هونەر، پەیوەستە بە جوانی و بەرزی و تەوژم و پەیامەکەیەوە.

لە ناوەندی هونەر لە ئاستی جیهاندا، پۆلێنی هونەر بە دەوری حەوتەوانەی (نیگار، پەیکەر، تەلارسازی، شیعر، مووزیك، سەما، سینەما) دا دەخولێتەوە. هونەری حەوتەمی لێ دەربکە، شەشەوانەی هونەر بۆ سەردەمی گریك لە دوایین سەدەکانی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، ئەوان ڕیزبەندی شەشەوانەی هونەریان بەم جۆرە دانا (تەلارسازی، مووزیك، نیگار، پەیکەر، شیعر، سەما). پۆلێنێکی دیکە هەیە، شیعر دەباتە دەرەوەی هونەر، (گۆزەکاری: سیرامیك)ی دەخاتە جێ، ئەمیان وەك یەکێك لە شەشەوانە و حەوتەوانەی هونەر دادەنێت.

فەیلەسووفانی جوانناسی و ڕەخنەگران، ڕشتەکانی هونەر دەخەنە نێو ڕیزبەندییەکەوە، بۆ نموونە هونەرەکان بەم جۆرە دادێت، پۆلێن دەکەن:

یەکەم: هونەری تەلاسازی، پەیوەستە بە نەخشە و دیزاین و دروست کردنی بینا و تەلار، ژینگەیەکی گونجاو بە ژیانی مرۆڤی تێدا بەدی دێت، لەگەڵ ژینگەی دەرەوەش کۆك و سازە.

دووەم: هونەری مووزیك، سروشت سەرچاوەی مووزیکە، بریتییە لە کۆمەڵێك ڕیتم و تۆن و ئاواز، بە گوێرەی پەیژەی مووزیك دابەش دەبێت.

سێیەم: نیگار، بە جووتە ڕەگەزی هێڵ و ڕەنگ گەڵاڵە دەبێت. ئەم هونەرە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ڕایەڵێکی جوانە، تێیدا نیگارکێش مانۆڕی خۆی دەکات.

چوارەم: پەیکەر، ئەم هونەرە بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی کەس و بۆنە و ڕووداوە، بۆ بەخشینی جۆرێك لە بەردەوامی بە کەسایەتی و کەش و شکۆیەك، هاتووەتە کایەوە.

پێنجەم: شیعر، ئەمە بە گوێرەی پۆلێنی دێرین هونەرە. بە بڕوای من شیعر وەك دەقی وێژە پێویستە لە دەرەوەی پۆلێنی هونەردا بێت، ئەگەر لە نێو ئەو پۆلێنەدا مایەوە، ئەوا دەبێت ڕۆمان و چیرۆکیش بچنە نێو ڕیزبەندی پۆلێنی هونەرەوە. ئەمەی گوتم، بەشێکی ڕەخنەکەی منە.

شەشەم: سەما وەك شەشەمین هونەر، خاڵی بە یەك ئاشنا بوونی جەستە و ناخی مرۆڤە، سەما ئەو کاتە بەدی دێت، کە مرۆڤ دەگاتە ئەو پەڕی هەستەوەری و گەردانی ڕۆحەوە.

حەوتەم: پێشتر هەر لە (گوڵان)دا باسی سینەمامان کرد، ئەو هونەری حەوتەمە.

گریك هەوڵیان دا تێکرای هونەرەکان لە یەك بەرهەمدا کۆ بکەنەوە، توانییان بەرهەمی ئەوتۆ گەڵاڵە بکەن کە شیعر، گۆرانی، سەما و مووزیك بگرێتە خۆی، بە نیگاری بەرزیش باگراوندێکیان بۆ دروست کرد. لە سەردەمی نوێدا، سینەما بوو بەو ناوەندەی تێکرای هونەرەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە.

# هۆکاری گەنجێتی توم کروز



تۆم کروز وەك ئەوەی هەمووان دەیناسن، ئەکتەرێکی ئەمریکییە، ئەستێرەیەکە بەرزترین پلە و بەرهەمهێنەری فیلمی ئەمریکییە، بە رۆڵی درەوشاوەی لە فیلمە ئەمریکییەکاندا ناسراوە کە ناوبانگێکی نێودەوڵەتییان بەدەست هێناوە، هەروەها دەستکەوتێکی بێ وێنەی بەدەست هێناوە و پۆستەکانی لە بۆکس ئۆفیسدا هەیە، هەروەها یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە خاوەنی زۆرترین مووچەن، تۆم کروز سەرەڕای ئەوەی تەمەنی ٦٠ ساڵە، بەڵام تا ئێستا بە گەنجی ماوەتەوە بەراورد بە زۆر لە ئەکتەرانی دیکە و توانای هەیە لە فڕۆکە باز بدات و لە بەرزاییەکاندا بەرزبێتەوە، ئەمەش بۆ چەند نهێنییەك دەگەڕێتەوە، لەوانە شێواز و جۆری خواردنی کە هەندێکیان بە کورتی باس دەکەین؟

تۆم کروز هەرگیز خواردنی سورکراوە ناخوات، چونکە هەمیشە تەندروستیی خۆی دەپارێزێت، هەروەها هەمیشە ئەو خواردنانە دەخوات کە لە پلەی گەرمیی نزمدا کوڵاون و، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا کەباب دەخوات، هەروەها هەموو ئەو خۆراکانە دەخوات کە بۆ هەر کەسێك کە تەمەنی لە سەرووی ٥٠ ساڵەوە پێشنیار دەکرێت، کە بریتین لە (ماسی سەلەمون، شوکولاتەی تۆخ، زەنجەفیل، چەوەندەر، برۆکۆلی، زەیتی زەیتون، تەماتە و سپێناخ) کە هەموو ئەمانە بە پێویستی دەزانێت بۆ پاراستنی تەندروستی و گەنجان.

تۆم کروز لەم دواییانەدا ڕێجیمێك پەیڕەو دەکات کە تەنیا ١٢٠٠ کالۆری تێدایە، هەروەها لە کاربۆهیدرات دوور دەکەوێتەوە، چونکە کاربۆهیدراتەکان پیربوون و بەرهەمهێنانی ئەنسۆلین خێراتر دەکات.

کروز بە درێژایی ڕۆژ بڕێکی زۆر خواردنی بچوکی تەندروست دەخوات، وەك بلوبێریی وشککراوە و گوێز، هەروەها خورمای بچووك کە پڕکراوە لە کەرەی فستق و گوێزی هیندی.

شەکر لە کاتی کروزدا قەدەغەیە، چونکە دەبینێت شەکر پیربوون خێراتر دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی هەوکردن و زیان بە کۆلاجینی روخسار دەگەیەنێت و ئەمەش ئەوەیە کە کروز زۆر حەز دەکات لێی دوور بکەوێتەوە.



# لە مێژووی سینەمای میسریدا هێند سەبری لە لیستی خاوەن زۆرترین داهاتە

هێند سەبری ئەستێرەی ناسراوی تونسی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە لە دواییین فیلمی «کیرا والجن» بەدەست هێناوە، کە بەردەوامە لە کۆکردنەوەی داهات و تا ئێستا بەربەستی ١٠٦ ملیۆن جونەیهی میسریی تێپەڕاندووە.

بەم شێوەیە، هێند سەبری بە فیلمەکانی دەبێتە یەکێك لەو ئەستێرانەی لیستی دە فیلمی زۆرترین داهات لە مێژووی سینەمای میسردا، هەردوو فیلمی (کیرا والجن و فیل الازرق) کە داهاتەکانیان لە ١١٤ ملیۆن جونەیهی میسرییە، هاوکات فیلمی کۆریدۆر کە داهاتەکەی لە ٨٠ ملیۆن نزیك بووەوە.

هێند سەبری لە کۆمێنتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە خۆشحاڵە بە ئامادەبوونی لە سێ فیلمی گرنگ و گەورەدا و ئەوەش لە مێژووی سینەمای میسری و عەرەبیدا تەمەنێکی درێژ دەبێت، هیند خۆشحاڵیی خۆی بە کارەکە دەربڕی و پێی وایە کە سینەمای میسر دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی پاڵەوانێتییە بەکۆمەڵە گەورەکان، هەروەها داهاتێکی زۆریشی بەدەست هێناوە، لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەدا کە ئەم داهاتانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی میسری و عەرەبەکان بینەری زۆر هۆشیارن و سینەمایان خۆش دەوێت، هەرچەندە ماوەی فیلمەکە گەیشتە سێ کاتژمێر، بەڵام ئەو هەموو ئەم سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەست هێنا.

لەم فیلمەدا، کەریم عەبدول عەزیز و ئەحمەد عزز، بەشدارن و لە دەرهێنانی مەروان حەمەدە، ئەمەش چوارەمین کاری هاوبەشیانە دوای فیلمی (عمارە یعقوبیان، ئیبراهیم الابیض و الفیل الازرق) و دووەم فیلمە کە سیناریۆکەی لەلایەن ئەحمەد موراد نووسراوە.



### ئاسیا عەزیز
یاریزانی گۆرەپان و مەیدانی یانەی سیروانی نوێ:

# یاریزانەکانی کوردستان هەمیشە پێشەنگن و ئەنجامی باشیان بەدەستە

پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان هەمووکات بەوە ناسراوە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بگرە لە عێراقیش، یانەی سیروانی نوێیش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی ئاستەکانی تەمەنی داوە بۆ شارەکە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (ئاسیا عەزیز)ـە کە ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، بەتایبەت لە یاریی هاویشتنی رم بەشدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و ژمارەی پێوانەییە لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی وکوردستان و عێراق و، بگرە وڵاتانی ئاسیاش خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، ئاسیا لە دایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی شاری سلێمانییە و بۆ هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێی و هەڵبژاردەی عێراق یاریی کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

***ماوەیەکی زۆرە لە ناو یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانیت، ئەم یارییە چی پێ بەخشیویت؟**
- ماوەی حەوت ساڵە یاری گۆڕەپان و مەیدان دەکەم، ئەم یارییە زۆر شتی پێ بەخشیوم لە ماددی و مەعنەوی، و هۆکاری دڵخۆشیی منە.
***بۆچی یاریی گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**
-سەرەتا کە تێکەڵی وەرزش بووم باش نەمدەزانی گۆڕەپان و مەیدان چییە، بەڵام ئێستا دەزانم کە باشترین وەرزشم هەڵبژاردووە.
***هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە؟**
-ڕاستە یارییەکی قورسە و بە زۆر کەس ناکرێت، بەڵام شکور بۆ خودای گەورە من توانیم خۆم زۆر بە باشیی بگونجێم لەگەڵی و توانیم تێیدا زۆر سەرکەوتووبم.
*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان چۆن دەبینی لە کوردستان بە شێوەیەکی گشتی؟**
-بەداخەوە یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە کوردستاندا زۆر لاوازە، یاریزانی زۆر باشی گۆڕەپان و مەیدان هەیە لە کوردستان، بەڵام هۆکاری لاوازییەکەی نەبوونی پاڵەوانێتییەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای دڵخۆشییە هەمیشە یاریزانەکانی کوردستان پێشەنگن لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە و عێراق کە تێیدا ئەنجامەکانیان باشە.
***پێت باشە چی بکرێت، بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**
-پێویستە پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە تا یاریی گۆڕەپان و مەیدان بەرەوپێش بچێت، کە پاڵەوانێتی هەبێت دەبێتە هۆی ئەوەی یاریزان ڕوو لە زیادبوون بکات و ئەو کات دەبینی ئەم یارییە چۆن دەگاتە ئاستێکی باش.
***خەونت لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان چییە؟**
-خەونی من لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان و هەڵدانی ڕمدا شکاندنی ژمارەی پێوانەییە لە پێشکەوتوانی عێراق و بەدەستهێنانی مەدالیای دەرەوەیە.
***چۆن بوو پێشتر یانەی پێشمەرگەت هەڵبژارد؟**
-لە ڕێگەی هەردوو بەڕێزان مامۆستا شۆخان و مامۆستا شەمام یانەی پێشمەرگەم هەڵبژارد، بۆ ماوەی شەش ساڵ بەردەوام بووم و دواتر چوومە یانەی سیروانی نوێ و هەر لەوێ بەردەوامم.
*** باشترین ئەنجامە باشەکانت چین وەکو یاریزانێک ؟**
-چەندین ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و پلەی سێیەم لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، لە تونس و ژمارەی پێوانەیی لە سەر ئاستی کوردستان و لە ئاستی سلێمانیش لە هەڵدانی ڕم لە سەر ئاستی پەروەردەکانی سلێمانیش خاوەن ژمارەی پێوانەییم، لەسەر ئاستی لاوانی عێراقی خاوەنی ریکۆردم و لە پاڵەوانێتی میسر پلەی چوارەمم بەدەست هێناوە.
*** جگە لە گۆڕەپان و مەیدان هیچ یارییەکی دیکەت ئەنجام داوە؟**
-نەخێر هیچ یارییەکی دیکەم ئەنجام نەداوە.
***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**
-ئاواتی من ئەوەیە کە یاریی گۆڕەپان و مەیدان ڕوو لە زیاد بوون بکات و بەرەو ئەنجامی زۆر باش بڕوات.
***بیرت لەوە نەکردووەتەوە لە بواری ڕاهێنەریدا کار بکەیت؟**
- لە ئێستادا نەخێر، بەڵام لە داهاتوودا ئەگەرێکی هەیە ڕوولەم بوارە بکەم.
***هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە؟**
-نەخێر هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە.
*** خێزانەکەت تا چەند هاوکارتن ؟**
-زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هەمیشە پاڵپشتیم دەکەن و هاوکارمن، ئەگەر ئەوان نەبوونایە نەدەگەیشتم بەو ئەنجامە باشانە، بە تایبەت دایك و باوکم.
***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**
-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامەی لە بواری وەرزشیی دەیکات، سوپاسی دکتۆر ئەحمەد بەهادین ڕاهێنەری پێشووم و ڕاهێنەری ئێستام مامۆستا شەمام کە هەمیشە هاوکار وپاڵپشتنن سوپاس بۆ یانەی سیروانی نوێش.



# دۆسیەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ سەریهەڵداوە




دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی، کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی مانچستەر یۆنایتد تێیدا تۆمەتبار کرابوو جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە لە کاتێکدا نزیکەی دوو مانگ لەمەوبەر بە تەواوەتی داخرا بوو.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ سەرەڕای ئەو دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی ئەم هاوینە تێیکەوتووە، کە بەهۆیەوە دەنگۆی ڕۆیشتنی لە مان یۆنایتد هەیە، لە ئێستا ڕووبەڕووی تۆمەتی دەستدرێژی سێکسی بووەتەوە لە لایەن کاسرین مایۆرگا خانمە مۆدێلی ئەمریکی.

دادگای لاس ڤێگاس دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی ڕەتکردەوە، کە کاسرین مایۆرگا دژی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ تۆماری کردبوو، کە تێیدا باس لەوە کردبوو لە ساڵی ٢٠٠٩ لە هۆتێلێکی لاس ڤێگاس لەلایەن کریستیانۆ دەستدرێژی کراوەتە سەری.

دادگا بێ تاوانی دۆسیەی دەستدرێژی سێکسی بە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ بەخشیوە، ئەوکات کریستیانۆ لە ڕێگەی پارێزەرەکانی ئەستۆپاکی خۆی سەلماند و ئەو کچە بەوە تاوانبارکرا، کە ویستویەتی خۆی بەناوبانگ بکات.

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، ڕۆژنامەی سەنی بەریتانیا لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو دۆسیەیە سەریهەڵداوەتەوە، دوای ئەوەی مایۆرگا تانەی لە بڕیارەکەی دادگا داوە و داوای تێهەڵچوونەوەی لە بڕیارەکە کردووە، هاوکات پۆلیسی شاری لاس ڤێگاسی ئەمەریکاش داواکارییەکی پێشکەشی دادگا کردووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو دۆسیەیە بکرێت.

لەلای خۆشییەوە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ساڵانێکە بە تەواوەتی تێوەگلانی بەو تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ئەو بابەتە دوورە لە بەها ڕەوشتییەکانی، بەڵام پێگەی بی بی سی بەریتانیا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە پێشتر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ٣٧٥ هەزار دۆلاری داوەتە مایۆرگا بۆ ئەوەی سکاڵایەکەی بکشێنێتەوە و بەبێدەنگی واز لەو بابەتە بهێنێت، بەڵام لە ئێستادا ئەو کچە نمایشکارە ئەمەریکیە دۆسییەکەی زیندووکردووە و داوای ٢٥ ملیۆن دۆلار وەکو قەرەبووکردنەوە لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەکات.

بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی ڕۆژنامەی سەنی بەریتانیا بڵاویکردووە.



# ئیتۆ: بە ئەستەمی نابینم هەڵبژاردەیەکی ئەفریقیا ببێتە پاڵەوانی مۆندیال

سامۆیل ئیتۆ، ئەفسانەی تۆپی پێی کامیرۆنی و ئەفریقیا پێشبینی دەکات هەڵبژاردەیەکی کیشوەرەکەی نازناوی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر بباتەوە، پێیوایە وڵاتەکەی، کە کامیرۆنە یەکێکە لە بەربژێرەکان.
لە مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر، پێنج هەڵبژاردەی ئەفریقیا بەشداری دەکەن، ئەوانیش مەغریب، توونس، غانا، سەنیگال، کامیرۆن.
سامۆیل ئیتۆ، کە پێشتر یاری بۆ یانەکانی ریال مەدرید، بەرشلۆنە، چێلسی، ئەنتەر میلان کردووە و ئێستاش سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کامیرۆنە. لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی TV٣ی غانا، سامۆیل ئیتۆ لە بارەی دەرفەتی بردنەوەی هەڵبژاردەکانی ئەفریقیا بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیالی قەتەر دەڵێت: هیچ بە ئەستەمی نابینم، ئەگەر تیپێکی ئەفریقیا جامی مۆندیالی ٢٠٢٢ بەرزبکاتەوە، چونکە لە کیشوەرەکەی ئێمە چەندان وڵاتی گەورە و نایابمان هەیە لەوانە، سەنیگال، غانا، مەغریب، توونس.
ئیتۆ گوتیشی: ساڵانێك لەمەوبەر هەڵبژاردەی غانامان بینی نزیك بوو لە گەیشتن بە قۆناغی پێش کۆتایی مۆندیال، بۆیە بە نزیکی دەبینم ئەگەر هەڵبژاردەیەکی ئەفریقیا مۆندیال بباتەوە.
لە مێژووی مۆندیال، تەنیا ٣ هەڵبژاردەی ئەفریقیا توانیویانە بگەنە قۆناخی چارەگی کۆتایی مۆندیال، ئەوانیش کامیرۆن لە مۆندیالی ١٩٩٠ی ئیتاڵیا، غانا لە مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیا، سەنیگال لە مۆندیالی ٢٠٠٢ کە بە هاوبەشی لە نێوان ژاپۆن و کۆریای باشوور بەڕێوەچوو.


# کاسیمێرۆ بووە یەکێک لە گرانترین یاریزانە فرۆشراوەکانی خولی ئیسپانیا

کارلۆس کاسێمیرۆ یاریزانی بەرازیلی، کە رووی لە یانەی مانچستەر یۆنایتد کرد، ناوی چووە نێو لیستی گرانترین گرێبەستەکانی فرۆشتن لە مێژووی خولی ئیسپانیادا، دوای ئەوەی لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی بەجێهێشت.
بەپێی راپۆرتێکی نوێ، کە ماڵپەڕی Transfer Market ی جیهانی بڵاویکردووە، نرخی گواستنەوەی کاسێمیرۆ لە یانەی ریال مەدرید بۆ یانەی مانچستەر یۆنایتد بە ٧٠ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ مەزەندە دەکرێت، بەمەش لە پلەی حەوتەمی لیستی گرانترین گرێبەستەکانی رۆیشتنە لە مێژووی خولی ئیسپانیا.
کاسێمیرۆ لەگەڵ ریال مەدرید لە خول و پاڵەوانێتییە جیاوازەکاندا ٣٣٦ یاری کردووە، ٣١ گۆڵی تۆمارکردووە و ٢٩ ئاسیستیشی هەبوو، لە ماوەی ٨ وەرزدا، بەو پێیەی وەرزێکی بەخواستن لەگەڵ یانەی پۆرتۆی پۆرتوگالی بەسەربردووە.
لیستی ١٠ گرانترین گرێبەستی فرۆشتن لە مێژووی خولی ئیسپانیادا بەمشێوەیە:

١ - نەیماری بەرازیلی، لە بەرشلۆنە بۆ پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی، بە بڕی ٢٢٢ ملیۆن یۆرۆ.
٢ - ئەنتوان گریزمان، لە ئەتلتیکۆ مەدرید بۆ بەرشلۆنە، بە بڕی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ.
٣ - کریستیانۆ رۆناڵدۆی پورتوگالی، لە یانەی ریال مەدرید بۆ یۆڤانتوسی ئیتاڵی، بە بڕی ١١٧ ملیۆن یۆرۆ.
٤ - لۆکاس هێرناندێز لە ئەتلتیکۆ مەدرید بۆ بایرن میونیخی ئەڵمانی، بە بڕی ٨٠ ملیۆن یۆرۆ.
٥ - کێپای گۆڵپارێزی ئیسپانی، لە ئەتلتیکۆ بلباو بۆ چێلسی ئینگلیزی، بە بڕی ٨٠ ملیۆن یۆرۆ.
٦ - ئارسەر میلۆی بەرازیلی، لە بەرشلۆنە بۆ یۆڤانتوسی ئیتاڵی، بە بڕی ٧٥ ملیۆن یۆرۆ.
٧ - ئەنخێل دی ماریا ئەرژەنتینی لە ریال مەدرید بۆ مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی، بە بڕی ٧٥ ملیۆن یۆرۆ.
٨ - کاسیمیرۆی بەرازیلی، لە ریال مەدرید بۆ مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزی، بە بڕی ٧٠ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ.
٩ - ئەلڤارۆ مۆراتای ئیسپانی لە ریال مەدرید بۆ چێلسی ئینگلیزی، بە بڕی ٦٦ ملیۆن یۆرۆ.
١٠ - ئێمێریک لاپۆرتی ئیسپانی لە ئەتلتیکۆ بلباو بۆ مانچستەر سیتی ئینگلیزی، بە بڕی ٦٥ ملیۆن یۆرۆ.



# ئارارات گرنگی بە یاریزانی لاو دەدات




کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ئارارات لە ئێستادا دەستی بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپی تۆپی پێی یانەکەش بۆ ئەمساڵ دەیەوێت ڕکابەری لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە بکات و ئیدارەی یانەکەش (عەبدوڵڵا مەحمود)ی بە ڕاهێنەری وەرزی نوێ ڕاگەیاند، لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش سۆران جەوهەر سکرتێری یانەی وەرزشیی ئارارات بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ ئەم ساڵ بڕیارمان داوە تیپێکی تۆکمە و بەهێز دروست بکەین، بۆ ئەوەی بەم تیپە بچینە نێو یارییەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بۆ وەرزی نوێ بەفەرمی عەبدوڵا مەحمود ڕاهێنەری بە ناوبانگی کوردستان سەرپەرشتیی مەشقی یانەکەمان دەکات و متمانەی تەواومان بەم ڕاهێنەرە و ستافەکەی هەیە»، لەبارەی هێنانی یاریزانانیش سۆران جەوهەر گوتی: «بۆ ئەمساڵ زیاتر پشتمان بە یاریزانانی لاوی یانەکەمان بەستووە و متمانەی تەواومان بەم یاریزانانە هەیە، کە بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەین، ئەمساڵ پشکنینی پزیشکیمان ئەنجام داوە لە ڕێگەی ڕاهێنەری جەستەیی یانەکەمان دکتۆر (شاخەوان عارف) بۆ ئەوەی یاریزانەکانمان لەوپەری تەندروستی دابن، ئەوەی لە سەرمان بێت بۆ خزمەت کردنی یانەکەمان ئەنجامی دەدەین و دەستمان بە ئامادەکارییەکانیش کردووە بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێکی خولی کوردستان سەرجەم یاریزانانی یانەکەمان لە ئامادە باشیدان، هەرچەندە ئێمەش وەکو سەرجەم یانەکان بێبەش نیین لە گرفتی دارایی، بەڵام ئەوەی لەتوانامان بێت وەکو ئیدارەی یانەکە بۆ خزمەتکردنی یانەی ئارارات کەمتەرخەمی ناکەین.



## یانەی نەورۆز پشت بە یـــــــ

تیپی تۆپی پێی یانەی نەورزۆ بۆ دووەم ساڵ لەسەر یەك بەشداری یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراقی دەکات، وەرزی ڕابردوو ئاست و ئەنجامەکانی بە دڵی هاندەرانی یانەکە بوو، توانیان ڕکابەریی بەشێك لە یانەکانی بەشداربووی خولەکە بکەن و مانەوەی شایستە لە خولەکە مسۆگەر بکەن، بۆ ئەم وەرزەش یانەکە جارێکی دیکە متمانەی بەخشیتەوە بە (وەلی کەریم)ی ڕاهێنەری وەرزی ڕابردوو، بۆ ئەوەی بتوانێت تیپەکە بباتە قۆناغێکی تازە، لە بارەی ئامادەکارییەکانی یانەکەش (جێگر عەبدوڵا) سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی پێی یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو سەرجەم یانەکانی دیکەی بەشدار بوو لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین تیپێکی تۆکمەی بەهێز دروست بکەین، بۆ ئەوەی بەر لە دەستپێك ئامادە بین و ئاست و ئەنجامان لە وەرزی ڕابردوو باشتر بێت، ئێمە دەمانەوێت تیپێکی باشتر

# ئافرەتانی هەولێر
# چاوەڕوانی دەستپێکی خولی فوتساڵن



هەر چەندە وەرزی ڕابردوو یانەی ئافرەتانی هەولێر توانی نازناوی خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان بهێنێتەوە شاری هەولێر، بۆ ئەم وەرزەش ستافی ڕاهێنەران و یاریزانان لەگەڵ یانەکەی پایتەختی کوردستان بەردەوام دەبن، ئامانجی یانەکە بەردەوام بەرەوپێشچوونی تیپی تۆپی فوتساڵی یانەکە و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە لە سەر ئاستی کوردستان، لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش بۆ وەرزی نوێ (مەزن محەمەد) بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەیە و دانیشتنمان کردووە لەگەڵ ئیدارەی یانەی ئافرەتانی هەولێر و ڕێکەوتووین لەگەڵیان، بەڵام گرفتەکانمان ئەوەیە تاکو ئێستا هیچ بەرپرسێکی حزبی و حکومی ئاوڕێکیان لەو یانەیە نەداوەتەوە، بارێکی قورس لەسەر سەرۆك و سەرپەرشتیاری تیپەکەیە، تاکو ئێستا یەکێك نەهاتووە پشتگیرییان بکات بۆ ئەوەی گرێبەستەکان ڕێك بخەنەوە، ئێمەش وەکو تیپی فوتساڵ چاوەڕوانی یانەین، جگە لەوەش چاوەڕوانی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستانین، کە تاکو ئێستا چارەنووسی خولی فوتساڵی کوردستانی دیاری نەکردووە، هەموو یاریزانان و ڕاهێنەران چاوەڕانی ئەوانن بۆ مۆرکردنی گر ێبە ستە کا نیا ن ، ئاشکرایە کە تاکو خولەکە دیاری نەکرێت، یاریزانان گرێبەستیان لەگەڵ ناکرێت، ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە، ئەوەی لە توانامان بێت بۆ سەرخستنی تیپەکەمان و ناوی یانەی ئافرەتانی هەولێر ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی بتوانین بەردەوام بین لە ئەنجامە باشەکانمان لەگەڵ ئافرەتانی هەولێر».




## ـــــاریزانانی کورد دەبەستێت

لە وەرزی پار دروست بکەینەوە و بتوانین بەم یاریزانانە ڕکابەریی یانەکانی دیکەی عێراق و کوردستان بکەین»، لەبارەی هێنانی یاریزانانیش جێگر عەبدولڵا گوتی: «لەئێستادا ٣٠ یاریزانمان ریزی تیپەکەیان جێهیشتووە و دەمانەوێت بەم یاریزانانەی خۆمان، کە زۆربەی کوردن، لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانی پیشەگەریش کە دەیانهێنینە ریزی یانەکەمان، ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، متماتەی تەواویشمان بە یاریزانان خۆمان هەیە کە ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکەین کە دەمانەوێ بەدەستی بهێنین»، لەبارەی گرفتەکانی یانەکەش گوتی: «ئێمەش بێبەش نین لە گرفتی دارایی و وەکو سەرجەم یانەکانی دیکە گرفتی دارایمان هەیە، بەڵام سوپاس بۆخودا گرفتەکانمان بەو شێوەیە نییە کە نەتوانین چارەسەریان بکەین، تاکە ئامانجی ئێمە پشتبەستنە بە یاریزانانی کورد، بۆ ئەوەی بتوانین ڕکابەرییەکی سەخت لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی دیکەی عێراقی بکەین».

# قەڵەوی و نەخۆشیی شەکرە




ئەوە راستییەکی پزیشکی زانراوە کە کێشی زیاد، یان قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم زیاد دەکات، راپۆرتە پزیشکییەکان باس لەوە دەکەن کە قەڵەوی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا رێژەی ٨٠-٨٥٪ زیاد دەکات. توێژینەوەکان جەختیان کردووەتەوە کە چەوریی زیادی لەش بەتایبەتی چەوری دەوری سك، وا لە چەورەخانەکان دەکات کە ماددەی کیمیایی تایبەت دەربدەن، کە ئاستی هەوکردن لە لەشدا بەرزدەکەنەوە، ئەم ماددانە دەبنە هۆی دروستبوونی بەرگری دژی هۆرمۆنی ئینسولین Insulin Resistance لە لایەن خانەکانی لەش، واتە ئینسولین ناتوانێت کە بە تەواوی فرمانی خۆی ئەنجام بدات، ئەم حاڵەتەش سیفەتی تایبەتە بە تووشبوون، یان دەستنیشانکردنی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو. لە لایەکی دیکەوە، کێشی زیاد و قەڵەوی هۆکارە بۆ گۆڕینی میتابۆلیزمی چەوری، کە دەبێتە ئەگەری دروستبوونی مۆلیکیولی چەوری بۆ ناو خوێن، کە دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هەستیاریی خانەکانی لەش بۆ هۆرمۆنی ئینسولین، هەروەها لە تیۆرییەکی دیکەدا هاتووە کە قەڵەوی دەبێتە ئەگەری حاڵەتی پێش شەکرە Prediabetes کە گرفتێکی میتابۆلیزمییە و ئەگەری تووشبوون بە حاڵەتی چەسپاوی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم بە توندی بەرزدەکاتەوە.

# باش نەخەوتن ڕێگرە لـ

توێژەرانی ئیسپانی جەختیان کردووەتەوە کە کوالێتیی خەو پەیوەندی بە دابەزاندنی کێشەوە هەیە و گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە خەوی نارێك، یان کەم خەوتن کە شەوانە کەمتر بێت لە شەش کاتژمێر، کاریگەریی نێگەتیڤ دەکاتە سەر دابەزاندنی کێشی لەش، تەنانەت ئەگەر هەنگاوەکانی ریجیمی خۆراك و مەشقی وەرزشی بە بەرنامەی دروستیش ئەنجام بدرێن. ئەوە روونە کە باش نەخەوتن دەبێتە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی لەوکاتەی کە توێژەران هۆکارەکە دەگەڕێننەوە بۆ کاریگەریی کەم خەوی، یان کوالێتیی خراپی خەو لەسەر هۆرمۆنە رێکخەرەکانی ئارەزووی خواردن، بۆنموونە نووستن شەوانە تەنیا بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر، هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی گهلێرین Ghrelin، ئەو هۆرمۆنەی



# هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە ئاوسانی پرۆستات

ئاوسانی سادەی پرۆستات BPH بریتییە لە گەورەبوونی گلاندی پرۆستات تا رادەیەك کە ببێتە ئەگەری گرفت لە کۆئەندامی میزەڕۆدا بە شێوەی زوو میزکردن و شەو بیداربوونەوە بۆ میزکردن لەگەڵ نەمانی توانا بۆ بەتاڵکردنەوەی تەواوی میزڵدان. بە شێوەیەکی ئاسایی زۆربەی پیاوان لە تەمەنی ٦٠ ساڵ و بەسەرەوە تووشی دەبن. ئەگەر چارەسەرکردنی ئاوسانی پرۆستات دوابخرێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەم ئاڵۆزییانە: بەربوونی خوێن لەگەڵ میزدا، هەوکردنی میزەڕۆ، گیرانی رێرەوی میز، تێکدانی میزڵدان و گورچیلەکان، بەردی میزڵدان. هەنگاوەکانی خۆپاراستن یان دواخستنی ئاوسانی پرۆستات بریتین لە: خۆپاراستن لە زیادبوونی کێش و قەڵەوی، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشیی رۆژانە، دوورکەوتنەوە لە جگەرەکێشان، باشترکردنی کوالیتی خەو، خۆراکی هاوسەنگ، پەیڕەوکردنی هەنگاوەکانی خۆپاراستن لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و سووڕان و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. هەروەها پێویستە لەسەر تووشبووان بە ئاوسانی پرۆستات بەمەبەستی سووککردنی نیشانەکان ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر: دوورکەوتنەوە لە دواخستنی هەستی میزکردن چونکە دەبێتە هۆی توندبوونی نیشانەکانی ئاوسانی پرۆستات و زیادبوونی ئەگەری هەوکردنی رێڕەوەکانی میزەڕۆ، دوورکەوتنەوە لە ئەلکهول و بەکارهێنانی چەند دەرمانێك وەکو دژەهیستامینەکان و ئەو دەرمانانەی کە بۆ سووککردنی گیرانی لووت بەکاردەهێنرێن چونکە نیشانەکان توندتر دەکەن.



## ـــــه دابەزاندنی کێشی لەش

کە هەستی برسیبوون پەیدا دەکات، یان ئارەزووی خواردن دەکاتەوە هاوکات لەگەڵ دابەزینی ئاستی هۆرمۆنی لێپتین Leptin، ئەو هۆرمۆنەی کە هەستی تێربوون پەیدادەکات، یان ئارەزووی خواردن کپ دەکات، کەواتە بەشێکی گرنگی بەرنامەی دروستی دابەزاندنی کێشی لەش بریتییە لە خەوێکی دروست بە کوالیێتی باش کە شەوانە لە ٧-٨ کاتژمێر کەمتر نەبێت.

# گێلاس.. میوەیەکی تەندروستییانە

گێلاس Cherries بە وزەیەکی کەمەوە دەوڵەمەندە بە ریشاڵ و ڤیتامینەکانی A، C، K، هەروەها کانزاکانی پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، کالسیۆم، لەگەڵ چەندین ماددەی دژەئۆکسانی وەکو بیتاکارۆتین. سوودە تەندروستییەکانی گێلاس: کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، ڕێگرتن لە شەکەتیی ماسوولکەکان پاش جووڵەی زۆر، یان مەشقی وەرزشی هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازار لەکاتی مەشقی توندا، دابەزاندنی پەستانی خوێن، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش، دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن، بۆیە میوەیەکی گونجاوە بۆ خۆپاراستن و بۆ تووشبووان بە نەخۆشیی شەکرە، کەمکردنەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ لە خوێندا، سووککردنی نیشانەکانی هەوکردنی جومگە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی ئاستی ترشی یوریك Uric acid لە خوێندا، باشترکردنی کوالێتیی خەو، چونکە گێلاس سەرچاوەیە بۆ هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin کە بە هۆرمۆنی هاندانی خەو ناسراوە، باشترکردنی مەزاج و سووککردنی پەستی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئاستی هۆرۆمۆنەکانی سترێس، هەروەها ماددە ئەنتۆسایانینەکان Anthocyanins کە ڕەنگە سوورەکەی گێلاس پێکدێنن، ڕۆڵیان هەیە بۆ باشترکردنی تەندروستی و فرمانەکانی مێشك، بەتایبەتی توانای بیرکردنەوە و یاد.



# جیاوازیی نێوان سەرئێشە و شەقەسەر





سەرئێشە Headache یەکێکە لە باوترین گرفتە تەندروستییەکان، گەلێك کەس سەرئێشەی مامناوەندی و سەخت بە شەقەسەر هەژمار دەکەن، بەڵام دەتوانرێت کە بە چەند خاڵێکی تایبەت لە یەکتر جیابکرێنەوە لەوکاتەی کە تاکە خاڵی لێکچوونی نێوان سەرئێشە و شەقەسەر بریتییە لە ئازاری سەر. شەقەسەر Migraine لەگەڵ گرژەسەرئێشە Tension headache تا ڕادەیەك لەیەك دەچن، بەڵام جیاکردنەوە ودەستنیشانکردنیان کارێکی ئاسانە. ئازاری شەقەسەر زیاتر لایەکی سەر دەگرێتەوە و بە نۆرە دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ ئازار لە چاودا، لەوانەیە نۆرەی شەقەسەر بۆ چەند ڕۆژێك بەردەوام بێت، هەروەها لەکاتی سەرهەڵدانی ئازاری سەردا، لەوانەیە کە چەند نیشانەیەك لە تووشبوودا دەربکەون وەکو: هێڵنج یان ڕشانەوە، سەرسووڕان، هەستیاری بۆ ڕووناکی و دەنگ و بۆن، توندبوونی ئازاری سەر لەگەڵ هەر جووڵەیەکی سادەی فیزیکیدا، هەروەها پێش سەرهەڵدانی ئازاری سەر، تووشبوو دوچاری چەند هەستێکی پێشوەختەی ڕاستەوخۆ Aura دەبێتەوە وەك گرفت لە قسەکردن و گۆڕان لە بینیندا، کەچی گرژەسەرئێشە هەر دوولای سەر دەگرێتەوە و بۆ چەند کاتژمێرێك بەردەوام دەبێت، تووشبوو هەست بە ئازار بە شێوەی ئەڵقە لە دەوری سەر، یان فشار لە هەردوولای سەردا دەکات، کە هاوکاتە لەگەڵ ناڕەحەتی لە ماسوولکەکانی مل و شانەکاندا، هەروەها گرژەسەرئێشە هیچ پەیوەندی بە ڕووناکی و بۆن و دەنگەوە نییە.

# مەترسیی خواردنەوە وزەبەخشەکان

نوێترین راپۆرتی زانستیی کۆمەڵەی ئەمەریکیی نەخۆشییەکانی دڵ AHA سەبارەت بە خواردنەوە، یان شلەمەنییە وزەبەخشەکان Energy drinks جەخت دەکاتەوە کە کاریگەریی نێگەتیف دەکەنە سەر ریتمی لێدانەکانی دڵ و، هاندەرن بۆ بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و خەوزران بە شێوەیەکی بەرچاو، هەروەها پەستی و زووهەڵچوون لەگەڵ کەمبوونەوەی شلەی لەش. خواردنەوەی یەك لیتر لە شلەمەنییە وزەبەخشەکان کە رێژەیەکی بەرزی کافائین لەخۆدەگرن، هۆکارە بۆ شێواندنی ریتمی گرژبوونەوەی سکۆڵەی چەپ و سکۆڵەی راستی دڵ، واتە نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ Arrhyth-mia بە شێوەی خێرابوون، یان سستبوون، یانیش تێکچوونی ریتمی لێدانەکان.
توێژینەوە سویدییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە هۆکاری زیانە لابەلاکانی خواردنەوە وزەبەخشەکان تەنیا ماددەی کافائین نییە، بەڵکو هەمووپێکهاتەکانی دیکەی وەکو شەکر، ترشە ئەمینی تاورایین Taurine، گوارانە Gua-rana، جینسێنگ Ginseng بەیەکەوە لە جۆری جیاوازی خواردنەوە وزەبەخشەکان بەرپرسن لەم زیانە تەندروستییانە، بۆیە پسپۆڕان رێنمایی دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە وزەبەخشەکان دەکەن، بەتایبەتی بۆ منداڵە هەراشەکان و بەساڵاچووان، لەگەڵ کەسانی تووشبووان بە نەخۆشیی دڵ و پەستانی بەرزی خوێن.



# گەشت و گەڕان و تــ

**لەم سەردەمەدا گەشت و گەڕان، چ دووركەوتنەوە لە شار و نیشتمانی خۆت بێ، یان گەشت بكەی بۆ ناو سروشت و چیا و دارستان و ڕووبار، تەكنەلۆژیای نوێ لە گشت بوارێكەوە ئاسانكاری كردووە.**

## پەیوەندی كردن بەبێ هێڵ و مۆبایل

لەگەڵ گروپێك لەگەشتكردندای، لە خاڵێكدا هەمووتان لێكدا دەبڕێن و هەركام بۆ شوێنێك دەڕۆن، لەكاتی وادا مۆبایل بۆ دۆزینەوەی هاوڕێیانی گروپ، مۆبایل باشترین ئامرازە، بەڵام جار هەیە ئەو شوێنەی بۆی دەچن، كێشەی تۆڕی مۆبایلی هەیە و تۆڕ یا هەر نییە یا زۆر لاوازە. بەڵام لە مۆبایلیش باشتر ئامێری GoTenna Mesh، ئامێرێكی بچووك، هەندێك لە فلاش میمۆری گەورەتر. ئامێرەكە لەگەڵ ئەوانەی خاوەنی ئەو ئامێرەن پەیوەندی دادەمەزرێنێ، ئەویش بەبێ هێڵ مۆبایل و ئینتەرنێت و تەنیا لە ڕێگەی سیستەمی GPSەوە دەكرێت بەهۆیەوە لەگەڵ ها و ڕ ێیا نی گروپ پەیوەندی د ا بمه ز ر ینی . مەودای دووریش زۆر گرنگ نییە. لەسەرەتادا لە ڕێگەی سیستەمی بلوتوس LE لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت. دواتر ئەگەر هێڵیش پچڕا لە ڕێگەی سیستەمی GPSەوە دەكرێت شوێنی و جێگات یا پەیام بۆ هاوڕێیانت لە گروپدا بنێری. مەودای بەڕێكردن ٤ مایلە.





## كامێرایەكی بچووكی ئەكشن

لە گەشتدا هیچ شتێك وەك كامێرایەك بۆ هەڵگرتنەوەی بیرەوە و یادگارییەكانی گەشتەكە پێویست نییە. هەرچەندە مۆبایلەكان هەموویان ئەو ئەركەیان كەمكردۆتەوە و ئاسانتریش بەكار دێن لە كامێرا. بەڵام كامێرایەكی ئەكشن كە نیازت بێ ڕاكردن و وەرزشكردن و جوڵەكانیش تۆمار بكا بەبێ ئەوەی كێشەی بۆ بێتە پێش زۆر پێویستە. كامێرای جۆری OCLU كە زۆر بچووكە و دیمەنە جوڵەدارەكان بەبێ تێكچوون دەگرێت لەگەشتدا پێویستە. كامێراكە خۆی ئیدیتۆرێكی تایبەتی تێدایە كە هەڵەكان هەر لەكاتی فیلم هەڵگرتنەوە ناهێڵێ، بۆ نموونە حەزت لێ نییە گرتەیەكی تێدابێ، پێویست بە كۆمپیوتەر ناكات هەر لە سەر شاشەی كامێراكە دەستكاری دەكرێت.

كامێراكە بە كوالیتی 4K وێنە دەگرێت و ٣٠ فریم لەچركەیەكدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. كواڵیتی فیلم هەڵگرتنەوەی فوول ئیچ دییە. خودی كامێراكە ١٢ میگاپیكسلە. سیستەمی GPS ی لەگەڵدایە. هەروەها بە هۆی وای-فای و بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ. كێشی تەنیا سەد گرامە. بە ئاو تێكناچێت و بۆ مەلەكردنیش دەگونجێت.

# تەکنەلۆژیای نوێ

**گەلێك ئامراز و كەرەسەی نوێ هەن تایبەتن بە گەشت و گوزار، ئەوانەی لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین بەشێکن لەو ئامرازە نوێیانەی گەشت کردن.**



## پاوەربانكی جانتای پیاوی ئاسنی

کارتۆنی پیاوی ئاسنی واتە (Iron man) بۆ زۆربەمان، نۆستالۆژیمان دێنێتەوە بیر. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، پاوەربانکێکی بەهێزی لە شێوەی جانتای پیاوی ئاسنی و بەرهەم هێناوە واتە V Armor Suitcase. پاوەربانكێك کە ١٢٠٠٠ وزە لەخۆیدا هەڵدەگرێت. لە یەك کاتدا پێنج ئامێری پێ شەحن دەکرێتەوە.

بۆ گەشت و گەڕان لەناو شاردا رەنگە پاوەربانك زۆر گرنگ نەبێ، بەڵام ئەگەر بتهەوێ لە ناو سروشتدا گەشت بکەی و بۆ چەند رۆژێك لە دارستان و چیادا بمێنیەوە، پاوەربانك لە ریزی هەرە گرنگەکان دێت.

پاوەربانکی V Armor Suitcase لەگەڵ زۆربەی مۆبایل و تەبلێت و کۆنسۆلەکانی یاری و ئامێرەکانی دیکە دەگونجێت. لە سیستەمی USB 5 سوود وەردەگرێت. خێراییە لە شەحنکردنەوەدا. قەوارەکەی هەندێك لە مۆبایلێکی ئاسایی گەورەترە. ستایلەکەی رێك وەك جانتایەکی ئاسنی دەچێت.

## ئینتەرنێت لە هەموو شوێنێکی جیهاندا

هیچ شتێك لە بوونی ئینتەرنێت لە گەشتکردن بۆ وڵاتێکیدا گرنگ نییە، بەتایبەتی ئەگەر زمانی ئەو وڵاتەی بۆی دەچی نەزانی و شارەزای وڵاتەکە نەبی. یەکێك لە گرفتەکانی گەشتکردن ئەوەیە بۆ هەر وڵاتێك دەبێ سیمکارت و هێڵی ئینتەرنێتی ئەو وڵاتەت هەبێ یا لە سیستەمی رۆمینگ سوود وەربگری کە ئەمەش تێچوویەکی زۆری دەوێت.

ئامێری Skyroam Solis ئەو کێشەیەی لە کۆڵ کردۆتەوە، پێویستت بە سیمکارت یا هێڵی هیچ وڵاتێك نییە. هێڵی خێرای G LTE4 هەیە. لە ١٣٠ وڵاتی جیهاندا بەبێ گرفت هێڵی هەیە. لە یەك کاتدا دەکرێت پێنج ئامێری پێوە پەیوەند بدرێت. ئامێرەکە خۆی پا و ە ر با نکێکی بەهێزە و مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەش شەحن دەکاتەوە. رۆژانە ٢٤ کاتژمێر هێڵی بێ سنووری هەیە. جگە لەوەش کامێرایەکی لەسەرە لەکاتی پێویستدا دەکرێت وێنەی پێبگری.





# چاویلکەی دژە خۆر فیلم هەڵدەگرێتەوە

لە گەشتوگەڕاندا بەتایبەتی ئەگەر وەرزی هاوین بێت و لە قەراخ دەریا بی، چاویلکەی تایبەت بە دژە خۆر گرنگی خۆی هەیە. ئەگەر چاویلکە دژە خۆرەکە فیلم هەڵبگرێتەوە ئەوە سوودەکەی چەند قات زیاترە.

سناپ چات ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەی کە تایبەتە بە وێنەگرتن و دەستکاری وێنەکردن، ڤێرژنی دووەمی چاویلکەی دژە خۆری خۆی ختستەڕوو کە فیلمیش هەڵدەگرێتەوە. چاویلکەی سناپ چاتی V2 نە تەنیا سەرنج راکێشە، بگرە چاوەکانیشت لە تیشکی خۆر دەپارێزێت. لەکاتی وێنەگرتندا وێنەکان هاوئاهەنگ دەکات لەگەڵ هەژماری تایبەت بەخۆت لە سناپ چاتدا. لە ڤێرژنی دووەمدا، کامێراکە تەنکتر بوو سەرنج راکێشتر بووە. جگە لە وێنەگرتنیش دەکرێت گرتەی دە چرکەیی فیلمیشی پێ هەڵبگریەوە. تەنانەت لە ژێر ئاویشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. چەند ڕەنگی تایبەتی هەیە. مایکەکەی لە ژێر ئاویشدا دەنگ تۆمار دەکا.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لەکاتی تایب کردندا چەندین لاپەڕەم نووسیبوو، بەڵام لەبیرم چوو saveی بکەم و کۆمپیوتەرەکم کوژایەوە، چۆن فایلە خەزن نەکراوەکەم بدۆزمەوە.

خوێنەری بەڕێز لە ورد ٢٠١٩ بەدواوە، کاتێک ۆرد دەکەیەوە، یەکسەر ئەو فایلە دەکرێتەوە کە پێشووتر خەزنت نەکردووە، بەڵام ئەگەر نەکرایەوە، بچۆ سەر بەشی file و دواتر Manage Document لێبدە و دوای ئەوە چەند فایلێك نیشان دەدا کە بەم دواییە کراونەتەوە، بیانکەوە بێگومان یەکێك لەو فایلانە ئەو فایلەیە کە نەتوانیوە خەزنی بکەی. کاتێك فایلەکەت کردەوە فەرمانی save file لێبدە.

## پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی یاری

یاریکردنی ئەلکترۆنی جا بە چ ئامێرێك بیکەی چێژی تایبەت بەخۆی هەیە. بەڵام لەوە خۆشتر ئەوەیە کە بۆخۆت یاری دروست بکەی و بیدەی بە کەسانی دیکە. دروستکردنی یاری کۆمپیوتەری کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە. زۆربەی یارییە بەهێزەکان هەم بە تیم و گروپی چەند کەسی دروست دەکرێن و هەم تێچوویەکی زۆری دەوێت و کۆمپانیایەك بەرهەمیان دێنێت. ئەگەر دەتەوێ خۆت یاری دروست بکەی، لە پرۆگرامی GameMaker Studio سوود وەربگرە. پێویستی بە پرۆگرام نووسین نییە. هەر ئەوەندە بەسە کە وێنەی جوڵا و دەنگی تایبەت بە پرۆگرامەکە بدەی. ئەوەی تایبەتە بە یاری لەو پرۆگرامەدا هەیە. دەتوانی ژووری تایبەت و شوێنی تایبەت دروست بکەی. بەهۆی پرۆگرامەکە دەتوانی یاری سادەی دو ڕەهەندی و تەنانەت سێ ڕەهەندیش دروست بکەی. پێویستی بە کۆدی تایبەت نییە هەموو شتێك بۆ دروستکردنی یاری ئامادە کراوە.





# درۆن بۆ گەشت و گەڕان

گەر گەشتوگەڕانت بۆ ناو دەریا و چیا و دراستان بێت، بەگشت لەناو سروشت و دیمەنەکاندا گەشت بکەی، ڕەنگە درۆن واتە کوادکۆپتەرێك بۆ وێنەگرتن لە بەرزاییەوە گرنگی خۆی هەبێت. درۆنەکانیش جۆراوجۆرن و بۆ گەشتێکی ئاسایی دەبێت درۆنێك بێت کە کێشی کەم بێت و گرفتێکی ئەوتۆی بۆ شەحن و هەڵگرتن نەبێت.

درۆنی جۆری Mavic 3 کە سەر بە کۆمپانیای DJIیە زۆر گرنگە. کامێرایەکی بەهێزی لەسەرە کە بە هەرچواردەودا دەخولێتەوە. ٢٠ میگاپیکسلە بە کوالیتی 4K فیلم هەڵدەگرێتەوە و زۆمی و نزیککردنەوەی ٢٨ە. خێرایی فیلم هەڵگرتنەوەی ١٢٠ فرێمە لە چرکەیەکدا. لە ڕووناکی کەم و ڕۆژانی تەم و مژیشدا بە باشی فیلم هەڵدەگرێتەوە. خۆی لەسەر دیمەنی جوڵەدار فۆکس دەبێت و بەدوای دیمەنەکە دەکەوێت. سیستەمی دژە لەمپەری تێدایە و لەکاتی تووش بوون بە بەربەستێك خۆی ڕێگاکە دەگۆڕێت. تا ٤٥ خولەك لەهەوادا دەمێنێتەوە و خێراییەکەی ١٠ مایلە لە کاتژمێرێکدا. هەرکاتێك شەحنی تێدا نەما یا گرفتێکی بۆ هاتە پێش، خۆکار دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێك. خۆراگرە لەبەرامبەر بابەیکی بەهێز واتە ٢٧مایل لەکاتژمێرێکدا. بۆ کۆنترۆڵکردن جگە لە ریمۆت کۆنترۆڵ بە سیستەمی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێسیش کۆنترۆڵ دەکرێت.



## ماڵپەڕێک بۆ ناساندنی تەکنەلۆژیای نوێ

لە دونیای ئینتەرنێتدا بە هەزاران ماڵپەڕ هەن بۆ ناساندنی تەکنەلۆژیای سەردەم، یەکێك لە دەستەبژێرەکانی ماڵپەڕەکانی تایبەت بە تەکنەلۆژی ماڵپەڕی Giz-modo.comە. لەو ماڵپەڕەدا دوایین زانیارییەکان لەبارەی سیستەمەکانی وەك ios, android, windows و... تاد تێدایە. هەروەها زانیاری لەبارەی نوێترین تەبلێت، کامێراکان و کۆمپیوتەری نوێ و ئامێرە تەکنەلۆژییە دیجیتاللییەکان دەبیندرێ. نەتەنیا ئەوانە بەڵکو نوێترین زانیاری لەبارەی پرۆگرامە نوێیەکان، یارییە ئەلکترۆنییەکانی تێدایە. هەروەها بەشێکی بۆ فێربوون و فێرکاری تێدایە.





# بتڵێک ئاو دەپاڵێوێت

لە گەشتوگەڕاندا بەتایبەتی گەر لە ناو سروشتدا بگەڕێی و ئەویش سروشتەکە وەك هی کوردستان نەبێت، کێشەی ئاوی خواردنەوە سەرووی هەموو شتێکە، چونکە هەموو ئاوێك شیاوی خواردنەوە نییە و پاك نییە.

بۆ پاڵاوتنی ئاو بتڵێك هەیە بە GRAYL ناسراوە، ئەم بتڵە گشت ئاوێکی ناپاك لە ماوەی ١٥ چرکەدا دەپاڵێوێ. هەر بتڵێك فلتەرێکی تایبەت بە پاڵاوتنی تێدایە کە دەگۆڕدرێت. فلتەرەکە ئاوەکە پاك دەکاتەوە لە ڤایرۆس و باکتری و کانزای قورس و مادەی کیمیایی.

بتڵی ئاوی GRAYL لەو شوێنانەیدا کە ڕووبار هەیە بەڵام دڵنیا نی لەوەی کە ئاوی ڕووبارەکە پاکە زۆر بە سوودە. بتڵێك زیاتر لە سێ پەرداخ دەبات و بەشی ڕۆژێك ئاوی خواردنەوەی تاکە کەسێك دەکات.





# جوانی و ناسکیی گوڵ و گوڵدان لە دیکۆریماڵدا

بەرەو وەرزی خەزانی گەڵای داروبار دەچین، لەو وەرزەدا دار و درەختەکان بە رەنگ زەردیی خۆیان پۆشاکی زەرد و رەنگی خۆرئاوابوون بەو وەرزە دەدەن، ئەوانەی باخچەیان لە ماڵەکەیاندا هەیە، سەراپای باخچەکە بە رەنگی پاییز دادەپۆشرێ، بۆ ئەوانەش کە ماڵەکانیان بێ باخچەن و حەزیش بە گوڵ و گوڵزار دەکەن، دەتوانن گوڵ و گوڵدانی سرووشتی و دەستکرد لە دیکۆری ماڵەکەیاندا بەکار بهێنن، چەند بیرۆکەیەك هەن بۆ دانانی گوڵ و گوڵزار لە ماڵدا، تەنانەت ئەگەر وەرزی پاییزیش بێت، با بۆن و دیمەنی گوڵ و نەمام لە ماڵتدا هەبێت. بیرۆکەی یەکەم: هەوڵ بدە ئەو جۆرە گوڵ و نەمامەت دەست بکەوێت کە هەر چوار وەرزی ساڵ سەوزە و، شوێنێکی دیاریکراوی لە ماڵەکەت بۆ تەرخان بکە، وەك سەر مێزی دانیشتن، یان کۆڕنەکانی دیوارەکانی ماڵ. بیرۆکەی دووەم: دەتوانیت گوڵ و نەمامی پلاستیك و شووشە بەکار بهێنیت، ئەگەرچی جوانیان وەك سرووشتی نییە، بەڵام دەکرێت سوود وەربگرین لە جوانیی ئەو گوڵانە. لە بیرۆکەی سێیەمدا هاتووە، لە بەشێکی بۆشایی، یان بەکارنەهێنراوی ماڵەکەتدا، باخچەیەکی بچووك دروست بکە، بە هێنانی چەند عارەبانەیەك لە خۆڵ، هەروەها چاندنی نەمام و گوڵ تیایدا.





# تێکەڵکردنی شێواز و ستایلی دوو وەرز

بەرەو کۆتایی وەرزی گەرما دەچین، کە لەو وەرزەدا کۆمەڵێك مۆد و ستایلی هەمە چەشن باو بوون، بۆ دوورکەوتنەوە لە گەرما و پۆشینی جلێکی ناوازە لەو کەشەدا، ئەگەرچی گەرمای بەتێنی هاوین نامێنێت، بەڵام مانای ئەوە نییە کە راستەوخۆ لە جلەکانی ئەو وەرزەدا دوور بکەویتەوە و، لەناکاو مۆدێکی دیکە بهێنیتە کایەوە، چونکە بەم جۆرە جوانی لە مودی جلوبەرگت دەردەکەوێت، بەم جۆرە لە نێوان شێوازی پێشوو و تازەتدا تووشی هەڵە دەبیتەوە. نمایشکاری جلوبەرگ (رۆمی ستێگید) دەڵێت: «هێشتا ماوەی پۆشینی جلی کراوە و مۆدی وەرزی گەما ماوە و تا کۆتایی وەرزی پایزیش بەردەوام دەبێت، بەڵام دەکرێت تێکەڵەیەکی نێوان جلەکانی هەردوو وەرزدا بکەیت، بەبێ ئەوەی شێوازی ستایلت بشێوێنیت، وەك ئەوەی تێکەڵیی نێوان مۆدی هەردوو وەرز لە شێوازێکی جلوبەرگدا بهێنیتە کایەوە، بۆ نموونە: دەتوانیت کراسێکی کراوەی وەرزی هاوین لەگەڵ پانتۆڵێکی تەسکی شێوەی بەدی بپۆشیت، کە یەکێکیان مۆدی وەرزی هاوینەیە و ئەوەی دیکەش پایزانە، لەگەڵ چاویلکەیەکی هاوڕەنگی پانتۆڵەکەت، لەگەڵ گۆڕینی کەشەکە بۆ سەرما، دەتوانیت لە جێگەی کراسەکە، بلووزێکی تەنك بپۆشیت و بەم چەشنە ستایلت بە هێواشی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت.


# بازنی لەت و کراوە دەست و مەچەکت دەگەشێننەوە





خشڵەکان لە هەموو وەرزەکان ساڵدا جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانن، مۆدی جوانییان نامرێت و بە زیندوویی دەمێننەوە، ئەو خشڵانەی لە وەرزەکانی هاوین و پاییزدا دەردەکەون، بریتیین لە: ملوانکە و بازن، بەهۆی پۆشینی جلی کراوە و بێ قۆڵ، بازنەکانی دەستت یارمەتیدەرن لە ڕازاوەکردنی دەستەکانت، بەم چەشنە دەتوانیت بازنێکی شیك هەڵبژێریت، بە تایبەت مۆدەکانی بازنی لەت کراو و کراوە سەرنجڕاکێشن. مارکەی مارلی marli مۆدی کلاسیکی لە بازنەکانیدا دیزاین کردووە، کە بە کراوەیی، یان لەتکراو دیارە، مۆدێکی ناسك و سەرنجڕاکێشە، بۆ دەرچوون گونجاوە. ڤان کلیف ئەند ئەرپێلز- Van Cleef & Arpels مۆدێکی بە ناوی بازنی پێرڵی ئامادە کردووە، کە تیرەکەی بازنەییە و ڕەنگی سەوز و شین و سوور و وەنەوشەیی بۆ داناوە. پیاجێ - Piaget مۆدی بازنی پۆسیشنی ئامادەکردووە، کە سێ چارەکی بازنەکە کراوەیە و لەت کراوە، لە ڕەنگی پەمەیی و وردی مووررووی لەسەر بەشی دەرەوەی بازنەکە نەخشاندووە، بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان بریقەدارە و نایابە. بولگاری Bvlgari مۆدی سێپرینتی بازنی ئامادەکردووە، ناسك و ڕازاوە لە ڕەنگی شین و ئەڵماسی نیو کراوە بۆ گەشت شیاوە.





# فیستیڤاڵی گوڵاو بۆ بەرهەمی خۆماڵی و خواردنی کوردەواری بەڕێوە چوو



گرنگیدان بە کولتوور و ڕەسەنایەتیی کوردەواری، یەکێکە لە هەنگاوەکانی برەودان و بەرزراگرتنی دەسترەنگین و بەرهەمی خۆماڵی و کوردەواری کە لە فیستیڤاڵەکان دەبنە مایەی خۆشحاڵیی خەڵك، تەنانەت جەماوەرێکی زۆر لە ڕۆژانی نمایشەکانی کەرەستە و خواردنی کوردەواریدا ئامادە دەبن، بەشێکیان دەیکڕن، یان بە وێنەی یادگاری و سیلفی سناپ دیمەنی فیستیڤاڵەکە جوانتر دەکەن.

فیستیڤاڵی گوڵاو کە تایبەت بوو بە بەرهەمی خۆماڵی و خواردنی کوردەواری، لە پارکی ئازادی لە شاری سلێمانی بە دانانی خواردنی خۆمانە و چەرەز و کفتە و دۆی سارد، شەربەتی مێوژی دەستکردی خۆمانە، گوڵاوی خۆماڵی و چەندین خواردنی دیکەش بەڕێوە چوو، هەروەها جلوبەرگی کوردەواری و ڕەشماڵ و کەپری کوردەواری بەشێکی دیکەی فیستیڤاڵەکە بوون، جێگەی سەرەنجە لەم فیستیڤاڵانەدا خەڵکێکی زۆر ئامادە دەبن و تەنانەت داوا دەکەن فیستیڤاڵی لەم جۆرە بەردەوام بێت، یان بۆ ماوەیەکی زیاتر بمێنێتەوە، چونکە هەستێکی خۆشە کاتێك کە بەشداری لەم جۆرە نمایشەی کەرەستە و خواردنە خۆمانە و کوردەواریانەدا دەکەیت، دەبینیت گوزارشت لە هەست و مێژووی کوردی دەکات.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**











## کراسی بووک لە بەرگی چوکلێت و شۆکۆڵاتەدا

بەرگی چوکلێت و شۆکۆڵاتە هیچ سوودێکی نییە، تەنیا بۆ داپۆشینی چوکلێت و شۆکۆڵاتەکەیە، بەڵام بەلای ئەو پێنج بووکەوە وانییە، بەڵکو توانیویانە ئەو بەرگانە بکەن بە کراسی ڕۆژی زەماوەندییان، ئەو پێنچ بووکە بە سەرکردایەتیی ئافرەتێك بە ناوی (ویندی هیگارتی) تەمەنی (٥٤) ساڵە، کە پێشتر خەونی بەوەوە دەبینی کە لەسەر شێوازی هاوڕێی پێشووی (وێلی واناکا) زەماوەند بکات، کە کراسەکەی وەك کراسی ئاسایی نەبوو، ئەوەی ئەویش لە پەڕی ڕۆژنامە بوو، بەڵام ئەمجارە وێندی هەڵسا بە دروستکردن و دروێنی کراسی بووکێنییەکەی لە بەرگی شۆکۆڵاتە و چوکلێت.



## یۆگا لەسەر تاوەری خەلیفە

ئەوەی بەسەر تاوەری خەلیفە بکەوێت، لە خۆیەوە ترس لە بەرزییەکەی دەیگرێت و ناتوانێت بە تەواوی جووڵە بکات، کچێك لە بەشی سەرەوەی تاوەرەکە یۆگا دەکات، ئەو کچە ناوی (وایۆنا) یە، لەگەڵ وێنەگرە نەترسەکەی (سید هارت قیسالْدس) کە هاوڵاتیی ئەمریکان، لەو کاتەی سەردانی وڵاتی ئیمارات و تاوەری خەلیفە دەکەن، کچەکە خۆی بۆ ناگیرێت و داوای بەرزترین شوێنی ئەو تاوەرە دەکات تاوەکو لەوێوە یۆگا بکات و وێنەشی بگیرێت، ئەوە بوو ئاواتەی هاتە دی و لە بەرزترین شوێنی تاوەری خەلیفە کە ٨٢٨ مەتر بەرزە و ١٦٣ نهۆمە، توانی یۆگا بکات، وێڕای ئەوەی تەنیا وێنەگرەکە خۆی بەستبووەوە، کچەکە توانی چاونەترسانە یۆگای خۆی لە بەرزترین تاوەری جیهاندا بکات.



## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا باس لە خۆپاراستنی میوزیککاران دەکات کە لە کاتی ژەنینی ئامێرەکانیاندا ماسک دەبەستن، کە تەنانەت پەتاکان کۆتاییان هاتووە بەڵام خۆپارێزی بەردەوامە.

## خانووی هەڵواسراو

بیرۆکەی خانووی هەڵواسراو لەلایەن ئەندازیارێکی سویدی بەناوی (فێرم مانۆفاگ) داهێنراوە، کە بریتییە لە دروستکردنی خانووی هەڵواسراو لە لێواری دیوار و شوێنە بەرزەکانی باڵاخانەکان، بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر دەوروبەر هەبێت و شوێنێکیش دەبێت بۆ نیشتەجێبوون، خانووەکە لەسەر رووبەری (٥٠) مەتر دووجار دروست دەکرێت، شێوەی لاکێشە لەخۆ دەگرێت، هەموو بەشەکانی خانوویەکی ئاسایی تێدایە و بۆ کەسێك یان دوو کەس دەگونجێت کە ژیان تیایدا بەسەر ببەن.





## میوزیک

**پایەی یەکەم - First Class**

تراکێکی تازەی کورە راپەری ئەمریکی، جاك هارلۆ، لە ساڵی ٢٠١٥ دەستی بە گۆرانیی راپ کردووە، لە دایکبووی ساڵی١٩٩٨ـە، تراکەکە لە ئەلبوومی Come Home the Kids Miss You لە مانگی ٨ی ٢٠٢٢ کاری تەواو بووە و لە جۆری هیپ هۆپ راپە.

## فیلم

### کۆدی ئیمپراتۆر - Code Emperor




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشی و سیخوڕییە، باس لە ئەندامێکی سیخوڕ دەکات، کە ئەرکێکی پێدەسپێدرێت، تاوەکو چەند سیاسەتوانێك لە گەندەڵی پاك بکاتەوە، هەموو توانای بەکاردەهێنێت، تاوەکو لە ئەرکەکەی سەربکەوێت و تووشی کێشە و گرفتی زۆر دەبێتەوە، فیلمەکە لە ئیسپانیا وێنەی گیراوە و لە مانگی سێ تەواو بووە و لە مانگی هەشت نمایش کراوە، لە دەرهێنانی جۆرگی کۆیرایە، لە لایەن نێت فلیکسەوە پاڵپشتی دارایی کراوە، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و چوار خولەکە، لە نواندنی (ئەلێکساندرا ماسانگاکای، لویس تۆسار، ئارۆن پیپەر، جۆرجینا ئەمۆرۆ، لاوار دۆمینگویز، میگویلی ریلێن).

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

لە رووی پیشەییەوە هەندێك گۆڕانکاری بەربەستت بۆ دروست دەکات، پێویستە خۆت بۆ ئامادە بکەیت، لە رووی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت بەردەوام هەوڵ دەدات لە پێناو سەرکەوتنی پەیوەندییەکەتان و مانەوەی لەگەڵ تۆدا، تۆش بە هەمان شێوەبە بۆ ئەو، راهێنانی وەرزشی دەرونت ئارام دەکاتەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

رەنگە لە رووی پیشەییەوە ئەم ماوەیە هەست بە ئارامی نەکەیت، لەروی سۆزدارییەوە پێویست بە حەوانەوە هەیە، واتە دووركەوتنەوە بۆ ئەوەی کەمێك پەیوەندیتان ئاسایی ببێتەوە، ماندوبوون هۆکارە بۆ تێکدانی تەندروستیت، هەوڵ بدە کەمێك پشوو بدەیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەرگیز ئەرکە گرنگەکانت فەرامۆش مەکە و بزانە چۆن رەفتار لەگەڵ نهێنییەکانی کارەکەت دەکەیت، متمانەکردن بە خۆت و خۆشەویستەکەت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەمو بارودۆخێکدا بگونجێیت، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەوبکە لەپێناو تەندروستییەکی باشتر.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

بەشداریی ئەو چالاکییانە بکە کە دەبێتەهۆی بەرەوپێشچونی کارەکەت، لە رووی سۆزدارییەوە پلان بۆ داهاتوو دابنێ و لە خۆتەوە بڕیار مەدە، بەبێ پرسی پزیشك هیچ دەرمانێك مەخۆ، هەوڵ بدە وەرزش ئەنجام بدەیت لە پێناو پاراستنی ئارامیی دەروونتدا.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەروی پیشەییەوە پێویست بە بیرۆکەی نوێ هەیە، بۆ ئەوەی داهێنانی بکەیت و هەنگاوی گەورە بنێیت، پشتیوانیی خۆشەویستەکەت هاوکاریت دەکات بۆ ئەوەی زیاتر بەهێزبیت، گەڕان لە ناو سرووشتدا کاریگەری لەسەر حەوانەوەی دەروونت هەیە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەرگیز لە شێوازی کارکردنت هەموان ئاگادار مەکەرەوە، چونکە هەریەکێك نهێنی تایبەتی خۆی هەیە، متمانە لە رووی سۆزدارییەوە زۆر گرنگە، بێگومان لە رێگەی راستگۆییەوە دێتەدی، بەردەوام دانیشتن لەسەر کۆمپیوتەر، یان تەلەفیزیۆن، زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێت.

بۆ زانیاریت

## بۆچی هەندێک لە سەوزە و میوەکان خوارن!

ڕەنگە ئەو پرسیارەمان کردبێت کە بۆچی هەندێ لە سەوزە و میوەکان خوارن و ڕاست نین، وەك خەیار و مۆز و ترۆزی و...هتد، وەڵامەکەش بریتییە لەوەی کاتێك ئەو میوانە گەشە دەکەن، بە پێچەوانەی هێزی کێشکردن درێژ و گەورە دەبن، لە ماوەی سەرەتای گەشەکردنیدا سەرەتا بەرەو خوارەوە گەشە دەکەن، بەڵام دواتر دەچەمێتەوە و ڕووەو سەرەوە گەشە دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوەی خۆر لێی بدات.

## ئۆتۆمبێل - Cars

**فلنجە چییە؟**

فلنجە ئەو پارچە گرنگەی ئۆتۆمبێلە کەوا لەگەڵ بانص، یان دیسك بۆ هێواشکردنەوەی ئۆتۆمبێل بەیەکەوە کار دەکەن، کاتێك شۆفێر ئیستۆپ دەکات، بانصەکان دەنوسێن بە فلنجەوە بۆ هێواشبوونەوەی ئۆتۆمبیلەکە.

**چۆن بزانین فلنجەی ئۆتۆمبیلەکەمانە خراپە؟**

کاتێ ئۆتۆمبیل لێدەخوریت، ئەگەر لە ڕێگەی خێرا ئیستۆپت کرد و پایەدری ئیستۆپەکە و سوکانی ئۆتۆمبێلەکەت لەرزین، ئەوا فلنجەی ئۆتۆمبێلەکەت خوارە، دەبێت تۆرنەی بکەی یان بیگۆڕی، چونکە نابێت فلنجە شەپۆل، یان خەتی تێبێت و زبر بێت.

**ئایا فلنجە چەند جار تۆرنە دەکرێت**

هەموو فلنجە یەکی تازە تەنیا دوو بۆ سێ جار تۆرنە دەکرێت، چونکە ئەگەر فلنجە تەنك بێت ئیستۆپ باش ناگرێت و بانص فرێ دەدات لەکاتی ئیستۆپ گرتن لە خێراییدا، یان هەندێك جار دەبێتە هۆی شکانی فلنجەکە لەکاتی ڕۆشتنی خێرادا.

**چۆن فلنجەی ئۆتۆمبیلەکەمان بپارێزین:**


١. لە کاتی گەرمبوونی تەگەری ئۆتۆمبیلدا دەبێ خۆمان لە ئاو پێداکردنی تەگەرەکان و شۆردنیان بپارێزین.

٢.پێویستە لەکاتی گۆڕیندا بانصی کوالێت بەرز دابنێین بۆ ئۆتۆمبێلەکان تا ژیانی خۆمان و سەلامەتیی ئۆتۆمبێلەکەش پارێزراو بێت.



## پەند و وتە

یوسف ئیدریس نوسەری میسری لە دایکبوی ساڵی ١٩٢٧ شاری بایروم و لە ساڵی ١٩٩١ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی بەهێزیی دایك دەڵێت: «ئەو کاتەی کە زانیم باوکم تەنیا قاچێکی هەیە، دایکم هێندە بەلامەوە بەهێز بوو، وەك ئەوەی سێ قاچی هەبێت و خاوەنی ١٠ دەست و ١٠٠ زمان بێت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا جگە لە گەڵای دارەکان، هەروەها گیانداریکیش هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا بیدۆزیتەوە و بزانیت لە کوێیە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لە رووی پیشەییەوە هەنگاوی گەورە دەنێیت و بەربەستەکان تێدەپەڕێنیت، کێشەکان کەڵەکەبوون لەسەر خۆشەویستەکەت، هەربۆیە ئەم ماوەیە کەمتر بایەخت پێ دەدات، گرنگە لێی تێبگەیت، لەروو تەندروستییەوە ڤیتامینەکان پێویستن بۆ جەستەیەکی بەهێز.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

هەوڵ مەدە هیچ کەسێك بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆت بەکار بهێنیت، ڕێککەوتن و تێگەیشتن لە خۆشەویستەکەت یارمەتیدەرە بۆ چالاککردنی پەیوەندییەکانتان، ئەگەر دەتەوێت بحەوێیتەوە باشترە بۆ ماوەیەك پشوو بدەیت و لە جەنجاڵی دوور بکەویتەوە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕێکخستنی کارەکانت لە رووی پیشەییەوە هەنگاوێکی گرنگە بۆ ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتن بدۆزیتەوە، ڕەنگە خۆشەویستەکەت کارێکی بوێرانە بکات لەم ماوەیەدا، گرنگە بتوانیت پشتیوانیی بکەیت، بایەخ بە خواردنی میوە بدە و لە خواردنی قورس و چەور دووربکەوەرەوە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


ڕەنگە لەو شوێنەی کاری تێدا دەکەیت، ڕووبەڕووی کێشەی دارایی ببێتەوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەبێت، لە رووی سۆزدارییەوە گرنگە تێگەیشتن هەبێت، بەهۆی ماندووبوونی زۆرەوە توشی ئازاری جەستەیی دەبیت، بەڵام کاتییە و تێدەپەڕێت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**


لەروی پیشەییەوە ڕەنگە بەرپرسانی کارەکەت زیاتر ئازادت بکەن لە بڕیارەکانتدا، پێویستە تۆش خۆتی بۆ ئامادە بکەیت، ڕووبەڕووبونەوەی ڕۆتینەکان مەرجی سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداریتە، ئەگەر تەندروستیت باش نییە سەردانی پزیشك لەیاد مەکە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**


کێشەی زۆر ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە، بەڵام پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات، چونکە زوو چارەسەر دەبێت، ئەم ماوەیە لایەنی کۆمەڵایەتی و خێزانیت باش نییە، بەڵام هەوڵ بدە لە هەموو بارودۆخێکدا خۆڕاگر بیت، ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە لەپێناو تەندروستیت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly August 29, 2022 Issue,No.1330


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626